لەبڵاوکراوەکانی بەشی ڕاگەیاندن و ڕوناکبیری
مەڵبەندی کەرکوکی (ی . ن . ك)

# نەوت و کورد و کەرکوك

فەرهاد حەمزە محەمەد

٢٠١١



ناوی کتێب : نەوت و کورد و کەرکوك

نووسەر : فەرهاد حەمزە محەمەد

دیزاین : موراد بورهان

تیراژ : (٥٠٠) دانە

چاپ : چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی / کەرکوك ـ ٢٠١١

ئەرکی چاپ : مەڵبەندی دووی ڕێکخستنی کەرکوك

# پێشەكی .

ئەگەر چاوێك بە لاپەرەكانی مێژوودا بخشێنینەوەو بەووردی سەرنج بدەین بڕوا ناكەم لە هیچ سەردەم و كات و شوێنێكدا كانزایەكی سروشتی هەبوبێت بە ئەندازەی نەوت كاریگەری لەسەر رەوشو ژیانی مرۆڤ دانابێت، گەورەترین رۆڵی هەبوبێت لە هێنانی ناخۆشی و چەرمەسەری و برسێتی بۆ خاوەنەكەی، بالآترین جێ پەنجەی هەبوبێت لەدیاری كردنی چارەنوسی گەلان و نەتەوەكانی سەرزەمین، چەندین حوكم و دەسەلآتی لەسەر كورسی هێناوەتە خوارەوە یان كورسی پێشكەش كردوون.

سەبارەت بە گەلی كوردیش لای هەموان ئاشكرایە كە بونی نەوت لەشاری كەركوكدا رۆڵێكی زۆر گرنگی گێڕاوە لە مانەوەی كێشەی كورد بە چارەسەر نەكراوی، هەموو كاتێك نەوت و كەركوك گرێ كوێرەی گفتوگۆكانی سەركردایەتی كورد بووە لەگەڵ حكومەتە یەك لە دوای یەكەكانی عێراقدا. هەموو ئەو گێروگرفتانەی لە كەركوكدا هەنو بوونەتە مایەی سەختكردنی رێگاكانی چارەسەر، سەرچاوەكەی بونی نەوتە لە شارەكەدا، كە لە رۆژگارێكدا بڕبڕەی پشتی ئابوری عێراق بووە. هەرچەندە ئەمڕۆكە نەوتی كەركوك ئەو بایەخە ستراتیجیەی جارانی نەماوە، بەتایبەت دوای دۆزینەوەی ژمارەیەك كێڵگەی نەوت لە هەرێمی كوردستاندا، چونكە ئێستا نەوتی كەركوك نزیكەی لە ١١٪ ی كۆی نەوتی عێراق پێك دەهێنێت، بەلآم ئەوەی ئەمڕۆكە لە كەركوك دەگوزەرێت دەرهاویشتەی سالآنی رابردووە كە رژێمی بەعس بۆ ئەم شارەی بەجێهێشتووە وەك هێنانی سەدان هەزار عەرەب لەباشوری عێراقو ئاوارەكردنی سەدان هەزار خێزانی كورد بۆ دەرەوەی شارەكە.



خوێنەری بەرێز بەداخەوە ئەوەی تێبینی دەكرێت كتێبخانەی كوردی لە بواری نەوتدا زۆر هەژارە، بەو هیوایەی ئەگەر بەشداری كردنم لە دانانی خشتێكیش بێت لەسەر دیواری دەوڵەمەندكردنی كتێبخانەی كوردی لەم بوارەدا، ئەم كتێبە دەخەمە بەر دەستی خوێنەران ئومێدیش دەكەم توانیبێتم بۆشاییەك پڕبكەمەوە، سوپاسی هەمو خوێنەرێكی ئەم كتێبەش دەكەم لە هەر كەموكوڕییەك ئاگادارم بكەنەوە، چونكە هیچ كارێك بێ كەموكوڕی نیەو نابێ ،ئەبراهام لنكۆڵنی سەرۆكی پێشوتری ئەمەریكا دەڵێت ئەوانەی بێ هەڵەن چاكەشیان كەمە.

**فەرهاد حەمزە محەمەد**
**ئەندازیاری جیۆلۆخی لە كۆمپانیای نەوتی باكوور**
**نیسانی٢٠١١**

# کۆمپانیای نەوتی باکور لە دیکۆمینتەکانی بەعسدا

لەو کاتەوەی لە ساڵی ١٩٢٧نەوت لە کەرکوك دۆزرایەوەو کۆمپانیای Ipc (iraq petroleoum company)دامەزرا خەڵکی شاری کەرکوكو دەورو بەرو چەندین شاری تر بەبێ جیاوازی لەو کۆمپانیایەدا دامەزران بێ ئەوەی بەرپرسی سەرەکی کۆمپانیاکە کە ئینگلیز بوون هیچ جیاوازیەکیان لە نێواندا بکەنو بەیەك چاو سەیری دەکرن، شاری کەرکوك بە حوکمی ئەوەی زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە نەتەوەی کوردە بۆیە هەردەم زۆرینەی کارمەندانی ئەو کۆمپانیایە کوردبوون، بەپێ ی ئەو دیکۆمینتیانەی لەبەردەست دان لە ساڵی ١٩٥٧ واتە سەردەمی پاشایەتی رێژەی نەتەوەکان بەم چەشنە بوون:-

(عەرەب ١٪) (کورد ٣٨٪) (تورکمان ١٦٪) (ئاشوری ٤٠٪) (ئینگلیز ٣٪)

بە هۆی بارودۆخی سیاسیەوە کوردستان بە گشتیو کەرکوك بە تایبەتی وردە وردە کورد شارەکانی بەجێ دەهێشتو رووەو شاخ دەرۆیشتنو پەیوەندی یان بە هێزی پێشمەرگەوە دەکرد، کۆمپانیای نەوتیش یەکێك بوو لەو دامو دەزگایانەی کورد پەیتا پەیتا بەجێ ی دەهێشتو دەبوون بە پێشمەرگە هەر بۆ نمونە مامۆستای شاعیر خالد دلێر پێش دەرچوونە دەرەوەی کرێکارێکی کۆمپانیای نەوت بوو، لەبەرامبەر ئەم کەمبوونەوەیەی کورد لە کۆمپانیا نەوت حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بەردەوام رێگەیان والآ کردبوو بۆ هاتنی عەرەب بۆ کەرکوك بە مەبەستی تەعریب کردن، کە ژمارەیەکیان لە کۆمپانیای نەوت دا ئەمەزران.

پێش ١ی حوزەیران ١٩٧٢ کە خۆماڵی کردنی نەوتی تێدا ئەنجام درا حکومەتی بەعس لە دەسەڵاتیدا نەبوو کورد بە زۆر لە کۆمپانیای نەوت دەربکات، بەڵام لەو مێژووە بە داوە ئیتر بەعس ئابوری عێراقی کەوتە ژێر دەستەوەو دەستی کراوە بوو لە ئاست جێ بەجێ کرنی سیاسەتە رەشەکانی بەرامبەر بە کورد.

دوای کۆنترۆڵ کردنی کەرتی نەوتو مسۆگەر کردنی ژمارەیەك کۆمپانیای رۆژهەلاتی ولآتە شیوعی یەکان بۆ پەرەپێدانی نەوتی کەرکوك ئیتر حکومەت لە ڕووی ئابوریەوە کەوتە سەر پێ ی خۆیبۆ دەست وەردان لە دامو دەزگا مەدەنی یەکان، لە یەکەم پەلاماریدا دەستی بۆ کەرتی نەوت بردتا کوردی تێدا نەهێڵێت، لە یەکەم هەنگاویدا لە شوباتی ساڵی ١٩٧٤ دا دەستی



کرد بە گواستنەوەی ژمارەیەك فەرمانبەرو کرێکاری کورد ئەمە لە کاتێکدا بوو هێشتا ماوەی ئاگر بەستی نێوان سەرکردایەتی کوردو حکومەتی بەعس ماوەی چوار ساڵەکەی خۆی تەواو نەکردبوو، هەفتەنامەی برایەتی زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ژمارەی (٢٦)ی رۆژی ١٩٧٤/٢/٧ لەم بارەیەوە نوسیبوویو تیایدا هاتووە:-

(فەرمانێك لە کاربەدەستانی بەرزی دەوڵەتەوە دەرچووە بە گواستنەوەی ١٨ کرێکاری کورد کە لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوك کاردەکەنو بە گوێرەی نوسراوی ژمارە -١- المکتب الخاص أمن ٨/١٢٠ لە ٦ی شوباتی ١٩٧٤ فەرمانەکە دەرکراوە، لەم فەرمانەدا هاتووە کە بەخێرایی ئەو کرێکارانە بگوێزرێنەوە بۆ دەرەوەی پارێزگای کەرکوك، زۆر جێگەی داخە ئەم هەنگاوە لە کاتێکدا دەنرێ کە گفتوگۆ لە نێوان نوێنەرانی پارتیمانو بزوتنەوەی نیشتمانی کورد لە لایەكو حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدا دەکرێ بۆ گەیشتنە چارەسەرێکی پەسەندو جێ بەجێ کردنی بەندەکانی رێکەوتنەکەی ١١ی مارت).

هەر لەو بابەتەدا هاتووە:-

(ئەوەی شایانی باسیش بێت چەند برایەکی نیقابی سەرکردەش لەو لیستەدا ناویان هاتووە وەك شکور مەردان جێگر سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەری نیقابەی نەوتو معادن، کاك جهاد ئیبراهیم ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری نقابی، کاك أنور میرزا سکرتێری دەستەی بەڕێوەبەر، کاك نجم الدین گلی سکرتێری یەکێتی نەقابەکانی کرێکاران لقی کەرکوكو هەندێك ئەندامی لیژنە سەرەکی یەکانی نیقابە).

پرۆسەی دەرکردنی کورد بەردەوام بوو لە بەرامبەریشدا هیچ کوردێك دانەئەمەزرا عەرەبیش بەبێ هیچ مەرجێكو کۆمەڵێك ئیمتیازەوە وەکو پێدانی خانوو لەو کۆمپانیایە وەردەگیرا تا ساڵی ٢٠٠٠ ژمارەی کورد لە کۆی ١٠ هەزار کرێکارو فەرمانبەر تەنها ٩٦ کەسێ لێماوە.

بەعس لە ماوەی حوکم رانی خۆیدا بە تایبەتی ساڵانی نەوەدەکاندا زیاتر چاوی بڕیبوە سەر کۆمپانیای نەوتو سیاسەتێکی تایبەتی تێدا رەچاو دەکرد وا لێرەدا لە رێگەی ژمارەیەك دۆکیۆمینتی ئەو سەردەمەوە سیاسەتی بەعس بەرامبەر هەر نەتەوەیەك شی دەکەینەوە.

کورد

-----------

بەلای بەعسەوە کورد مەترسی دارترین نەتەوەیە لە شاری کەرکوك داو گەورەترین ڕێگرە لەبەردەم سیاسەتی تەعریبدا، بەعس لەو بڕوایەدابوو هەتا کورد لە شاری کەرکوکدا هەبێت بەرژەوەندیەکانی هەر لە مەترسیدا دەبێتو ئیسراحەت ناکات بۆیە بە گوێرەی ئەو بەرنامەیەی دایتابوو نابوایە کورد لە هیچ داموو دەزگایەکی حکومی دابمەزرێت بە تایبەتی نەوت، بەپێ ی ئەو ڕێنمایی یانەی دەینارد هەمیشە هانی پیاوەکانی خۆی دەدا بەهیچ جۆرێك ڕێگە بە دامەزراندنی کورد لە کۆمپانیای نەوت نەدەن.

١-لە ساڵی **١٩٨٩** وەزارەتی نەوت نوسراوێکی ئاراستەی (دیوان الرئاسە) کردووەو داوای لێکردووە هەندێ کورد لە دامەزراوە نەوتیەکاندا دابمەزرێن بە تایبەتی لەو ساڵەدا کە دوای پرۆسەی بەدناوی ئەنفال چالاکی هێزی پێشمەرگە نەمابوو بەعس کۆنترۆڵێ تەواوی کوردستانی کردبو، بەڵام (دیوان الرئاسە) بەم چەشنە وەڵامی وەزارەتی نەوتی داوەتەوە:-

**(عدم الحصول موافقة ديوان الرئاسة على مقترح وزراة النفط بنقل و تعيين الموظفين الاكراد في الموسسات النفطية في محافظة التاميم)**


حزب البعث العربي الاشتراكي
القطر العراقي
أمة عربية واحدة
ذات رسالة خالدة



٢-لە ١٩٩٣/١٠/١٦ وەزارەتی نەوت بە نوسراوی ژمارە (١٤٠٢) ئاگاداری هەموو دامەزراوە نەوتی یەکانی پارێزگای کەرکوکی کردووتەوە کە نابێت هیچ کەسێك لە دامەزراوەکانیان دابمەزرێنن لە غەیری عەرەبی عەرەبی سەر بەبەعس لە نوسراوەکەدا هاتووە:-

**(عدم تعين اي من العاملين وبأي مستوى ومن عموم المنشات التابعة لكم في محافظة التاميم من غير العرب المحسومي الولاْء ولاى سبب كان).**


جمهورية العراق
وزارة النفط

٣-نوسراوێکی وەزارەتی ناوخۆ بە ژمارە (٢٨١١) لە ٢٠٠٠/٢/١٨ بڕیارێکی (**مجلس قيادة الثورە**)ی بۆ وەزارەتی ناوخۆ ناردووە کە داوا دەکات بەپێ ی پێویستی بارودۆخی ئەمنی

بەڕێوبەری کۆمپانیای نەوت باکور بۆی  هەیە کارمەندێکی کۆمپانیاکە (جگـە لـە عـەرەب) خانەنشین بکات، ئەمەش دەقی بڕیارەکەیە:-

**(قرار رقم ٧٦ باسم الشعب مجلس قيادة الثورة / بناء علي ما اقره اللجنة الامنيـة في وزراة الداخلية واستنادا الى أحكام الفقرة (أ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢٠٠٠/٢/٧ مـا يلـي:- أولا يخـول مـدير شـركة نفط الشمال أومن يخوله صلاحية احالـة المنتـسبين مـن أبنـاء الاقليـات الغـير العربيـة (أكـراد والتركمان) الى التقاعد لما يستوجبه الظروف الامنية).**

**ثانيا: الفقرة اولا اعلاه يشمل الذين اقدموا على تصحيح قومياتهم علـي ضـوء التوجيهـات المركزية.**

**ثالثاَ: يتولى وزير النفط والمالية تنفيذ هذا القرار.**

**رابعاَ: يعمل بهذا القرار من تاريخ ٢٠٠٠/٤/١**

**صدام حسين**

**رئيس مجلس قيادة الثورة**



قـرار رقـم ٧٦

باسـم الـشـعب

مجلس قيادة الثورة

بناءا على ما اقره اللجنة الامنية في وزارة الداخلية • واستنادا الى احكام الفقرة ( أ ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢٠٠٠/٢/٧ مايلي :

اولا : يخول مدير شركة نفط الشمال او من يخوله صلاحية احالة المنتسبين من ابناء الاقليات الغير العربية ( الكرد والتركمان ) الى التقاعد لما يستوجبه الظروف الامنية •

ثانيا : الفقرة اولا اعلاه يشمل الذين اقدموا على تصحيح قومياتهم في ضوء التوجيهات المركزية •

ثالثا : يتولى وزير النفط والمالية تنفيذ هذا القرار •

رابعا : يعمل بهذا القرار من تاريخ ٢٠٠٠/٤/١

صدام حسين

رئيس مجلس قيادة الثورة

٤-لە ساڵی **١٩٨٣** ئەو کاتەی پرۆژەی غازی باکور کرایەوە ژمارەیەکی زۆری دەرچووی کـورد بە تایبەتی ئەوانەی لە خزمەتی سەربازی تەسریح ببـوون داواکـاری دامەزرانـدنیان پێـشکەش کردبوو، هەر بۆیە وەزارەتی نەوت نوسراوێکی ئاراستەی **(مجلس قيـادة الثـورة)** کردبـوو بـە



ژمارە ٢٠٦٤ لە ١٩٨٣/٤/٢٧ داوای لابردنی یاسای ڕێگرتن لە دامەزراندنی کوردی کردبـوو هەروەها داواشی کردبوو ئـەو کوردانـەش دابمـەزرێنرێن کـە داوایـان پێـشکەش کردبـوو بـەو مەرجەی دانیشتووی کەرکوك بن، ئەمەش دەقی نوسراوەکەی وەزارەتی نەوتە:-

**الى مجلس قيادة الثورة/ لجنة شؤون الشمال**

**م/ تعين**

**بالنظر لقرب افتتاح مشروع غـاز الـشمال والمـشاريع النفطيـة الاخـرى في محافظـة التـاميم ولغرض تهيئة الكادر اللازم لتشغيلها ولارسال مجموعة من الخريجين الموزعين مركزيـاً مـن قبل وزراة التخطـيط مـن الاكـراد المـشمولين بقـرار مجلـس قيـادة الثـورة المـرقم ١٥٥٥ في ١٩٨٢/١١/١١ الى وزارتنا، ونظرا لحاجتنا الماسـة الى خـدماتهم نقـترح التفـصيل بالموافقـة على تنـسيب مـا نحتاجـه للعمـل في المحافظـة المـذكورة دون التقيـد بكـونهم مـن القوميـة الكردية والتحفظات السابقة حول تعـين الاكـراد في محافظـة التـأميم في حالـة كـون سـكنهم الحـالي وسـكن عوائلـهم في نفس المحافظـة وذلـك لاحلالهـم محـل العـرب والاجانـب الـذين نستخدمهم حاليا هناك علمـا أننـا سنحـصل موافقـة الجهـات الامنيـة علـى تعيـنهم حـسب الاصول مع التقدير**

**وزير النفط**

**المهندس قاسم أحمد العربي**



الجمهورية العراقية

وزارة النفط
الدائرة العامة ...

العدد/ ٢٠٦٤
التاريخ ٢٧/ ٤/ ١٩٨٢

(سري)

الى/ مكتب نائب الرئيس / لجنة شؤون الشمال

م/ تعيين

وزير النفط
المهندس قاسم احمد العريبي

بەڵام دواتر بە نەرێ وەڵامی ئەم نوسراوە درایەوە

تورکمان

------------

لەسەردەمی پاشایەتیو سەرەتای دۆزینەوەی نەوتەوە تاوەکو ئەمڕۆ ڕێژەی تورکمان لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوکدا هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە وەك خۆی ماوەتەوە، لە هەموو سەردەمەکاندا بەبێ ئاستەنگ تونیویانە دابمەزرێن، لەسەردەمی بەعسدا تورکمان وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ بەلای بەعسەوە بوونیان نەبوو تەنانەت لە ئایدۆلۆجیەتی بەعسدا



نەتەوەیەك بەناوی تورکمانەوە بوونی نەبوو ، ئەوەی لە عێراقدا دادەنیشت تەنها کوردو عەرەب بوو، بەلای تورکمانیشەوە زۆر ئاسایی بوو لە پێناو دامەزراندندا خۆی بکات بەعەرەب، وێڕای ئەمانە بەعس هیچ ڕۆژێك تورکمانی بە مەترسی بۆ سەر بەرژوەندیەکانی نەزانیوە نەخاوەنی ڕێکخراوێکی سیاسی دژ بەبەعس بوو نەخاوەنی هێزێکی چەکداری وەهابوو مەترسی بۆ سەر حکومەت دروست بکات هەر بۆیە لەم ڕوانگەیەوە بە هیچ شێوەیەك ڕێگەی لە دامەزراندنیان نەئەگرت، لە هەمان کاتدا هەولێ ئەدا تورکمان لەناو بۆتەی عەرەبدا بتوێنێتەوە.

١-کاربەدەستە عەرەبەکانی ناو کۆمپانیای نەوت زۆر قینیان لە کارمەندو بەڕێوەبەرو ئەندازیارە تورکمانەکان دەبوەوە هەردەم دەیان ویست لە کۆمپانیاکەیان دوور بخەنەوە تاوەکو تەنها عەرەبی تێدا بمێنێت، هەر بۆیە نوسراوێکی ژێر بەژێریان بۆ وەزارەتی ناوخۆ نوسیوەو داوایان لێ کردوون کە ئەو تورکمانانەی لەناو نەخۆشخانەی نەوتدا کاردەکەن بگوێزرێنەوە دەرەوەی کەرتی نەوت بەڵام وەزارەتی نەوت بەم چەشنە وەڵامیان دەداتەوە:-

**١حصلت موافقة السيد نائب رئيس الجمهورية( رئيس لجنة الشمال) على بقاء الموظفين التركمان ضمن شركة نفط الشمال حاليا**



بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق
وزارة الداخلية
مكتب الوزير

العدد :
/ ١٤ هـ
التاريخ / / ١٩٩٣ م

سري وشخصي وبالظرف المغلق

السيد محافظ التاميم المحترم
م/ نقل موظفين

كتابكم المرقم ١٠٨٧٤/٥ في ٢/٩/ ١٩٩٢
تم مفاتحة سكرتارية لجنة الشمال بموجب كتابنا المرقم ١٠٢١٨
في ٧/٩/ ١٩٩٢ بشأن مضمون كتابكم اعلاه ونشعر
مايلي
حصلت موافقة السيد نائب رئيس الجمهورية رئيس لجنة الشمال
على تعيين الموظفين التركمان ضمن شركة نفط الشمال حاليا
وسيتم توجيه السيد وزير النفط ليتم اجراء النقل الذي
سيتم حسب ما يرد من قبل لجنة الشمال
راجين التفضل بالاطلاع ... مع التقدير

الحاسلات
صورة منه ... مع التقدير

محمود سليمان
م/ وزير الداخلية

٢-له نووسراوێکی پارێزگای کەرکوکدا له ١٩٩٣/٩/٢ داوا له (**مجلس قيادة الثورة**)کراوه هەندێك تورکمان له کۆمپانیای نەوتی باکوور دابمەزرێ، ئەوانیش دەست بەجێ رەزامەندی یان لەسەر دەربریوه ئەوەتا له نوسراوی پارێزگای کەرکوك ژماره ١٠٤٣٤ له ١٩٩٥/١٠/٢٥دا هاتووه : (**حصلت موافقة عضو مجاس قيادة الثورة نائب رئيس الجمهورية الرفيق طه ياسين رمضان المحترم بكتابه المرقم ٨٢٧/٧/٦ في ١٩٩٥/١٠/٤ على تعين مالا يزيد على (١٥٠) مائة وخمسون عنصر فني من القومية التركمانية في المنشئات النفطية في محافظة**



**التاميم على ان يلاحظ الجانب الامني والولاء وان يكون التركيز في ذلك على عوائل الشهداء والحزبيين والاصدقاء من القومية المذكورة).**

دوای پرۆسەی ئازادیش دوای رەوینەوەی هەوری رەشی سەر ئاسمانی شاری کەرکوك کورد نەیتوانی به پێی ئەو زوڵم‌و زۆرەی لێ ی کراوه بچێته ئەو دامەزراوه زیندووەی شارەکەوه بەڵکو بەغدا ئێستاش به پێ ی پێویست کورد دانامەزرێنێ‌و قەرەبووی زیانی رابردووی بۆ ناکاتەوە.

ئەمرۆ دوای هەموو ئەو دەسەلات‌و پۆستانەی له بەغدا هەمانه ژمارەی کورد له کۆی ١٢ هەزار کەس ناگاته٧٥٠ کەس واته ٧٪ ئەمه له کاتێکدایه دانیشتوانی کورد له کەرکوك له نیوه زیاتره.

له دوای پرۆسەی ئازادیشدا نزیکەی ٤١٠٠ کرێکارو فەرمانبەر به شێوەی کاتی دامەزراون که لەم ژمارەیه تەنها ٢٧٥ یان له نەتەوەی کوردن. بەرێوبەری گشتی کۆمپانیای نەوتی باکوور له هەوڵدایه بۆ جێگیرکردنیان ئەوەبوو له یەکەم لیستی جێگیر کردندا که له سەرەتای ساڵی ٢٠١١دا دەرچوو لەکۆی ٥٥٧ کەسدا تەنها ٦٥یان کورد بوون.لەئایندەشدا هەموو ئەو کارمەنده کاتیانه جێگیر دەبن که به زیانێکی گەورەی کورد دەگەرێتەوه.لێرەدا رەوایه ئەو پرسیاره بکرێت ئەبێت لەشارێکی وەك کەرکوك کورد تیایدا دەسەلاتداری سەرەکیه کەچی ئەمه حاڵی بێت له کەرتی نەوتدا؟

# میژووی خەباتی سەندیکایی لەناو کۆمپانیای نەوتی کەرکوك

دوا بەدوای دروست بوونی کۆمپانیای نەوتی عێراق (Ipc) لە بیستەکانی سەدەی رابردوودا و ڕۆژ بە ڕۆژ زیادبوونی ژمارەی کرێکاران گومان لەوەدانیە وورده وورده خەباتی سیاسیش خۆی دەئاخنێتە ڕیزەکانیانەوە.

هەموو کەسێکی شارەزا لە مێژووی عێراق چاك دەزانێت کەسالآنی چلەکانی سەدەی رابردوو حیزبی شیوعی لەو پەڕی هەڵکشاندا بوو شاری عێراق نەمابوو شانەو رێکخستنەکانی تێدا نەچێنن، شوێن نەمابوو ئەندامیانی تێدا نەبێت، بێگومان کۆمپانیای نەوتیش یەکێك بوو لەو شوێنانەو حیزبی شیوعی توانیبووی لە ڕێگەی بانگەشەی چاککردنی گوزەرانی کرێکاران و زیادکردنی مووچەوە خۆی بخزێنێتە نێو ڕیزی کرێکارانەوە، توانیشی سەر بکەوێت لە سازدانی هەندێ خۆپیشاندان و مانگرتن کە بەناوبانگ ترینیان خۆپیشاندانەکەی ساڵی ١٩٤٦ی گاورباغی یە کە ژمارەیەك شەهیدو بریندای لێکەوتەوە، لەو سەردەمەدا چالاکی رێکخراوە ناسیونالیستە کوردی یەکان لەناو کۆمپانیای نەوت لاواز بوو هیچ سەندیکایەکیش بەرەسمی بوونی نەبوو.


توفيق احمد

هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨و هاریکاری کردنی حوکمی تازە لەلایەن شیوعی یەکانەوە ڕێگەی والا کرد کە حیزبی شیوعی بتوانێت بە ئاشکراو بێ سڵەمینەوە لە هەموو فەرمانگەو کۆمپانیاو سوچەو کۆڵانێك رێکخراوی پیشەیی سەر بە حیزبی شیوعی دابمەزرێنێت، سەبارەت بە کۆمپانیای نەوتی کەرکوك لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٨ دا یەکەم تەشکیلەی سەندیکای نەوت بەرەسمی دامەزراو لە ژێر کۆنترۆڵی شیوعی یەکاندا بوو یەکەم سەرۆکی ئەو سەندیکایەش توفیق أحمد بوو، ستافەکە تێکەڵ بوو لە هەمو پێکهاتەکانی کەرکوك، سکرتێری گشتی سەندیکا کابرایەکی مەسیحی بوو بەناوی تۆما تۆماس کە دوواتر ڕووی لە چیا کردو بوو بە پێشمەرگەیەکی شیوعی، ئەو کوردانەی لە ریزی ئەو سەندیکایانە کاریان دەکرد ئەمانە ناوی دیارەکانیانە أحمد حاجی قادر، بها الدین فرج نوێنەری کەرکوك بوو لە سەندیکای گشتی لە بەغدا، محمود حمید، تەلعت گلی، حسیب گلی، فریدون خلیفە، شفیق امین، ڕەمەزان زامدار، کمال حسن کەلەمێرد، أبراهیم عبدالقادر.




بهاء الدين فرج

لە ساڵی ١٩٦١ ماوەی هەنگوینی نێوان حیزبی شیوعی و عبدالکریم قاسم کۆتایی پێهات و حکومەت دەستی کرد بەراوە دونانی ئەندامانی ئەو حیزبە، سەرەنجام سەندیکای نەوتیش لەبەریەك ترازاو هەڵوەشایەوە.

بێگومان ئەو سەندیکایە لە گشت بەشەکانی نەوت بە کەرکوك و شارەکانی ترەوە وەك K2,k3 لیژنەی سەندیکای هەبووە، لە گرنگترین ئەرکەکانی سەندیکا لەو کاتەدا وەستان بوو لە ڕووی کۆمپانیای IPCکە ئینگلیزەکان دەیان برد بەڕێوە، بەردەوام هەوڵیان دەدا مافی زیاتر بۆ کرێکاران بپچڕنەوە، لەو دەست کەوتانەی بەدەستیان هێنا زیادکردنی مووچەی ٥ دینار بوو بو هەر کرێکاێک، هەروەها بەردەوام لە گفتوگۆو دانوستاندا بوون لەگەڵ کۆمپانیاکاندا، جگە لەمە توانیان یاسای بە ئارەزوو دەرکردنی کرێکار هەڵبوەشێننەوەو نەتوانن لە خۆیانەوە کرێکار نانبڕاو بکەن.

دوای هەڵوەشانەوەی تەشکیلەی سەندیکای نەوت هەڵبژاردنێکی تر ئەنجام دراو عەرەبێك بەناوی **(ابو ثامر)** بوو بە سەرۆکی سەندیکا.

لە دوای کودەتای ساڵی ١٩٦٣ سەندیکا لەلایەن ئیشتراکی عەرەبی یەوە کۆنترۆڵ کراو کابرایەکی عەرەب بەناوی (کامل تکریتی) بوو بە سەرۆکی ئەو سەندیکایە.

بە دو لەت بونی پارتی دیموکراتی کوردستان و جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی خەباتی کرێکارانی کورد لە ناو کۆمپانیای نەوتی کەرکوك دەستی پێ کردەوە، لە ساڵی ١٩٦٨ هەڵبژاردنێك بۆ سەندیکای نەوت ئەنجام دراو (أبراهیم حسین کنانی)کە فەرمانبەرێکی عەرەب بوو کرا بە سەرۆکی سەندیکا (نجم الدین گلی)یش بوو بە سکرتێر ، فازل علی کە کرێکارێکی کورد بوو لە ستافی سەندیکا کە بوو.

له سالّی ١٩٧١ دوای یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی پارتی بڕیاردرا یەکێتی سەندیکاکانی کەرکوك دابمەزرێو نجم الدین گلی بوو بە سەرۆکی یەکەمی ئەو سەندیکایە، بینای سەندیکاکەش لە شوێنی ئێستای لقی سێ ی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، هەیکەلی ئیدارەی سەندیکاکە تێکەڵ بوو لە هەموو نەتەوەکان ژمارەشیان حەوت کەس بوو لەوانە فازل عەلی (کورد) ، تورکمانێك بەناوی رەشید، دوو عەرەبیش بەناوەکانی خلیل جبوریو عزالدین حمودی.


نجم الدین گلی


أبراهيم حسين كنانى

یەکێك لە پرۆژە گرنگەکانی ئەو سەندیکایەلەو کاتەدا پێشنیاری دروست کردنی دوو هەزار خانوو بوو بۆ کرێکاران کە ئێستا بە (الفین دار) ناسراوە.

لە شوباتی سالّی ١٩٧٤ پێش مانگێك لە دەست پێکردنەوەی شۆرش حکومەتی بەعس دەستی کرد بە راگواستنەوەی کرێکارانی کورد لە کۆمپانیای نەوت، لە یەکەم هەنگاودا داوای گواستنەوەی ١١٨ کرێکاری کوردی کرد بە پێ ی نوسراوی ژمارە ١ المکتب الخا ص امن ١٢٠/٨ ئەو چالاکوانانە سەندیکایی یانەی ناویان هاتبوو بریتی بوون لە شکور مەردان جێگری سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی سەندیکای نەوتو کانەکان، جهاد ابراهیم ئەندامی دەستەی



بەڕێوەبەری سەندیکا، ئەنوەر میرزا سکرتێری دەستەی بەڕێوەبەر، نجم الدین گلی سکرتێری یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران لقی کەرکوك لەگەڵ هەندێك ئەندامی لیژنە سەرەکی یەکانی سەندیکا.

بە هەلّگیرسانی شۆرشی ١٩٧٤ پۆل پۆل کرێکاری کورد پەیوەندی یان بە ریزەکانی شۆرشەوە دەکردو سەندیکای نەوت بە تەواوی هەلّوەشایەوە ئیتر سەندیکایەکی تری سەر بە بەعسی یەکان دامەزرا، ئەوانەش کە لەو ماوەیە سەرۆکی سەندیکا بوون بریتی بوون لە عاید مرعی، محمود نعیمی تا سالّی ١٩٧٨ سەرۆکی سەندیکا بوو، لە سالّی ١٩٧٨- ١٩٨٧ جهدی هزاع الجمیلی سەرۆکایەتی سەندیکای وەرگرت. لە دوای سالّی (١٩٧٤)ەوە سەندیکای نەوت بوو بە رێکخستنی حیزبی بەعس لەناو کۆمپانیای نەوت داو هیچ شێوەیەك مۆرکی پیشەیی تێدا نەمابوو سەد لە سەد بڕیارو فەرمانەکانی سەرکردایەتی بەعسیان جێ بەجێ دەکرد.

لە سالّی ١٩٨٧ بەبڕیاری سەدام حسێن هەموو سەندیکا کرێکاریەکان هەلّوەشایەوەو کرێکاران کران بە فەرمانبەر.

بارودۆخەکە بەم چەشنە مایەوە تا ئەو کاتەی لە نیسانی ٢٠٠٣ پرۆسەی ئازادی هەلّگیرساو رژێمی بەعس رووخا.

دوای ڕووخانی بەعس لە کۆتایی مانگی نیسانو سەرەتای مانگی ئایاری ٢٠٠٣ چەند کەسێك سەر بە پارتی کۆمۆنیستی عێراقی لەوانە (اسامە سمیر عبود) کە هاوردەیەکی مەسیحی خەلّکی بەسرە بوو هەولّی دروست کردنی سەندیکایەکیان دا کە زۆربەی دروشمو ئامانجەکانیان دژ بە کورد بوو، لەبەرامبەر ئەمەشدا لە ١٧ ئایاری ٢٠٠٣ ژمارەیەك کرێکارو فەرمانبەری کۆمپانیای نەوتی باکور لە گۆڕەپانی بەشی میکانیك کۆبوونەوەیەکیان ساز کردو لەوێدا دامەزراندنی سەندیکای نەوتیان راگەیاند ، لەهەمان کاتداسەرۆکو ئەندامانی دەستەی کارگێری کە ژمارەیان ٩ کەس بوون ئاشکرا کرا، لە ٢٠٠٣/١١/١شدا یەکەم بلاوکراوەی تایبەت بە سەندیکاکەیان بەناوی (صوت الحق) بلاّو کردەوە، ئەوانەی بەشداری دروست بوونی ئەم سەندیکایەیان کرد جمال عبدالجبار اکرم، نەوزاد کەریم، ابراهیم احمد بکر، عباس جلیل، ئەمانە زیاتر سەر بە مەلّبەندی کەرکوکی (ی.ن.ك) بوونو لەناو کۆمپانیاشدا شەهید غازی تالّەبانی بەگەرمی پشتیوانی لێ دەکردن.

ئەم دوو سەندیکایەی دامەزرا کەوتنە ململانێوەو سەرەنجام ئەوەی سەر بە حیزبی کۆمۆنیست بوو توایەوەو لەبەر یەك هەڵوەشایەوە ئەوەی تریان مایەوەو درێژەی بە کارەکانی خۆی دا.




ئەم سەندیکایە تا ئێستا خاوەنی ٦٥٠ ئەندامەو توانیویەتی تا رادەیەك هەندێ کار بکات لەبەرژەوەندی کرێکارانی نەوتدا بەڵام لە ئاستی پێویسدا نین، دەتوانم هۆی سستی یان بگەڕێنمەوە بۆ ئەم چەند خاڵە:-

١-دان پێدانەنانیان لە لایەن وەزارەتی نەوتەوە کۆسپێکی گەورەی بەردەمیانە چونکە وەزارەت دان بە هیچ سەندیکایەکدا نانێت لەناو کۆمپانیا نەوتی یەکاندا ئەمەش وای لێکردوون ناوی خۆیان بنێن (لیژنەی ئامادەکاری سەندیکای نەوت)و بە حوکمی عیلاقات نەبێت دەنگیان بە هیچ شوێنێك ناگات.

٢-وەرنەگرتنی عەرەبی هاوردە، بەپێ ی فەرمانی سەرووی خۆیان کە رێکخراوە دیموکراتیەکانە نابێت عەرەبی هاوردە وەربگرن کە ئەمەش بووەتە هۆی کەمتر کۆبونەوەی کرێکاو فەرمانبەر لە دەوریاندا ئەمە لە کاتێکدا نزیکەی ٤٠٪ی کۆمپانیاکە عەرەبی هاوردەیە.

٣-سستی و بێ توانایی دەستەی کارگێری، بێگومان کاری سەندیکایی کارێکی مەیدانیو قورسەو پێویستی بە کادیری کارامەو بەجورئەتو خۆنەویست هەیەو ئەندامەکانی لە دوورترین خاڵدا بەسەر بکاتەوەو لە کێشەکانیان بکۆڵێتەوە،بەڵام ئەم سیفەتانە لە سەرۆکو دەستەی کارگێری ئەم سەندیکایە دانیەو زیاتر لە پشت مێزەوە کاردەکەنو بەرنامەیەکی چڕو پڕی کارکردنیان نیە، نکۆڵی لەوە ناکەین چەند کارێکی کەمیان بۆ کرێکارو فەرمانبەران کردووە لەوە بەدوا چالاکیەکانیان تەنها سازدانی سەیران بوە بۆ هاوینە هەوارەکان.

٤-بەهۆی سەرپەرشتی کردنی ئەم سەندیکایە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە حەساسیەتێکی لای زۆربەی عەرەبو توکمانەکان دروست کردووەو وای لێ کردوون بە سەندیکایەکی



سەربەخۆی نەزانن. نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت بە حوکمی ئەوەی ئەم سەندیکایە زیاتر مۆرکی یەکێتی پێوە بوو بۆیە هەروەك نەریتی شارەکانی تری هەرێم سەندیکایەکی تری سەر بە پارتی دروست کراو (بکر فقی) کرا بە سەرۆکی ئەو سەندیکایە، بارەگاکەشی لەناوبەشی (نقلیات) بوو. بوونی دوو سەندیکا کە هەردووکیان کورد بەڕێوەی دەبردن ، خاڵێکی تری لاوازی ئەو سەندیکایانە بوون، عەرەبو تورکمان نەیان ئەزانی روو لە کام لایان بکەن، هەرچەندە هەوڵ درا یەك بخرێنەوە بەڵام هەموو هەوڵەکان بێ ئەنجام بوون.

لەسەرتای ئەمساڵیش (٢٠١٠) کاتێك کە حمید الساعدی بوو بە بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای نەوتی باکور بڕیاری دا هیچ مامەڵەیەك لەگەڵ ئەم سەندیکایە دا نەکرێو دەرگاکەیان داخستو ستافەکەشی بڵاوەیان لێ کرد.هەردوو سەندیکاکەی سەر بە یەکێتی و پارتی لە ناوەراستی ساڵی ٢٠١٠دا بەبریاری سەرووی خۆیان یەکیان گرتەوەو سەرۆکایەتیەکەشی بەشێوەی دەوری دەبێت.

.

تێبینی

------------

بەشێك لەم زانیاریە مێژووییان لە بەرێزان نجم الدین گلی و( بەهادین فەرەج)ەوە وەرگرتوە کە لە
کاتی خۆیدا دوو چالاکوانی تێکۆشەری سەندیکایی بوون.

# کۆمپانیای نەوتی باکوورو ماددەی (٢٣)

لای هەموو لایەك روونە یەكێك لەبڕگە گرنگەكانی ماددەی (٢٣) دابەش کردنی پۆستە ئیدارییەکانی شاری کەرکوکە بەرێژەی ٣٢٪ بەسەر پێکهاتەکانی شارەکەدا.

.

دابەشكردنی پۆستە ئیدارییەكان لە هەموو فەرمانگەكانی كەركوك لە بەرێوەبەرەوە تا دوا كارمەند، تا رادەیەك دەكرێت جێبەجێ بكرێت ئەگەر حكومەتی فیدراڵی مەیلی لێ بێت تەنها لە كۆمپانیای نەوتی باكووردا نەبێت كە حاڵەتەكە لەوێدا تا رادەیەك جیاوازەو ئەو سیستەمەی لە سەری بنیات نراوە لە هی فەرمانگەكانی تر ناچێت .

هەر لە ساڵانی حەفتاكانەوە وەزارەتی نەوتی عێراق كێڵگە نەوتییەكانی عێراقی دابەشكردووەتە سەر دوو كۆمپانیا، كۆمپانیای نەوتی باكوورو كۆمپانیای نەوتی باشوور، سنووری یەكەمیان لە زاخۆوە تا پارێزگای كوتە دووەمیشیان لە پارێزگای كوتەوە تا سنووری عێراق – كوێت، سەبارەت بە یەكەمیان حكوومەتی بەغدا پێیوایە هەموو دانیشتوانی عێراق لە زاخۆوە تا كوت بۆیان هەیە لەو كۆمپانیایە دابمەزرێن، چونكە دامەزراوەكانی ئەو كۆمپانیایە بە هەموو ئەو شوێنانەدا بڵاوبوونەتەوە، ئێستاش ئەم حاڵەتە بووەتە گرێ كوێرەو یەخەی مادەی ٢٣ی گرتووە،

بۆ زانیاری خوێنەر وا لە خوارەوە دوا ئاماری پۆستە ئیدارییەكانی ئەو كۆمپانیایە دەخەینە روو :.

١.ژمارەی بەرێوبەری دەستەكان (الهیئات) ١٠ پۆستە بەم چەشنەش دابەش بووە:

| عەرەب | كورد | توركمان | مەسیحی |
|---|---|---|---|
| ٤ | ٣ | ٣ | ----- |

٢.ژمارەی بەرێوبەری بەشەكان (الاقسام) ٤٨ دانەیە

| عەرەب | كورد | توركمان | مەسیحی |
|---|---|---|---|
| ١٩ | ٦ | ١٩ | ٤ |



٣.پێنج بەش هەیە راستەوخۆ بە بەرێوبەری گشتییەوە بەستراون

| عەرەب | كورد | توركمان | مەسیحی |
|---|---|---|---|
| ٢ | ١ | ١ | ١ |

ئەوەی جێگەی سەرنجە كە لەو بەرێوبەری دەستەو بەشانەی بەر كورد كەوتوون لە ئاستێكی وەها گرنگدا نییەو بەشە زۆر گرنگو هەستیارەكان بەدەستی عەرەبو توركمانەوەیە.

خاڵێك هەیە بە گرنگی ئەزانم باسی بكەم ئەویش ئەوەیە پۆستی یاریدەری بەرێوبەری گشتی بەدەستی كەسێكی كوردی كەركوكەوەیەو دەسەڵاتێكی فراوانیشی هەیە.

سەبارەت بە ئاماری ژمارەی فەرمانبەرو كرێكاریش ئێستا حاڵی حازر گەیشتوەتە(١١٥٠٠)كەس

كەژمارەی كورد تیایدا لە ٧٥٠ فەرمانبەر تێپەر ناكات.

لە دوای پرۆسەی ئازادیشەوە كۆمپانیای نەوتی باكوور خەڵكانێكی زۆری خاوەن بڕوانامەو بێ بڕوانامەی بە سیفەتی كاتی (وقتی) دامەزراندووەو ژمارەیان گەیشوەتە زیاتر لە ٤هەزار كەس كە پشكی كورد لە میشیاندا هەر كەمەو ٧٪ تێپەر ناكات.

سەبارەت بە كۆمپانیای غازی باكووریش بەرێوەبەری گشتیو بەرێوەبەری ئیدارە لە نەتەوەی كوردن، دابەش بوونی رێژەی فەرمانبەرو كرێكارانیش بەم چەشنەن:

| عەرەب | كورد | توركمان | مەسیحی |
|---|---|---|---|
| ٢٩٪ | ٢٠٪ | ٤٨٪ | ٣٪ |

ئەمە لە كاتێكدا سەرجەم ژمارەی كارمەندانی ئەو كۆمپانیایە ٢٠٧٥ فەرمانبەرن.

لە بارەی بەشەكانی ئەو كۆمپانیایەشەوە ژمارەی بەشەكان ١٧ بەشن كە بەم شێوەیە دابەشی سەر پێكهاتەكانی كەركوك بوونە:

| عەرەب | كورد | توركمان | مەسیحی |
|---|---|---|---|
| ٢ | ٦ | ٨ | ١ |

دەتوانین بڵێین كێشەی سەرەكی ماددەی ٢٣ زیاتر لە كۆمپانیای نەوتی باكوورەو جیاوازی نێوان كوردو نەتەوەكانی تر زۆرن، بەڵام ئەم فەرمانبەرو كرێكارانە هەمووی لە ناو شاری

کەرکوك دانەمەزراون، بەڵکو دابەشی سەر تەواوی دامەزراوەکانی کۆمپانیاکە کراون لە زاخۆوە تا کوت، ئەوەی لە سنووری شاری کەرکوکدا دامەزراون (٧٩٠٠) فەرمانبەرو کرێکار دەبن.
ئەوەبوو ئەم لیژنەیە نەیانتوانی بگەنە هیچ ڕێکەوتنێك و سەرەنجام هەڵوەشایەوە..
لەم ئامارانەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سیاسەتی بەعس کوردی گەیاندووەتە ئەم ڕۆژەو تاقە زوڵملێکراو لەم شارەدا کوردبووەو بەعس لە کورد زیاتر کەسی بەمەترسی نەزانیوە بۆ سەر بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی.



# هەناردەی نەوتی کەرکوك و هەناردەی نەوتی هەرێم

بەرهەمی نەوتی کەرکوك لە کێڵگەکانی کەرکوك و بای حەسەن و جەمبورو عەین زالەو نەفتخانەو ڕۆژهەڵاتی بەغدا بەدەست دێت .لە سەرەتای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە تائەمرۆ نەتوانراوە بەرهەمی نەوت ٧٠٠-٧٥٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا تێپەر بکات . لەم بڕەی بەرهەم هاتووە ڕۆژانە ٢٠٠هەزار بەرمیلی بۆ پالاوگەی بێجی دەڕوێ بۆ بەرهەم هێنانی بەروبومە نەوتیەکان وەك بەنزین و گاز بەمەبەستی بەکاربردنی ناوخۆ ئەوەشی کە دەمایەوە کە دەکاتە ٥٠٠هەزار بەرمیل هەناردەی بەندەری جەیهانی تورکی دەکرا بەمەبەستی ناردنە دەرەوە .بەڵام لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٠ بەرهەمی هەناردە کراو کەمی کردووەو لە نێوان ٣٠٠-٣٥٠ هەزار بەرمیل دەبێت ، هۆیەکەشی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبونەوەی کێرڤی بەکاربردنی ناوخۆ ،پێشتر ٢٠٠ هەزار بەرمیل ڕەوانەی پالاوگەکان دەکرا کەچی ئێستا نزیکەی ٣٥٠ هەزار بەرمیل دەدرێتە پالاوگەکانی باکوور لە موسڵ و کەرکوك و سینیە لە ڕۆژئاوای عێراق . هۆیەکی تری کەم بونەوەی هەناردە کردن کە زیاتر هونەریە ئەو لولە نەوتیانەی نێوان عێراق و تورکیایە کەبەهۆی کون بوون و تەقینەوە کاریگەری خستوەتە سەر ڕادەی هەناردەکردن ،لەچەندین شوێنەوە دوچاری گیران بوەتەوە . کێشەی کۆنی ئەو تەکنەلۆجیایەی کە نەوتی بیرەکانی پێدەردەهێنن هۆکارێکی تری کەمبوونەوەی بەرهەمی نەوتە .
بەرهەمی ڕۆژانەی کێڵگەکانی کۆمپانیای نەوتی باکوور ماوەیەکە بەجێگیری ماوەتەوە لەنێوان ٦٠٠-٦٤٠ هەزار بەرمیلە لە ڕۆژێکدا کەبەم چەشنە دابەش بووەتە سەر کێڵگەکان :کەرکوك ٣٥٠ هەزار بەرمیل، بای حەسەن ٢٠٠ هەزار بەرمیل، خەباز ٣٠ هەزار بەرمیل، جەمبور ٥٥ هەزار بەرمیل ، ڕۆژهەڵاتی بەغدا ١٠ هەزار بەرمیل ،عەین زالە ١٠ هەزار بەرمیل ، نەفت خانە ٤-٦ هەزار بەرمیل.
ئەگەر نەوتی هەرێمی کوردستان جارێکی تر دەست بەهەناردەکردنی بکرێتەوە ئەوا کارێکی چاکەو دەبێتە یارمەتی دەرێك بۆ نەوتی کەرکوك ، بە گوێرەی بڕیاری حکومەتی بەغدا حکومەتی هەرێم دەتوانێت لە ساڵی ئایندەوە ڕۆژانە ١٠٠هەزار بەرمیل نەوت هەناردە بکات

، بەڵام لێرەشدا تەگەرەیەك لە ئارادایە ئەویش نەبوونی لوولەی نەوتییە لە نێوان كێڵگەی نەوتی شیواشۆك وهێڵی نەوتی عێراق توركی ، لەم حاڵەتەدا ئەو نەوتە بە تانكەر لە شیواشۆكەوە بۆ سەر لوولەی نەوتی عێراق توركی دەگوێزرێتەوەو تێكەڵی دەكرێت كە ئەمەش خۆی لە خۆیدا كارێكی عەمەلی راست نییە .هەربۆیە ئەگەر حكومەتی هەرێم بیەوێت نەوتی شیواشۆك رەوانەی دەرەوە بكات پێویستە لەپێش هەموو شتێكدا لوولەیەكی نەوتی لە نێوان كێڵگەی شیواشۆك و كەركوك رابكێشێت وەك ئەوەی لەنێوان كێڵگەی تاوكی لە زاخۆ لوولەی نەوتی عێراق توركی راكێشاوە كە لوولەیەكی ٢٤ئینجییەو درێژییەكەی نزیكەی ٣٠كم دەبێت



# كەركوكی سەر دەریای نەوت و كێشەی پاڵاوگە

پێش چەند مانگێك یادی هەشتاوسێ ساڵەی دۆزینەوەی نەوت لە كەركوك كرایەوە و بەم بۆنەیە ئاهەنگێكی گەورە ئەنجام درا.

ئەگەر كەسێكی نامۆ بە كەركوك ئەم باسەی بۆ بكەی یەكسەر بیری بۆ ئەوە دەچێت كەخەڵكی كەركوك لەبەهەشتدا دەژین وبۆری غازو نەوت بەهەمووماڵاندا چووە ، بەڵام باسەر بەهیچ ماڵێكدا نەكات وبفەرموێ تەنها دامەزراوە نەوتی یەكان ببینێ ، ئەبینێت حكومەتی بەعس ئەم شارەی وەكو مانگایەكی پر شیر سەیركردوە تەنها شیرەكەی دۆشیوە وتاقە خزمەتێك پێت نەی كردووە ٠ پاڵاوگە یەكێكە لە دامەزراوە گرنگەكانی كەرتی نەوت٠ بەلای پسپۆرانەوە وا چاكە هەموو پاڵاوگەیەك نزیك سەرچاوەی نەوت بێت تا بە كەمترین مەسرەف ( Cost ) نەوت لە بیرەكانەوە بگوێزریتەوە بۆ پاڵاوگەكان ٠ ئینگلیزەكان لە ساڵی ١٩٦٠ – ١٩٧٠ سێ یەكە ( Unit ) ی پاڵاوتنی نەوتیان بۆ كەركوك هێنا كەلە بنەرەتدا مۆدێلی ١٩٤٠ بوو ، لەو ساتەوە تا ئێستا كاردەكات و بری بەرهەمەكەی بۆ رۆژگاری ئەمرۆ ناگونجێ ، لە رۆژێك دا توانای لە ١٠ هەزار بەرمیل سووتەمەنی بە نەوت و گازو بەنزینەوە زیاتر نیە كەئەمە ناتوانێت پێویستی شارەكە دابین بكات ٠ لە ساڵانی هەشتاكاندا حكومەتی بەعس وای بە چاك زانی چەند پاڵاوگەیەكی مۆدێرن بۆ پاڵاوتنی نەوتی كەركوك بهێنێت، بەعسییەكان بۆ دانانی شوێنی پاڵاوگەكە سیاسی یانە رووانییانە مەسەلەكە نەك هونەری وزانستیانە لە جیاتی ئەوەی لەنزیك سەرچاوەی نەوتەكە دای بمەزرێنن كە كەركوكە هەڵسان گواستیانەوە بۆ شارۆچكەی بێجی سوننە نشین كەبەو هۆیەوە ئاوەدانی و گەشە سەندنێكی وەها كەوتە ئەو شارەوە كە ئەمرۆشی پێوەبێت ئەم شارە نانی ئەو پاڵاوگە زەبەلاحە مودێرنە دەخوات ٠

لە دوای پرۆسەی ئازادی كە قەیرانی سووتەمەنی سەرانسەری عێراقی گرتەوە بە شاری كەركوكیشەوە ئیدارەی كەركوك بە بەردەوامی داوای لە وەزارەتی نەوت دەكرد كە پاڵاوگەیەكی نوێ لە كەركوك دابمەزرێنێت بەڵام حكومەتی بەغدا هەرسستی و تەمبەڵی لێ دەكرد تا دواجار لە ٢٠٠٧/١/٢٠ رەزامەندی یان دەربری لە سە ر دامەزراندنی پاڵاوگە یەك لە شارەكە بە بری ١٥٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێكدا ٬ ئیستا وا لە ناو ساڵی ٢٠١١ داین خەڵكی كەركوك هەر چاویان لەو پاڵاوگەیەیە كە دابمەزرێت ٠

بۆ بەرچاو روونی خەڵکی وامن بە حوکمی کارکردنم لە کۆمپانیای نەوت هەندێ زانیاری نوێ دەخەمە بەر دەست ٠ هە لەدوای دەرچوونی رەزامەندی لەسەر ئەو پالاۆگەیە ماوەی ساڵێك کێشە دروست بوو لە سەر شوێنی پالاۆگەکە تا دواتر لەسەر رێگەی قوشقایە — دووبز گیرسایەوە ٠ رووبەری ئەم پالاۆگەیە مەتر٣٢٠٠درێژی و ٢٠٠٠ مەتر پانیەتی ، ١٥ کیلۆ مەتر لە سەنتەری کەرکوکەوە دوورە ٠

وابۆ ساڵ و نیوێك ئەچێت هێشتا بەردی بناغەی دانەنراوە ، حاڵی حازر لە قۆناغی یەکلای کردنەوەی زەوییکەن کە ٨٠٪ ی موڵکی کۆمپانیای نەوتە ٢٠٪ یش موڵکی خەڵکە ، ئەگەر لەمەزیاتر سستی تێدا بنوێنرێت ئەوا ئاسۆ روون نابێت . ، ئەوەندە دەڵێم ئەزموونێکی تاڵمان لەگەڵ وەزارەتی نەوتی ئەم حکومەتە نوێ یەی عێراقدا هەیە هەر رۆژەی بەبیانوویەك دوای دەخەن، ئەزموونی دواخستن و پەکخستنی هەردوو پالاۆگەی بازیان وکۆیە چاکترین سەلمێنەری قسەکانمن ، خەڵکی کەرکوکیش هەرچەندە لە سەر دەریایەك نەوتن بەلاّم نەلەسەردەمی بەعس و نەلەسەردەمی حکومەتی نوێ دا تێریان لە بەروبوومی سروشتی خویان نەخوارد



# نۆژەنکردنەوەی هێڵی نەوتی کەرکوك‌و سوریا

هێڵی ناردنە دەرەوەی کەرکوك — سوریا یەکەمین هێڵە لە نێوان عێراق‌و وڵاتانی دەورو بەرەوە راکێشرابێت‌و نەوتی لێوە ڕەوانەی دەرەوە کرابێت، ئەم هێڵە سەرەتا بریتی بوو لە لولەیەکی ١٢ ئینجی‌و لە کانونی دوەمی ساڵی ١٩٣٥ بە ڕەسمی لەلایەن مەلیك غازی یەوە کرایەوە درێژی هێڵەکە ٨٦٠کم بوو، وزەی هەناردنیشی ٨٤٢٠٠ بەرمیل بوو لە رۆژێکدا، بە حوکمی ئەوەی پێویستی جیهان بۆ نەوت بەردەوام لە زیاد بووندا بوو بۆیە بۆڕییەکی تری ١٦ ئینجی خرایە سەر، لە ساڵی ١٩٥٢ بۆڕیەکی ٣٠ ئینجی بۆ زیاد کرا، لە ساڵی ١٩٦١ دوو هێڵی تری ٣٢ ئینجی شان بە شانی هێڵەکانی تر راکێشران.

بێگومان تا ساڵی ١٩٧٧ هێڵی کەرکوك — سوریا تاقە هێڵ بوو کە نەوتی کەرکوکی لێوە ڕەوانە ئەکرا، لەو ساڵە هێڵی نەوتی کەرکوك — تورکیا راکێشرا.

بە هەڵگیرسانی شەڕی ئێران — عێراق کە هەشت ساڵی خایاند سوریا لە شەڕەدا چووە ڕیزی ئێرانەوە دژ بە عێراق، یەکێك لە کارتەکانی فشاریش بۆ سەر عێراق ئەم هێڵە نەوتیە بوو، ئەوەبوو لە بەهاری ساڵی ١٩٨٣ سوریا ئەم هێڵەی راگرت‌و ئیتر نەوتی لێوە ڕەوانە نەکرا.لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠دا حکومەتی پێشووی عێراق لە هەوڵێکدا بۆ درز خستنە ناو ئەو ئابڵوقە ئابوریەی نەتەوە یەکگرتوەکان سەپاندبویە سەری لەگەڵ حکومەتی سوریادا ڕێك کەوتن بۆ دووبارە بەکار خستنەوەی ئەم بۆریە نەوتە، ئەوەبوو جارێکی تر دەست کرایەوە بە ناردنە دەرەوەی نەوت لێوەی بەڵام بە بڕێکی کەم چونکە هێڵەکە لە زۆر شوێنەوە دووچاری داخوران‌و کون بوون ببوو بە هۆی ئەوەی ماوەی ١٧ ساڵ بوو نەوتی پیا نەڕۆیشتبوو، ئەوەندەی نەبرد جارێکی ناردنی نەوت لەو هێڵەوە راگیرایەوە.

دوابەدوای ڕووخانی رژێمی بەعس حکومەتی عێراق بەرنامەیەکی داڕشت بۆ دووبارە بوژانەوەی ئەو هێڵە، هەربۆیە هاتووچۆکردن‌و ناردنی وەفدی هونەری دەستی پێکرد.

لە ساڵی ٢٠٠٨ وەزارەتی نەوتی عێراق لەگەڵ کۆمپانیایەکی ڕووسی دا چەند کۆبونەوەیەکی ساز کرد بەمەبەستی نەوژەنکردنەوەی هێڵەکە، ئەوەبوو بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکی پسپۆر لە کۆمپانیای نەوتی باکوورو کۆمپانیایەکی ڕووسی دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە دواجار رێك

کەوتن لەسەر ئەوەی تەنها شوێنە داخوراوەکان چاك بکرێنەوە، ئیتر لەوە بەدوا هیچ هەنگاوێکی تر نەنرا.

لەسەردانەکەی مانگی نیسانی ساڵی٢٠٠٩ی محمد ناجی عەتری سەرەك وەزیرانی سوریا بۆ عێراق دیسانەوە هێڵی نەوتی کەرکوك – سوریا هێنرایەوە سەر باسو دواجار یاداشتێکی لێك گەیشتنیان ئیمزا کرد کە بوارەکانی نەوتو ووزەو بازرگانی گرتەوە عەتری لە میانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئاماژەی بەوەکرد کە هەر دوولا رێککەوتن لەسەر دووبارە بوژانەوەی ئەو هێڵە نەوتییە. شارەزایان پێیان وایە هێڵی کەرکوك – سوریا پێویستی بەسەر لە نوێ دروست کردنەوە هەیە چونکە ساڵانێکی دوورو درێژە دروست کراوەو هەروەها ماوەی ٢٦ ساڵیشە نەوتی پێدا نەڕۆیشتووەو بە تەواوی داخوراوەو کەڵکی ئەوەی نەماوە نۆژەن بکرێتەوە بەڵکو پێویستی بەسەر لە نوێ راکێشانی بۆری نوێیە.

گومانی تێدا نیە بە دووبارە دروست کردنەوەی ئەم هێڵە سودێکی ئابووری باش بە عێراق دەگەیەنێت، جگە لەوەش تا رادەیەکی باشیش لە ژێر هەندێ گوشاری تورکیاش دەرئەچێتە دەرەوەو ئەبێتە ئەلتەرناتیڤێك بۆ هێڵی نەوتی عێراق تورکیا بۆ هەرکاتێك کە دووچاری وەستان ببێت.



# بۆچی بەرهەمی نەوتی کەرکوك کەمی کردووە

کێڵگەی نەوتی کەرکوك کەیەکێکە لە کێڵگە زەبەلاحەکانی جیهان یەدەکی نەوتی ئەم کێڵگەیە لە کاتی دۆزینەوەیدا خۆی ٢٤ملیار بەرمیل دەدات . لە ساڵی (١٩٢٧)ە وە تا ئەمڕۆ نزیکەی ١٤ملیار بەرمیلی لێ دەرهێنراوە .ساڵی ١٩٧٩-سەردەمی زێرینی بوو کە رۆژانە بەرهەمی دەگەیشتە ١,٤٠٠,٠٠٠ملیۆن بەرمیل . ئەم کێڵگەیە تا پێش شەری عێراق ئێران چاکترین بەرهەمی هەبوو ، بیرە نەوتەکان پەستان (pressure)ێکی چاکیان هەبوو بێ هیچ یارمەتی دانێك نەوت لە ناخی زەوییەوە دەگەیشتە سەر زەوی بۆ نموونە بیری ژمارە ١٦٤ بەتاقی تەنیا ١١٠ هەزار بەرمیل لەرۆژێکدا بەرهەم دەهێنا .

بە هەڵگیرسانی شەری عێراق ئێران لە ساڵی ١٩٨٠ تا پرۆسەی ئازادی عێراق لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٣ کێڵگەی کەرکوك رۆژ بە رۆژ توانای بەرهەم هێنانی کەم دەبێتەوە کە ئەویش دەگەرێتەوە بۆ دوو هۆی هونەری سەرەکی :

١-ماوەی شەری هەشت ساڵەی عێراق ئێران هەناردەکردنی نەوت لە باشووری عێراقەوە بەهۆی شەرەکەوە وەستابوو ، حکومەتی عێراقیش تاقە سەرچاوەی ئابووریو داهاتی نەوتی کەرکوك بوو تا بتوانێت درێژە بەو شەرە بدات ئەویش بە زیادکردنی بەرهەمی نەوت و هەناردەکردنی . بێگومان لە رووی زانستییەوە هەموو کێڵگەیەك توانایدیاریکراوی خۆی هەیە لە بەرهەم هێنان ، ئەگەر لەوە زیاتر گوشاری بخرێتە سەر ئەوا بە خراپ دەشکێتەوە و دەبێتە هۆی لە رادەبەدەرماندوو بوونی کێڵگەکە و هاتنی ئاو شانبەشانی نەوت . بەهۆی ئەم مامەڵە خراپەوە لەگەڵ کێڵگەی نەوتی کەرکوکدا حکومەتی عێراق ناچاربوو یەکەیەکی هونەری نوێ لەناو کۆمپانیای نەوتدا دابمەزرێنێت بەناوی نەوتی شێدار (نفط الرطب) بۆ جیاکردنەوەی نەوت لە ئاو .

٢- لەماوەی ئابلۆقەی ئابوری نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە نێوان ساڵانی ١٩٩٠-١٩٩٧ هەروەك زانراوە هەناردەکردنی نەوت بۆ دەرەوە وەستابوو،لەم ماوەیەدا دەرهێنانی نەوت لە سەرانسەری عێراق تەنها بۆ بەکاربردنی ناوخۆ (استهلاك محلی)بوو .گومانی تێدانییە پرۆسەی پالاوتنی

نەوت بەمەبەستی دابین کردنی گازو بەنزین و نەوتی سپی بۆ هاولاَتیان نزیکەی نیوەی پاشەڕۆی لێدروست دەبێت کە لە کاتی خۆیدا هەناردەی‌دەرەوەدەکرا بەلاَم بەهۆی وەستانی هەناردەکردنەوە فرێیان دەدایە ناو بیرەکانی کێڵگەی نەوتی کەرکوکەوە تەنانەت هەرچی پاشەڕۆی پالاَوگەکانی باشووریش هەبوو بۆ کەرکوکیان دەهێنا کەئەمەش کارێکی نێگەتڤی گەورەی کردە سەر عەمبار (مکمن )ی نەوتی کەرکوك و بووە هۆی گیرانی کونیلە (porosity) کانی ئەو عەمبارەو کەمبوونەوەی بەرهەمی .

کێڵگەی نەوتی کەرکوك کە لە هەرەتی گەنجییدا هەموو عێراقی نان دەدا ئەمرۆکە بە کێڵگەیەکی پیر دەژمێردرێت و زۆر کێڵگەی تر پەیدا بوونە کە پێشبرکێی لەگەڵدا دەکەن.



# دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی ناوەڕاست لایەنە پۆزەتیڤو نێگەتیڤەکانی

لەسەرەتای‌ساڵی ٢٠١٠ دا وەزارەتی نەوتی عێراق داوایەکی خستە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی ناوەڕاست کە سەرمایەکەی (٨٥)ملیۆن دۆلارە، ئەوانیش ڕەزامەندیان لەسەر دەربڕی. لە یەکی ئەیلولی ٢٠١٠ بڕیارەکە چوە بواری جێبەجێکردنەوە بەو مەرجەی تا کۆتایی ساڵ پەیوەندییان بە کۆمپانیای نەوتی باکورەوە بمێنیێ، بەڕێوەبەرێکی گشتی بۆ دانرا بەناوی (دلمان نەجم عەبدوڵلا) کە ئەندازیارێکی نەوتەو شارەزاییەکی چاکی لەو بوارەدا هەیە.

پێش یەکی ئەیلول نەوتی ناوەڕاست بەشێك بوو لە کۆمپانیای نەوتی باکور. لەسەردەمی ئینگلیزەکانیشدا بەشێك بوو لە کۆمپانیای نەوتی عێراق(IPC) کە بارەگاکەی لە شاری کەرکوك بوو. لەدوای خۆماڵیکردنی نەوتەوە بە بڕیارێکی بەناو (**مجلس قیادة الثورة**)ی ڕژێمی بەعس، لە١٩٨٠/٤/١٥ دامەزراوەی گشتی نەوتی ناوەڕاست(**المنشا العامة لنفط الوسط**)دامەزرا، کەلە هەموو ڕوویەکی داراییو کارگێڕییەوە سەربەخۆ بوو، بارەگاکەیشی لە بەغدا بوو لەناوچەی (ڕاشدیە)، ئەندازیارێکیش کرا بە بەڕێوەبەری گشتی. سنووری کارکردنیشی لەنێوان هێڵی پانی (٣٢,٥ - ٣٤) بوو. ئەوەبوو ژمارەیەکی بەرچاو فەرمانبەری بۆ دامەزرا، لە ساڵی **١٩٨٧** حکومەتی بەغدا لە گەرمەی جەنگی ئێران - عێراقدا ئەم کۆمپانیایەی هەڵوەشاندەوەو لکاندی بە کۆمپانیای نەوتی باکورەوە فەرمانبەرەکانیشی کە زۆربەی عەرەب بوون گوێزرانەوە بۆ کەرکوك کە ئەمەش فاکتەرێکی بەهێزی زیادبوونی ژمارەی عەرەب بوو لە کەرکوك. بەم جۆرە سنووری کۆمپانیای نەوتی باکور لە کوتەوە تا موسڵ درێژبوەوە بە پێیێ یاساش دانیشتوانی پارێزگاکانی کوتو دیالەو سەلاحەدینو ئەنبارو بەغداو کەرکوكو موسڵ بۆیان هەیە لە کەرکوك دابمەزرێن، کە بەراستی بڕیارەکە لەخزمەتی پرۆسەی تەعریبدا بوو.

لەدوای پرۆسەی ئازادی، وەزارەتی نەوتی عێراق پێشنیارێکی خستەڕوو بەو پێیە هەر شارێك بتوانتێت (١٠٠)هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا بەرهەمبهێنێت بۆی هەیە کۆمپانیای نەوت

لەشارەکەدا دابمەزرێنێ.لە رۆژگاری ئەمرۆشماندا ئەم شارانەی ناوەڕاستی عێراق (کوتو دیالەو بەغدا) ئەو وزەو توانایەیان تێدایە ،لەم روانگەیەوە کۆمپانیای نەوتی ناوەڕاست دامەزرێنرا.

ئەو کیلگانەی دەکەونە ئەو سنورەوە دەچنە چوارچێوەو ژێر دەسەلاتی کۆمپانیای نەوتی ناوەڕاست کە ئەمانە دەگرێتەوە(شرق بغداد، الاحدب، بدرە، ڤفریە، نەفت خانە ، منصوریە،جربیکە، ناودومان، تل غزال، گلابات، خشم الاحمر، قمر، پلکانە، ئینجانە، عەکاز).

دامەزراندنی ئەم کۆمپانیایە دوو لایەنی پۆزەتیڤو نێگەتیڤی بۆ کورد هەیە

***یەکەم لایەنە پۆزەتیڤەکان***، ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆی سوککردنی بەردەوامی پرۆسەی تەعریب لە رێگای دامەزراندنی عەرەب لە کەرکوك چونکە بەم هۆیەوە شارەکانی کوتو ئەنبارو بەغداو دیالە مافی دامەزراندنیان لە نەوتی کەرکوکدا نامێنێتو چیتر وەزارەتی نەوت خەڵکی ئەو شارانە رەوانەی کەرکوك ناکات. جگە لەمە وەزارەتی نەوت رێگایشی والا کردووە بۆ هەر فەرمانبەرێك خەڵکی ئەو شارانە بێت بیەوێ لە کۆمپانیای نەوتی باکورەوە بگوێزنەوە کۆمپانیای نەوتی ناوەڕاست.

***دووهەم/لایەنە نێگەتیڤەکانی*** هەندێ ناوچەی سنوری هەرێمی کوردستان بەتایبەت ناوچەی خانەقین، بەر ئەم کۆمپانیا نوێیە دەکەوێت، ئەو ناوچەیەش سێ کیلگەی نەوتی بەردەکەوێت، کە بریتین لە (نەفت خانە، ناودومان، جرەبیکە) جگە لەمەش هەموو ئەو کرێکارە کوردانەی کە لەو سێ کێڵگەیە کاردەکەن کە ژمارەیان نزیکەی (١٠٠-١٥٠) کرێکار دەبێ، لە کەرکوك دور دەکەونەوە.

پێشتریش وەزارەتی نەوت هەنگاوێکی لەم چەشنەی ناو (کۆمپانیای نەوتی میسان)ی دروستکردو لە کۆمپانیای نەوتی باشوری جیاکردەوە، بەدوریش نازانرێ کۆمپانیای نەوتی نەینەواو زیقاریش دروست بکرێت.

وەزارەتی نەوت ئەم سیاسەتە نوێیە دەگەرێنێتەوە بۆ ئەو فراوانبونو پێشکەوتنەی کەلە کەرتی نەوتدا رویداوەو ساڵ لەدوای ساڵ بەرهەمی نەوت رو لە زیادبونە، هەروەها دەبێتەهۆی دامەزراندنی ژمارەیەك کرێکارو فەرمانبەر وێڕای ئەمانە ئەرکی قورسی سەر کۆمپانیای نەوتی باکورو باشور سوك دەکات.



# کێڵگە نەوتیەکانی ناوچەی خانەقین وپاڵاوگەی ئەلوەند

ناوچەی خانەقین بەیەکێك لە ناوچە دەوڵەمەندەکانی عێراق دەژمێردرێ لە رووی سامانی نەوتەوە کە بە درێژی و پانی دەڤەرەکەدا بلاوبوەتەوە.

لەسنوری شارۆچکەی خانەقین ژمارەیەك تەرکیب(structure) ی جیۆلۆجی دۆزراوەتەوە بەلام ئەوانەی کاریان تێداکراوەو بیریان لێهەلکەنراوە هەروەها بوونی نەوتیان تێدا سەلمێنراوە ئەمانەن:

١-کێڵگەی ناودومان: دەکەوێتە ١٠ کیلۆمەتری باشوری رۆژئاوای خانەقینەوە، لەساڵی ١٩٧٩ لەلایەن کۆمپانیایەکی روسیەوە دۆزراوەتەوە ، دواتر ٢ بیریان تێداهەلکەندوە لەرووی ئابوریەوە نەکراوە نەوتەکەی بەکار بهێنن کەزیاتر هۆیەکەی هەڵگیرسانی شەری عێراق ئێران بوو.

لە دوای پرۆسەی ئازادیەوە هیچ لایەك لەم کێڵگەیە نەکراوەتەوەو شتێکی زیاتری نەخراوەتە سەر.

٢-کێڵگەی جریپیکە: دەکەوێتە نزیك سنوری عێراق ئێرانەوە، ١١کیلۆمەتر لەشاری خانەقینەوە دوورە . درێژی کێڵگەکە ٩ کیلۆمەترەو پانیەکەشی ٣ کیلۆمەترە. لەساڵی ١٩٧٦رووسەکان دوای ئەنجامدانی روپێوێك لە جۆری سایسمیك (seismic survey)یەکەم بیری ئەزمونی(EXPLPRATIO)یان لێدا بەقوڵی ١٧١٠مەتر کە تێبینی بوونی نەوت و غازیان تێدا کرد. لەساڵی ١٩٧٨یش بیری ژمارە٢ بەقوڵی ١٩١٠مەتر لێدرا.

ئەم کێڵگەیەش تاوەکو ئەمرۆ وەکو خۆی ماوەتەوەو دەسکاری تری تێدا نەکراوە .

٣-کێڵگەی نەفتخانە:بە کۆنترین کێڵگەی دۆزراوەی عێراق دەژمێردرێ و کێڵگەیەکی هاوبەشی نێوان عێراق و ئێرانە . لە دیوی ئێراندا پێی دەڵێن (نەفت شا ) ،ئەوبەشەی عێراق لە سەردەمی بەعسدا ناوی گۆرا بۆ (**نفط صدام** ) .

درێژ ئەم کێڵگەیە لەناو عێراقدا ١٦کیلۆمترە پانییەکەش ٣کیلۆمەترە. لە ساڵی (١٩٠١)ەوە تێبینی بوونی نەوتی تێدا کراوە . یەکەم بیری ئەزمونی لە ٢٦-٥-١٩٢٣ لێدراوە . لە ساڵی

(١٩٢٧) ەوە عێراق دەستی بە بەرهەم هێنان كردوە هەرچی ئێرانە لە ساڵی (١٩٣٥)ەوە لە بەشی ئێرانی كێڵگەكە نەوت بەرهەم دەهێنن .

لە نێوان ساڵانی ١٩٢٣-١٩٨٠ توانراوە ٣٨ بیر هەڵبكەنرێ . بە هۆی شەری عێراق ئێرانەوە كار لەو كێڵگەیە وەستا و دوای كۆتایی هاتنی شەر ٤ بیری تری تێدا لێدرا كە سەرجەمیان بونە ٤٢ بیر .

یەكێك لە خاسیەتە گرنگەكانی نەوتی ئەم كێڵگەیە ئەوەیە كە نەوتێكی سووكە و رێژەیەكی زۆر كەم گۆگردی تێدایە هەر بۆیە بەنزینی فرۆكەی لێ بەرهەم دەهێنن .

٤- كێڵگەی چیا سورخ :- دەكەوێتە نزیك سنوری عێراق ئێرانەوە لە ناوچەیەكی شاخاوی سەختدا كە روباری سیروانی پێدا تێپەر دەبێت .درێژێكەی ٢٤ كم پانیەكەشی ٤ كم .

لە رێگەی وێنە ئاسمانیەكانەوە دەركەوتوە كە تەواوی كێڵگەكە دەكەوێتە خاكی عێراقەوە . لە ساڵی ١٩٠٢ كۆمپانیای نەوتی توركی یەكەم بیری تێدا هەڵكەند پاشان بیری ژمارە ٢ ، ٣ ی بەدوادا هات كە لە هیچ كامیان دا نەگەیشتنە نەوت . لە نێوان ساڵانی ١٩٢٢ — ١٩٥٤ كۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی ئێرانی بیری ژمارە ٤ ، ٥ ، ٦ ، ٧ ،٨ ،٩ی هەڵكەند كە لە ٦ بیری یەكەمدا بەهۆی كەمی قوڵی بیرەكانەوە هیچ شتێكیان دەس نەكەوت بەلاّم لە بیری ژمارە ٧ كە قوڵیەكەی گەیشتە ١٦٦٩ مەتر نەوت بە تێكرای ٤٨٨٠ بەرمیل لە رۆژێكدا تێبینی كرا . لە بیری ژمارە ٩ شدا كە قوڵیەكەی ٣٩٢٦ مەتر بوو برێكی زۆر غازی تێدا دۆزرایەوە .

ئەم ٤ كێڵگەیە لە دوای پرۆسەی ئازادیەوە هیچ كارێكی تێدا نەكراوە . لە ١-١-٢٠١١ بە دواوە لە روی ئیداریەوە لە كۆمپانیای نەوتی باكوور جیا كراوەتەوە و بە كۆمپانیای نەوتی ناوەراستەوە لكێنراوە.

نەوتی دەڤەری خانەقین جورێكی چاكەو سووكە گۆگریشی كەمە ٠ لە بەر چاكی جۆری نەوتەكە حكومەتی عێراق سەرەتا لولەیەكی نەوتی ١٢ ئینجی لەنەفتخانەوە بۆ بەغدا بەدووری ١٣٠ كیلۆ مەتر راكێشا كە رۆژانە ١٦ هەزار بەرمیل نەوت لێوەی رەوانەی پالاّوگەی دۆرە لە بەغدا دەكرا و بەنزینی فرۆكەی لێ دەردەهێنرا .

لە ساڵی ١٩٦٥ یش پەرە بەو هێڵەدرا وتوانرا بری نەوتی گواستراوەی خانەقین بۆ بەغدا بگەیەنرێتە ٢٥ هەزار بەرمیل لە رۆژێكدا .جگە لەمە سوودێكی تری لێ دەبینرا ئەویش بە



تێكەڵ كردنی لە گەڵ نەوتی كێڵگەی ( شرق بغداد ) كە نەوتەكەی قورس وبێ كەڵك بوو .

لە كانونی یەكەمی ١٩٥١ حكومەتی عێراق كۆمپانیای نەوتی خانەقینی كری یەوە لە ساڵی ١٩٥٨ یشەوە ئەندازیاری عێراقی ئەو پالاّوگەیە دەباتە رێوە .

پرۆسەی هەڵكەندنی نەوت تا ساڵی ١٩٨٠ بەردەوام بوو ئەو كاتەی جەنگی عێراق ئێران دەستی پێ كرد ،لەو كاتەدا كۆمپانیای نەوتی باكور سەر قاڵی هەڵكەندنی بیری ژمارە ٣٨ بوو ، لە بەر زۆر نزیكی ناوچەكە لە سنووری ئێرانەوە بیرەكەیان داخست و كاركردنی لێ وەستا . لەساڵانی ٢٠٠٠ یشدا جارێكی تر دەست كرایەوە بە بیر هەڵكەندن و تاژمارەیان گەیشتە ٤٢ بیر٠ ئەوەی لێرەدا بە پێویستی ئەزانم بیلێم ئەوەیە دوا بەدوای پرۆسەی ئازادی بەرهەم هێنان لەو كێڵگەیە بەتەواوی وەستاوە ئێرانیش بە ئارەزوی خۆی بەرهەم دەهێنێ بێ ئەوەی گو یێ بداتە رێكەوتننامە نێو دەوڵەتی یەكان بەشە نەوتی هەردوو دیو بۆ خۆی دەبات حكومەتی عێراقیش هیچ هەڵویستێكی لەم بارەیەوە نییە٠

ئاشكرایە لە ساڵی (١٩٢٧)بەدواوە خانەقین پالاّوگەی تێدابنیات نراوە بە ناوی ( پالاّوگەی ئەلوەند) ەوە كەچی لە ئێران لە ساڵی ١٩٣٥ پالاّوگەی كرمانشاە دامەزرا٠ لە سەرەتادا بەرهەمی ئەوپالاّوگەیە ٤-٧ هەزار بەرمیل بوو لە رۆژێكدا بەلاّم دوای بەرزبوونەوەی پێویستی ناوخۆیی بۆ سووتەمەنی ، بۆری یەكی ١٠ ئینجی لە نەفتخانەوە بۆ پالاّوگەی ئەلوەند راكێشرا .

لە ساڵی ١٩٧٧ هەندێ گۆرانكاری هونەری لەو پالاّوگەیەكراو بەرهەمی بەرزكرایەوە بۆ (12.5 )هەزار بەرمیل لە رۆژێكدا ،لە كاتی خۆشیدا ( ٣ ) هەزار كرێكار لەو پالاّوگەیە كاریان دەكرد .

لە ساڵی ١٩٨٠ كە شەری عێراق ئێران هەڵگیرسا ئەم پالاّوگەیە بەهۆی نزیكی یەوە لە مەیدانی شەرەكە زیانی لێكەوت و بە یەگجاری لە كار كردن وەستا ٠.بە كۆتایی هاتنی جەنگی هەشت ساڵەی عێراق ئێران ، حكومەتی بەعس لە موزایەدەیەكدا پالاّوگەكەی بە ٥٥٠ ملیۆن دینار فرۆشت و شوێنەكەشی لەسەر نەخشە سرییەوە.

له دوای پرۆسەی ئازادی داو له ٢٠٠٥/٧/٧ لیژنەیەك پێكهێنرا بەمەبەستی ئاوه دانكردنەوەی خانەقین بەناوی( لیژنەی نەوت ) بۆ تاوتوێكردنی بارودۆخی نەوت له خانەقین .

ئەم لیژنەیەو چەندین لایەنی تر داوایان له وەزارەتی نەوت كرد بۆ دامەزراندنی پاڵاوگەیەك لەو ناوچەیە بەڵام حكومەت هەموو دەم رەتیان دەكردەوە .دواجار حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوت له بەردەم پەرلەمانی عێراقدا راشكاوانه پاساوی ناراستی هێنایەوە گوایە بەرهەمی كێڵگه كانی خانەقین كەمەو پێویستی به پاڵاوگەنیە .

لەراستیدا بەرهەمی كێڵگەی نەفتخانە كەم نیە بەو رادەیەی شەهرستانی باسی لێوەدەكات بەڵكو فاكتەری سیاسی هەیە پاڵیان پێوە دەنێت پاڵاوگە له خانەقین نەكەنەوە كە سەر ئەنجام ئێران سوودمەند دەبێت ئەو نەوتە ژێر به ژێر بۆ خۆی دەبات .

ئەركی حكومەتی عێراقە پەلە بكات له دامەزراندنی پاڵاوگەیەك له خانەقین چونكە مافێكی مێژوویی زەوتكراوەو شارەكەش له رووی ئاسایشەوە ئارامە كە ئەوە خۆی له خۆیدا هاندەرە بۆ كۆمپانیاكان بۆ وەبەرهێنان لەو شارەدا كە دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرهەمی ناو خۆی بەرووبوومە نەوتی یەكان له بری ئەوەی له دەرەوە بهێنرێت



# كۆمپانیای پاڵاوگەكانی باكوور

كۆمپانیای پاڵاوگەكانی باكوور دەكەوێتە قەزای بێجی یەوە له پارێزگای سەلاحەدین .ئەركی ئەم كۆمپانیایە پاڵاوتنی نەوتی خاوە بۆ بەرهەم هێنانی بەروو بوومە نەوتی یەكان و جۆرەجیاوازەكانی رۆن ، سەرجەم ووزەی بنەرەتی كومپانیاكە ٤٠٠ هەزار بەرمیلە لە رۆژێكدا .

كۆمپانیای پاڵاوگەكانی باكوور بەپێ ی بریاری ژمارە ١٠١ ساڵی ١٩٧٦ ی وەزارەتی نەوت دامەزراوە.

پێش ئەم مێژووە شارۆچكەی بێجی هیچ گرنگی یەكی ئابووری وەهای نەبوو باس بكرێت تەنانەت هەڵكەوتەجوگرافی یەكەشی هیچ بایەخێكی ستراتیجی نەبوو.

بەحوكمی ئەوەی ئەم قەزایە زیاتر له پیاوانی بەعس پێك هاتبوو و خزم و عەشیرەتی دیكتاتۆر خۆی بوون ، بۆیە ئەم پاڵاوگە مەزنە ی لەو شوێنە دامەزراند له جیاتی ئەوەی لە كەركوك بنیاتی بنێت ، كە كەم ئابوورتر ئەبوو ، له جیاتی ئەوەی نەوت له رێگەی بۆری یەۆە دەیان كیلۆمەتر ببرێ و له كەركوكەوە رەوانەی بێجی بكرێ دەتوانرا یەكسەر پاڵاوگەكە لە نزیك سەرچاوە نەوتی یەكانی كەركوك دابمەزرێنرێت .

ئامانج له دورست كردنی پاڵاوگەكە پاڵاوتنی ئەو نەوتەیە رۆژانە لە كەركوكەوە دەنێردرێ پاشان دابەش كردنی بەسەر پارێزگاكانی عێراقدا .

له دوای پرۆسەی ئازادییەوە هەناردەی نەوتی كەركوك بۆپاڵاوگەی بێجی له نێوان ١٦٠-٢٠٠ هەزار بەرمیل تەوتی خاوە،بەڵام له سەردەمی بەعس ئەم ژمارەیە زیاتر بوو.

پاڵاوگەكە خۆی له خۆیدا له ژمارەیەك پاڵاوگە پێك هاتووە كە ئەمانەن :--

١-پاڵاوگەی سەلاحەدین١ له ساڵی ١٩٨٢ ەوە به ووزەی ٧٠ هەزار بەرمیل له رۆژێكدا كار دەكات .

٢-پاڵاوگەی سەلاحەدین ٢ ئەمیشیان به هەمان ووزەی ئەوی پێشوو لە ساڵی ١٩٨٤ ەوە دەستی به بەرهەم هێنان كردووە

٣ - پاڵاوگەی باكوور : به گەورەترین پاڵاوگەی عێراق دەژمێردرێ و ووزەی بەرهەم هێنانی ١٥٠ هەزار بەرمیلە له رۆژێكدا ، له ساڵی ١٩٨٣ دەستی به كار كردووە .

٤- پالآوگەی دەرهێنانی رۆن : هەڵدەستێت بە بەرهەم هێنانی رۆنی ئۆتومبیل ومەکینە جیاوازەکان ساڵانە ٢٥٠ هەزار تەن رۆن بەرهەم ئەهێنێ .

٥- پالآوگەی ( صینیە )لە ساڵی ١٩٨٧ دامەزراوەو لە رۆژێکدا ٢٠ هەزار بەرمیل سووتەمەنی بەرهەم دەهێنێ .

ئەمانە سەرەوە ئەو پالآوگانەن کە دەکەونە سنووری پارێزگای سەلاحەدینەوە بە لاٚم لە رووی ئیدارییەوە جگە لەم پێنج پالآوگەیەی ناومان هێنان ئەم چوار پالآوگەیەی خوارەوەشیان خراوەتەسەرو بەرێوبەرێکی گشتیان داناوە سەر پەرشتی هەموویان دەکات :

١-پالآوگەی حەدیسە لە ساڵی ١٩٥١ ەوە دامەزراوە رۆژانە ١٦ هەزار بەرمیل بەرهەم دەهێنێت.

٢- پالآوگەی گەیارە لە ساڵی ١٩٥٥ دامەزراوەو رۆژانە ١٤ هەزار بەرمیل ماددەی ئەسفەلت بەرهەم دەهێنێ

٣—پالآوگەی کەرکوك لە ساڵی ١٩٧٣ دامەزراوەو بەرهەمی ٣٠ هەزار بەرمیلە لە رۆژێکدا .

٤- پالآوگەی کەسك لە پارێزگای نەینەوا دایەو رۆژانە ١٠ هەزار بەرمیل بەرهەم دەهێنێ .

*هەرچەندە لە ناو خەڵکدا بە پالآوگەی بێجی ناسراوە بەلاٚم لە راستیدا لە ژمارەیەك پالآوگە پێك هاتووە و دەکەونە ناحیەی بێجی یەوە



# لایەنە پۆزەتیڤو نێگەتیڤەکانی هەناردە کردنی نەوتی هەرێمی کوردستان

ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٩/٦/١ رووداوێکی مێژوویی زۆر گرنگە لە ژیانی گەلی کورددا کە ناکرێ وەك رووداوێکی تێپەڕ بۆی بڕوانین، گەلەکەمان مافی خۆیانە شانازی پێوە بکەن و ساڵانە یادی بکەنەوە. میدیای کوردی هەریەکەیان لە تێڕوانینی خۆیانەوە باسیان لە لایەنە پۆزەتیڤەکانی کرد بەلاٚم من لێرە وەك ئەندازیارێکی جیۆلۆجی باس لەلایەنە نێگەتیڤەکانیشی دەکەم .

لایەنە پۆزەتیڤەکان دوو تەوەر لە خۆ دەگرێت ئابووریو سیاسیی .

لەڕووی ئابووریەوە هەرچەندە داهاتی ئەو نەوتە ١٠٠٪ ناچێتە خەزێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەلاٚم بوونی نەوت لەهەر شوێنێکدا دەبێتە هۆی دروست بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە دامەزراوەی نەوتی وەك پالآوگە، وێستگەی لێك جیاکردنەوە (محطة العزل — diggasing station) وێسگەی کەبس کردن غاز، وێستگەکانی پاك کردنەوەی غازە جیاوازەکان، وێستگەکانی پاڵنان (pump station) گومانی تێدانیە هەموو ئەو دامەزراوانەی باسمان لێکردن پێویستی بە دەستی کرێکارو ئەندازیارو فەرمانبەر هەیە کە سەرەنجام دەبێتە هۆی دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لە رۆڵەکانی وولاٚتەکەمان، با لێرەدا پالآوگەی بێجی بە نموونە بهێنمەوە، پێش دامەزراندنی پالآوگەی بێجی لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا بێجی بریتی بوو لە شارۆچکەیەکی دوا کەوتووی بێ دەرامەت کە زۆربەی خەڵکەکەی بە کارکردن لە سوپای عێراقدا خەریك بوون جگە لەوەی شارۆچکەکە هیچ دەرامەتێکی ئابووری نەبوو، بەلاٚم بە دامەزراندنی ئەم پالآوگەیە لەم شوێنەدا ئەو شارۆچکەیە بە تەواوی ژیایەوەو حاڵی حازر زیاتر لە ١٢ هەزار کارمەند لەو پالآوگەیە کار دەکەن، وێرای ئەوەی رۆژانە سەدان تانکەری نەوت هەڵگر روووی تێدەکەن کە بووەتە مایە خولقاندنی بواری کار بۆ سەدان کەس، بێگومان لە کوردستانی خۆشماندا ئەم گەشەسەندنە دێتە دی بەلاٚم نەك لە چاو تروکانێکدا، پێویستی بە کاتو کۆشش کردن هەیە.

لە رووی سیاسیشەوە بایەخێکی گەورەی هەیە، بۆ یەکەم جارە لە مێژوودا سامانو سروشتی وولاٚت بۆ خێرو خۆشیو ئاوەدانی بەکار بهێنرێتو بە دەستی خەڵکەکەی هەڵسوڕێنرێ، ئەگەر

ژیرانە لەگەڵ ئەو سامانە ڕفتار بکەین‌و ببێتە مایەی چەسپاندنی دیموکراسی ئەوا کاردانەوەی تەواوی لەسەر حوکمڕانی حکومەتی هەرێم دەبێت‌و لە نێو کۆڕو کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی دا پایەی بەرز دەبێت، چونکە یەکێك لە خاسیەتە خراپەکانی نەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست کردنی سیستەمی دیکتاتۆریەتە ئەگەر بە عەقڵ‌و مەنتق مامەڵەی لەگەڵ نەکرێ، ڕژێمی بەعس نمونەیەکی زیندووی قسەکانمانە.

بایەخێکی تری سیاسی ئەوەیە بە تێکەڵ بوونی بەرژەوەندی ئابووری هەرێم‌و وولاتانی دەوروبەر دوور نیە ئەوانەی ڕۆژانە پیلانیان لە ئەزموونی هەرێم دەگێرا سبەی ببنە پارێزەری ئەزموونەکەمان.

نامەوێ لەمە زیاتر لە لایەنە پۆزەتیڤەکان بدوێم چونکە زۆری لەسەر ووتراوەو نوسراوە، نامەوێ دووبارەیان کەمەوە.

لایەنە نێگەتیڤەکانی پرۆسەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم کە بڕواناکەم کەسێك لێی دوا بێت لایەنە هونەریەکانیەتی.

١- هەردوو کێڵگەی تەق تەق‌و تاوکی لە (زاخۆ) ڕۆژانە دەتوانن ١٠٠هەزار بەرمیل بڕێژنە ناو هێڵی سەرەکی عێراق تورکی یەوەو لەوێوە ڕەوانەی دەرەوە بکرێت، کێڵگەی تاوکی لە زاخۆ بە حوکمی ئەوەی نزیکە لە بۆری هەناردەی عێراق تورکی یەوە ئەوا ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ڕاکێشانی کورتە بۆڕیەکەوە کارەکە ئەنجام دراوە، کێشەکە لە کێڵگەی تەق تەقە چونکە زۆر دوورە لەو بۆریەوە، بۆ ئەم مەبەستە چەند مانگێك لەمەو بەر لەسەر داوای وەزارەتی نەوتی عێراقی لیژنەیەك لە کۆمپانیای نەوتی باکوور پێك هات بۆ ووتوویژکردن لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتی یەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی نەوت پێشنیاری وەها بوو بە درێژایی ٦٢کیلۆمەترو لەسەر ئەرکی وەزارەتی نەوتی بەغدا بۆڕییەك لە تەق تەقەوە ڕابکێشرێت بۆ کەرکوك تا ڕاستەوخۆ نەوتە کە برژێنرێتە ناو هێڵی عێراق تورکی یەوە بێ ئەوەی بە هیچ پرۆسەیەکی پاك کردنەوەدا تێپەڕبێت چونکە نەوتەکەی خۆی لە شوێنی خۆیدا پاك کراوەتەوە، لیژنەکەی حکومەتی هەرێم بەم پێشنیارە ڕازی نەبوون و دەیان ویست بۆریەك لە تەق تەقەوە بگەیەنرێتە قوشتەپە لە وێشەوە بۆ وێستگەی خورماڵە لە نزیك ناحیەی دیبەگە کە درێژەیەکەی ١٦٨ کیلۆمەتر دەکات، سەرەنجام لیژنەی وەزارەتی نەوت بەمە ڕازی نەبوون‌و کارەکە بێ ئەنجام مایەوە، ئێستاش نەوتی تەق تەق بەرێگەی تەنکەر دەهێنرێتە وێستگەی خورماڵە کە ئەمەش ڕێگایەکی زانستی‌و عەمەلی نیە، ئەگەر بە



شێویەکە زانستی‌و بێ لایەنانە باسی ئەو کێشەیە بکەین ئەوا پێشنیارەکەی لیژنەی وەزارەتی نەوتی عێراق ڕاستترە چونکە ئەو نەوتەی تەق تەق هەروەکو ووتمان پاککراوەیەو ئامادەیە بۆ هەنارده کردن کاتێك تێکەڵ بە نەوتەکەی خورماڵە دەکرێت کە هێشتا پاك نەکراوەتەوە ئەوا کارێکی نازانستی یە چونکە ئەو نەوتە تێکەڵە جارێکی تر دێتە کەرکوك بۆ پاك کردنەوە کە ئەبێتە هۆی لە دەست دانی هەندێك لە توخمە گرنگەکانی ناو نەوتەکە.

هەروەها کاتێك شوفێری تانکەر نەوتەکە بار ئەکات ئیتر ئەو نەوتە دەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی ئەو شوفێرەوە ئایا بڕی تەواو بار ئەکات ئایا لە ڕێگەدا دەستکاری دەکات یان نا.

٢- پشکی کۆمپانیا بیانیەکان، تا ئێستا نەحکومەتی هەرێم‌و نەحکومەتی بەغدا بە ڕەسمی ڕانەگەیەنراوە چۆن چۆنی پشکی ئەو کۆمپانیایانە دەدرێت کە سەرقاڵی‌و گەڕان‌و دەرهێنانی نەوتن، هەرچەندە شەهرستانی وەزیری نەوت بەرپرسیارێتی پشکی کۆمپانیاکانی خستۆتە سەر حکومەتی هەرێم، ئەگەر ئەمە هەڵوێستی ڕەسمی حکومەتی بەغدا بێت ئەوا حکومەتی هەرێم قازانجێکی وەهای بەرناکەوێت.

٣- چاکتربوو پێش هەناردەکردنی نەوتی هەرێم کێشەی گرێبەستە نەوتیەکانی نێوان هەرێم‌و بەغدا چارەسەرکرابایە چونکە دوور نیە بەغدا جارێکی تر تەگەرە بخاتەوە بەردەم پرۆسەکە، وەزارەتی نەوتی عێراق پەنا بردنی بۆ نەوتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ شکست هێنانی لە زیادکردنی برە نەوتی هەناردەی عێراقی، لێرەدا پرسیارێك خۆی قیت دەکاتەوە ئەگەر لە ئایندەدا حکومەتی بەغدا لە ئەنجامی هێنانی کۆمپانیایەکی زۆری بیانی بۆ عێراق توانی بڕی بەرهەم هێنانی نەوتی عێراق زیادبکاو پێویستی بەو برە نەوتە کەمەی هەرێم نەما ئایا بە دوور دەزانرێ بەغدا هەڵوێستی خۆی بگۆڕێ‌و نەوتی هەرێم رابگرێ؟؟؟

٤- کەمی دەستی کادری نەوتی، بە حوکمی ئەوەی هەرێمی کوردستان لە رابردوودا هیچ پرۆسەیەکی بەرهەم هێنانی نەوتی تێدا ئەنجام نەدراوە هەر بۆیە کادری نەوتی تێدا پەروەردە نەبووە، پرۆسەی بەرهەم هێنانی نەوت لە کەرکوکیشدا قەدەغە بوو بۆ کورد نزیکی بکەوێت، هەر بۆیە پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم کۆمپانیا بیانیەکان ناچار بکات بۆ پەروەردەکردنی کادری نەوتی کورد ئەویش بە ئیش پێکردنیان بەشێوەیەکی پراکتیکی لەسەر کێڵگەی نەوتی یەکان‌و هەروەها ڕەوانەکردنیان بۆ دەرەوەی وولات بۆ بەشداری کردنی لە خولی تایبەت بە بواری نەوت.

# کێڵگە نەوتییەکانی سنووری شاری موسڵ

دوای تەواوبوونی جەنگی جیهانی یەکەم کە عێراق کەوتە ژێر رکێفی بەریتانیاوە ئیتر کۆمپانیا بیانییەکان بە ئاشکراو بە رێکەوتن لەگەڵ عێراقییەکان دەستیان کرد بەگەران و پشکنین بەدوای نەوتدا . بەشێك لەو کۆمپانیانە بەری رۆژهەلاتی روباری دیجلەیان بەرکەوت کە سنووری شاری کەرکوکی دەگرتەوە ، کۆمپانیایەکیان تێدا دامەزراند بەناوی کۆمپانیای نەوتی عێراق (IPC).

بەشێکی تریان بەری رۆژئاوای رووباری دیجلەیان پێبراو کۆمپانیایەکیان تێدا بنیاتنا بەناوی کۆمپانیای نەوتی موسڵ(MPC). ئەم کۆمپانیایەی دوایی پاش ئەنجامدانی رووپێوێکی (مسح SURVEY) ناوچەکە توانی ژمارەیەك ستراکچەر(ترکیب )ی جیۆلۆجی بدۆزێتەوە ، پاشان دەستی کرد بە هەڵکەندنی بیری نەوت لە هەندێکیاندا . لەو کاتەوە تا ئەمرۆ چەند جارێکی تر لە لایەن کۆمپانیا بیانی و عێراقییەکانەوە رووپێوی ناوچەکە کراوە ، حالی حازر ژمارەی ستراکچەرەکانی سنووری شاری موسڵ نزیکەی ١٠٠ دانەدەبێت کە نزیکەی ٢٥ یان کەوتونەتە بواری ئەزمونی (استکشافی EXPL0RATION) یەوەو هەریەکەیان بیرێکی نەوتیان تێدا هەڵکەندراوەوچونەتە خانەی کێڵگەی نەوتییەوە . هەروەها ٩کێڵگەی نەوتی بەرهەمهێنی تێدایە و نەوتی لێدەردەهێنرێ بەمەبەستی بەکاربردنی ناوخۆ یان ناردنە دەرەوە کە ئەمانەی لای خوارەوەن :

١-کێڵگەی عەین زالە :کێڵگەیەکی بچووکەو لەسالی( ١٩٣٧ ) ەوە لەلایەن کۆمپانیای نەوتی موسڵەوە دۆزراوەتەوە ، لەسالی (١٩٥١) ەوە دەستی بەبەرهەمهێنان کردووە ، چڕی نەوتەکەی (API)٣٢پلەیە ، رێژەی گۆگرد تیایدا ٣٪کەئەمەش رێژەیەکی بەرزە و کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر کوالیتی نەوت هەیە .

٢-کێڵگەی (سوفەیە) : لە سالی( ١٩٧٤ ) ەوە لە لایەن کۆمپانیای نەوتی نیشتمانییەوە دۆزراوەتەوە و دەکەوێتە نزیك سنووری ولاتی سوریا . (API)یەکەی ٢٢پلەیەو لە جۆری نەوتی قورسە .



٣-کێڵگەی (بوتمە ) : کێڵگەیەکی بچووکەو لەسالی (١٩٢٢)لە لایەن کۆمپانیای نەوتی موسڵەوە دۆزراوەتەوە ، لەسالی (١٩٥٣)ەوە دەستی بەبەرهەمهێنان کردووە . (API)یەکەی ٣٠ پلەیە .

٤- کێڵگەی ساسان : کێڵگەیەکی بچووکەو لە سالی (١٩٥٦) لە لایەن کۆمپانیای نەوتی موسڵەوە دۆزراوەتەوە ، نەوتێکی سووکی هەیەو (API)یەکەی ٤٠ پلەیە .

٥- کێڵگەی عەلان :کێڵگەیەکی بچووکەو لەسالی (١٩٥٤) لە لایەن کۆمپانیای نەوتی موسڵەوە دۆزراوەتەوە ،(API)یەکەی ٣٣-٣٤ پلەیە

٦- کێڵگەی گەیارە : لەسالی (١٩٢٧) دۆزراوەتەوە نەوتێکی قورسی هەیە (API)یەکەی لە نێوان ٨-١١ پلەیە ، رێژەی گۆگرد تیایدا ٨-١١٪

٧- کێڵگەی نەجمە

٨-کێڵگەی قەسەب

٩-کێڵەی جاوان .

ئەم سێ کێڵگەیەی دوایی لە سیفاتەکانیدا نزیکە لەوانەی پێشووە .

ئەوەی تێبینی دەکرێت لێرەدا ئەوەیە کە نەوتی سنووری شاری موسڵ بە شێوەیەکی گشتی لە جۆری نەوتی قورسەو لە بازارەکانی جیهاندا هەردەم لە جۆرەکانی تر هەرزانترە .

هەروەها بەهۆی بوونی ئەم ژمارە زۆرەی کێڵگەی نەوتییەوە بوار فراوانە تا کۆمپانیایەکی تایبەت بەو شارە دابمەزرێنرێت وخەڵکی شارەکەی تێدا دابمەزرێنرێت و چیتر رەوانەی شاری کەرکوك نەکرێن.

# ناردنە دەرەوەی غازی سروشتی کوردستان بەشداریکردنە لە گەمەیەکی ستراتیجی

غازی سروشتی هەروەکو نەوت ملیۆنان ساڵ لەمەوبەر لە زیندەوەری زۆر وورد بە تایبەتی ڕووەکی دروست بووە کە دوای مردنیان کەڵەك بوونەو چوونەتە ناخی زەوی یەوە، دواتر بە هۆی گەرمیو پەستانەوە (tempretuer and pressure) ئەو ماددە ئۆرگانی یانە گۆڕاون بۆ غازی سروشتی. غازی سروشتی لە قوڵایی زیاتر لە ٦ هەزار مەترو لە ژێر پلەی گەرمی زیاتر لە ١٥٠ پلەی سەدی دروست بووە، غاز لە سروشت دا بە دو وچەشن هەیە یان ئەوە تا لە سەرووی ئاستی نەوتەوە چینێکی پێك هێناوەو پێی دەوترێ ( الغاز المصاحب) (associated Gas) یان ئەوەتا بە تەنها هەیەو پێی دەووترێت (free Gas) لە عێراقدا تا ئێستا تێبینی ئەوەی کراوەو هەیە لە چەشنی یەکەمە واتە کێڵگە نەوتی یەکان نەوتو غازیان پێکەوە تێدایە، تەنها کێڵگەی ( عەکاس) لە ڕۆژئاوای عێراق نەبێت کە مەزەندە دەکرێت تەنها غازی تێدابێت.

ئەو کێڵگانەی لە باکووری عێراق غازی سروشتیان تێدا هەیە ئەمانەن:

١-کێڵگەی عەجیل (تکریت).

٢-کێڵگەی مەنسوریە (دیالی).

٣-کێڵگەی جەمبور (باشووری کەرکوك).

٤-کێڵگەی کۆرمۆر (ڕۆژهەڵاتی کەرکوك نزیك ناحیەی قادر کەرەم).

٥-کێڵگەی چەمچەماڵ.

کێڵگەی چوارەمو پێنجەم لە ساڵانی پەنجاکانەوە ئینگلیزەکان بیریان لێ هەڵکەندووەو دەرکیان بە بوونی غاز کردووە تێیدا بەڵام هیچ بەرهەمیان لێ وەبەرنەهێناوە، سەبارەت بە کێڵگەی چەمچەماڵ تەنها دوو بیری تێدا هەڵکەنراوە دوای ئەوەی نەوتیان تێدا بەدی نەکردو تەنها غاز دەرچووە دەرەوە ئیتر وازیان لێ هێناو تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت کەس نەچووە بەلایدا.

بەڵام کێڵگەی کۆرمۆر لە ساڵانی هەشتاکاندا کۆمپانیای نەوتی باکور ژمارەیەك بیری تری تێدا هەڵکەندو گەیشتە ٨ بیر، ئەوەی لەم کێڵگەیە بە دی کرا ئەو غازە سروشتی یە زۆرەیە کە تێیدایە، بە رای جیۆلۆجیەکان ئەو دوو کێڵگەیە ٣,٦ تریلیۆن مەتر سێ جا غازی تێدایە.



غازی سروشتی هەروەکو نەوت لە پێویستی یە سەرەکی یەکانی ژیانی ڕۆژانەیەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خواست لەسەری زیاتر دەبێت، ڕوسیا بەیەکەم وڵاتی جیهانی دەژمێردرێ لە وەبەرهێنانی غازی سروشتی، ئێران بەپلەی دووەم، قەتەر بە پلەی سێ هەم دێت.

ڕووسیا ساڵانێکی زۆرە بە دوو هێڵ غازی سروشتی ڕەوانەی ئەوروپا دەکات یەکەمیان هێڵی باکورە کە بە ژێر دەریای بەڵتیق دا تیپەڕ دەبێت تا دەگاتە ئەڵمانیا .

دووەمیان هێڵی شین کە لێوەی غاز ڕەوانەی تورکیاو وڵاتانی خۆرئاوای ئەوروپا دەکات.

ئێستاش بە نیازە هێڵی سێهەم رابکێشێ بە ناوی south stream کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ کۆتایی دێت، ئەم هێڵە بە ژێر دەریای ڕەش دا تێپەڕ دەبێتو غاز دەگەیەنێتە ژمارەیەکی تری وڵاتانی ئەوروپا، لە توانایدایە ڕۆژانە ٣١-٦٣ ملیار مەتر سێ غازی سروشتی ڕەوانە بکات.

بێگومان ڕووسیا بە تەواوکردنو کەوتنە کاری ئەم پرۆژیە دەبێتە هێزێکی ئابووری گەورە لە جیهانداو کاریگەری خۆی دەبێتو زیاتر لە وڵاتانی ئەوروپا نزیك دەبێتەوەو حیسابی بۆ دەکرێت.

وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە حوکمی ئەوەی بە درێژایی مێژوو ڕقەبەرێکی گەورەی یەکێتی سۆڤیەتی جارانو روسیای ئێستایە لە هەوڵی بەردەوام دایە بۆ سنورداركردنی ئەو توانایەی روسیا، بۆ ئەم مەبەستە هەڵساوە بە هاندانی ژمارەیەك کۆمپانیا تا هێڵێکی تری ناردنە دەرەوەی غازی سروشتی رابکێشێ بە ناوی هێڵی (نابۆکۆ) تا ببێتە مونافسی گەورەی هێڵە روسی یەکەو لە کاریگەری یەکەی کەم بکاتەوە.

هێڵی (نابۆکۆ) بری ٨ملیار دۆلاری تێدەچێت هەریەك لە کۆمپانیاکانی (O.M)ی نەمساویو (O.M.L)ی هەنگاریو هەردوو کۆمپانیای هیلالو دانا غازی ئیماراتی بەشداری تێدا دەکەن.

نەخشەی ئەم هێڵە بڕیاروایە بە خاکی تورکیا تێپەربێتو بە ژێر دەریای قەزویندا غازی سروشتی بگەیەنێتە ئەوروپا، ئەو وڵاتانەش کە بەشداری ناردنە دەرەوەی غازی تێدا دەکەن وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاستو هەرێمی کوردستانی عێراقن.

دوا وادەش بۆ تەواوبوونی ئەم هێڵە ساڵی (٢٠١١) یە. لەم پرۆژەیە نوێ یە هەرێمی کوردستان ڕۆژانە بە ٣ملیار مەتر سێ جار لە غازی سروشتی بەشدار دەکاتو ڕەوانەی ئەوروپا دەکرێت.

حکومەتی عێراق لە زاری وەزیری نەتەوە ئەم بیرۆکەیەی رەت کردەوەو قبوڵیان نیە بە بێ راوێژ لەگەڵ بەغدا هیچ هەنگاوێك بنرێت، لەولاشەوە روسەکان لە رێگەی لێپرسراوەکانیەوە بێخەمی خۆیان لەم پرۆژەیە دەربریوە ئەوەتا ئەلکسەندەر سولتانۆف جێگری وەزیری دەرەوە دەڵێت ناردنە دەرەوەی غازی هەرێمی کوردستانی عێراق لە رێگەی هێڵی (نابۆکۆ)وە لە بایەخی ناردنە دەرەوەی غازی روسیا بۆ ئەوروپا لە داهاتوودا کەم ناکاتەوە.

هەر بە گوێرەی راو بۆچوونی بەرپرسانی رووس پرۆژەی south stream پێش پرۆژەی (نابۆکۆ) کۆتایی دێت.

لە کۆتاییدا ئەوەندە ماوە بڵێین شارەزایان پێیان وایە ئەم پرۆژەیە ناتوانێت ئامانجی سەرەکی خۆی بپێکێ بە پەکخستنی رۆڵی روسیا چونکە پرۆژەکە ناتوانێت ئەو برە غازە پێویستە بۆ ئەوروپا دابین بکاتو متمانەیان لەسەر روسیا نەمێنێت، کاتێك پرۆژەکە سەرکەوتوو ئەبێت ئێرانیش بێتە کایەکەوەو بەشداری بکات لە ناردنە درەوەی غازی سروشتی کە ئەمەشیان بەلای ئەمریکی یەکانەوە پەسەند نیە.



# کێڵگە نەوتی یە بەرهەمهێنەکانی عێراق

بەحوکمی هەڵکەوتەی جیۆلۆجی و جوگرافی عێراق وولاتەکەمان کەوتوتە سەر دەریایەك نەوت٠ دوا توێژینەوەی جیۆلۆجی ئەوە ساغ دەکاتەوە کە لە عێراقدا نزیکەی ٥٣٠ (structure)ی جیۆلۆجی هەیە و ئەگەری بوونی نەوتیان تێدایە . لەم ژمارە زۆرە تا ئێستا تەنها لە ١١٥ لەو(structure) بیرهەڵکەندراوە ، ٤١٥ یان ماوەتەوە و دەستیان پێ نەگەیشتووە٠ تەنها شاری بەسرە خاوەن ١٥ کێڵگەیە کە ١٠ لەم کێڵگانە بەرهەم هێنەو چاوەرێی زیاتر گەشەپێدان و بەرهەم هێنان دەکات ،پارێزگای بەسرە خاوەنی ٥٩٪ی یەدەکی نەوتی عێراقە ، هەردوو پارێزگای عیمارەو ناسریەش ١٢٪ی یەدەکی نەوتی وولاتی تێدایە ، ئەوەی کە دەمێنێتەوە کە٢٩٪ یە بەر پارێزگاکانی ناوەراست و کەرکوك و هەرێمی کوردستان دەکەوێت . ١٤٪ پارێزگاکانی ناوەراست ، ١٢٪ کەرکوك ،٣٪هەرێمی کوردستان .

بالێرەدا هەڵوێستەیەك لە سەر هەندێ لەو کێڵگانەی باشووری عێراق بکەین :

١- کێڵگەی ( رومیلە ) :- زەبەلاحترین کێڵگەی باشووری عێراقەو لە رۆژئاوای شاری بەسرەوە دەست پێ دەکات رووەو باشوور تا بەشی خوارەوەی دەکەوێتە ناو دەولەتی کوێتەوە ، لە جیهاندا بە نۆیەم کێڵگە دەژمێردرێ ونەوتەکەی لە جۆرە هەرە چاکەکانە . یەکەم بیر لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٠ هەڵکەنراوە ،ئێستا ژمارەی بیرە هەڵکەنراوەکانی گەیشتووەتە ٦٦٣ بیری بەرهەم هێن . لە ماوەی شەری عێراق ئێراندا بەرهەم هێنان لەم کێڵگەیە وەستابوو رژێمی ئەوسای عێراقیش کوێتی بە دزینی نەوتی عێراق تاوانباردەکرد .

٢- کێڵگەی مەجنون :-کێڵگەیەکی زۆر گەورەی شاری بەسرەیە ، ئەگەر پەرەی پێ بدرێ بەرهەمی رۆژانەی دەگاتە ٦٠٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا .

٣- کێڵگەی قورنە :- ئەمەشیان دەکەوێتە سنووری پارێزگای بەسرەوە و لەساڵی ١٩٧٣ یەکەم بیری تێدا هەڵکەنرا . رژێمی بەعس پێش رووخانی گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیا روسی یەکاندا بە ستیوو بۆ پەرەپێدانی بەرهەمی نەوت لەم کێڵگەیە ، بەلاّم دوای رووخانی رژێمی بەعس ئەمریکی یەکان کەوتنە رقەبرایەتی یەکی توند لەگەڵ رووسەکان ونەیان هێشت پێ بنێنە ناو خاکی عێراقەوە .

حکومەتی پێشووی عێراق بەرنامەیەکی هەبوو بۆ گەشەپێدانی کەرتی نەوت تا بەرهەمی نەوت بگاتە ٦,٣ ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا ئەوە بوو بەبری ٣٨ ملیار دۆلار گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیا چینی و فەرەنسی و رووسی یەکاندا بەست بەلاّم بە کۆتایی هاتنی رژێم ئەم گرێبەستانەش هیچ گاریگەری یەکیان نەما .

وا لێرەدا خشتەیەك دەخەینە ڕوو ئەو کێڵگانە ی تێدا پیشان دراون کە نەوتیان لێ بەرهەم هێنراوەو بەمەبەستی بازرگانی نەوتیان لێوە رەوانەی دەرەوە کراوە( واتە کێڵگە گەشە پێدراوەکان) :-

| پارێزگا | ژمارەی کێڵگەکان | ناوەکانیان |
|---|---|---|
| بەسرە | ١٠ | رومیلەی باکوور،رومیلەی باشوور ، مەجنون ، زوبیر ، نەهر عومەر ، قورنە ، لحێس ، گوبە ، حسبە ، حلفایە |
| میسان | ٤ | بازرگان ، ابو غرب ،فکە، عمارە |
| بەغدا | ١ | شرق بغداد |
| دیالی | ١ | نەفتخانە |
| صلاح الدین | ٤ | تکریت ، عەجیل(دواتر ناوی گۆررا بۆسەدام) ، بەلەد |
| کرکوك | ٤ | کەرکوك ، جەمبور ، بای حەسەن ،خەباز |
| نینوی | ٤ | عەین زالە ، گەیارە ، صفیە ، بگمە (جۆری نەوتەکەی قورسەو زۆر بە نرخ نیە) |

کەواتە ئەگەر سەرەنج بدەین لە کۆی ئەو ١١٥ کێڵگەیەی دۆزراونەتەوە تەنها لە ٢٧ کێڵگەیان نەوت بەرهەم هێنراوە و رەوانەی دەرەوە کراوە بەلاّم لە رۆژگاری ئەمرۆماندا دوای پرۆسەی ئازادی لەو ٢٧ کێڵگەیەش تەنها ١٥ کێڵگەیان خراونەتە کارەوە وئەوانی تر وازیان لێ هێناون لە بەر ئەوەی عێراق لە بواری تەکنیکی نەوتدا زۆر دواکەوتووەو لە توانایاندا نیە خۆیان لە قەرەی کێڵگەیەکی زۆر بدەن٠



# خاسیەتەکانی نەوتی عیراق

نەوت بەگرنگترین سامانی سروشتی دادەنرێت کە خوا بە خەڵکی عیراقی بەخشیوە وێرای خێر و بیری ئاوی هەردوو روباری دیجلەو فورات و بە پیتی خاکەکەی .

گرنگی نەوتی عیراق لە بازارەکانی جیهان لەم خالاّنەی خوارەوە خۆی دەبینیتەوە:-

١- یەدەکێکی زۆر :- عێراق خاوەنی لە ١٠٪ ی یەدەکی نەوتی جیهانەو دەکاتە ١١٥ ملیار بەرمیل . بەپێ رای شارەزایانی جیۆلۆجی دور نیە زیاتریش بێت چونگە عێراق خاوەنی ٥٢٦ ستراکچەری جیۆلۆجیە و تا ئێستا لە ٧٨ یان نەوت دەرهێنراوە لەو ژمارەیەش ٢٦ یان لە کاردان و نەوتیان لێ دەردەهێنرێت . بەپێ زانیاریەکانی کارگێری ووزەی ئەمەریکی یەدەکی نەوتی عێراق دەگاتە ٤٠٠ ملیار بەرمیل .

٢- کەمی تێچونی بەرهەم هێنان :- بری تێچونی بەرهەم هێنانی نەوتی عێراق لە کەمترین ئاست دایە لە جیهان ئەویش ئەگەرێتەوە بۆ ئەوەی گیڵگە نەوتی یەکان لەسەر وشکانین و نەوتەکەش نزیکە لە ئاستی روی زەوی یەوە بۆ نمونە چاڵە نەوتەکانی باوەگرگر قولاّییکەی کەمتر لە ٥٠٠ مەترە هەروەها بەهۆی ئەو پەستانە سروشتی یەی هەیەتی کەمتر پێویستی بەوزەی تر هەیە بۆ هێنانە دەرەوەی . گۆڤاری (نەوت و غازی جیهانی ) لە توێژینەوەیەکی دا لە ساڵی ٢٠٠٢ دا جەختی کردۆتەوە کە بۆ دەرهێنانی هەر بەرمیلێك نەوتی عێراقی پێویستی بە ٥,٥ دۆلاری ئەمەریکیە بەلاّم لە وولاّتانی تر زۆر لەوە زیاتر دەکەوێت بۆ نمونە نەوتی دەریای باکوور دەگاتە ١٢ -- ١٥ دۆلار ، گیڵگەکانی تکساس لە ئەمەریکا ٢٤ -- ٣٣ دۆلار ، گیڵگەکانی کەنەدا ٢٠—٢٥ دۆلار ، نەرویج ١٢—١٧ دۆلار ، روسیا ٥ – ٩ دۆلار . بەو پێیە ئەگەر نرخی هەر بەرمیلێکی نەوت دابەزێتە خوار ٢٠ دۆلار ئەوا گیڵگەکانی ئەمریکای باکوور هیچ قازانجێك ناکەن کە چی نەوتی عێراق لەو بارەشدا هەر قازانجی خۆی دەکات .

٣- لە راستیدا ئێستا لە عێراقدا بری تێچونی بەرهەم هێنانی هەر بەرمیلێك نەوت ناگاتە ٢ دۆلار .

٤- بوونی دەروازەی زۆر بۆ ناردنە دەرەوە وەك دەریای ناوەراست و کەنداو هەر وەها دەریای سوور .

٥- درێژی تەمەنی نەوتی عێراق :- تەمەنی خەملێنراوی نەوت لە پێوەرە زۆر گرنگەکانە، عێراق بەو توانا زۆرو زەوەندەی هەیەتی دەتوانێ بوترێ دوا وولاٌتە کە نەوت تێیدا کۆتایی پێدێت . بە گوێرەی توێژینەوەیەکی جیۆلۆجی کە لە ساڵی ٢٠٠٦ ئەنجام دراوە عێراق تا ١٦٤ ساڵی تر هەر بە خاوەن دارێتی نەوت دەمێنێتەوە .

٦- زۆری تێکرای بەرهەمی بیرە نەوتەکان :- بە پێ توێژیتەوەکان تێکرای بەرهەمی هەر بیرە نەوتێك لە عێراق دەگاتە ١٣,٨ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا لە سعودیە ٨ هەزار بەرمیل لە رۆژیکدا ، لە ئێران ٢,١ هەزار بەرمیل ، لە کەنەدا و ئەمەریکا ٥٥ بەرمیل لە رۆژێکدا . ئەمە ئەوە دەگەیەنێت تێکرای بەرهەمی بیرە نەوتەکان لە عێراق ٩٠٠ جار لە بەرهەمی بیرە نەوتەکانی ئەمەریکا زیاترە .



# نەوتی عێراق لە نێوان گرێبەستەکانی دوێنێو ئەمڕۆ

لە ساڵی ١٩٧٢ حکومەتی عێراق توانی لە رێگەی خۆماڵی کردنی نەوتەوە کۆنترۆڵی تەواوی دامەزراوە نەوتیەکان بکاتو بیخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، ئیتر بۆ پەرەپێدانی کەرتی نەوت دەستی کرد بە بانگهێشتی کۆمپانیا بیانیەکان بۆ عێراق تاوەکو دەست بکەن بە هەڵکەندی بیری نەوت لە کێڵگە نەوتیەکان، بۆ ئەم مەبەستە پەنای بۆ کۆمپانیا رۆژئاواییو رۆژهەلاٌتی یەکان بردو گرێبەستی لەگەڵدا ئیمزاکردن، جۆری گرێبەستەکانی ئەو کاتە گرێبەستی خزمەت بوو واتە دوای هەڵکەندنی بیرەکە ئیتر ئەو کۆمپانیایە عێراقی بەجێ دەهێشت، گرێبەستیش بە مەتر واتە لەسەر نرخی هەڵکەندنی هەرمەترێك رێك دەکەوتن لە کۆتایی دا چەند مەتر دەرچووایە ئەوا پارەکەیان وەردەگرتو بیرەکەیان تەسلیمی عێراقی یەکان دەکردەوە بۆ نمونە کۆمپانیایەکی ئیتاڵی مەتری بە ٢٤٠ دۆلار هەڵدەکەند کەچی کۆمپانیای وولاٌتە رۆژهەلاٌتی یەکان هەر مەترێکیان بە ٣٥ دۆلار هەڵدەکەند واتە زۆر هەرزانتر. ٠

جۆرێکی تری گرێبەست هەبوو پێی دەوترا (Dairy rent) واتە (کرێی رۆژانە) ئەم جۆرە گرێبەستە لەگەڵ کۆمپانیای ئیتالی (Sypam) دا بەسترا هەر رۆژێك کارکردن بە ١٣ هەزار دۆلار بوو، دواتر دابەزی بە سەر ٧ هەزار دۆلار لە کۆتاییدا کرایە ٧ هەزار دیناری عێراقی.

بەلاٌم لە دوای پرۆسەی ئازادی یەوە بارودۆخەکە گۆڕاو لە ئەنجامی زنجیرە شەرێکدا دامەزراوە نەوتی یەکانی عێراق دووچاری داتەپین بوون، فاکتەرێکی تریش بوونی ئەمریکاو ولاٌتانی ترە لە عێراقدا کە هەموویان خاوەنی بەرژەوەندی تایبەتن لەم ولاٌتەدا، هەر بۆیە بۆ گەشەدان بە کەرتی نەوت سەرەتا یاسای نەوتو غازیان دەرکرد کە ماوەیەکی زۆر لە پەرلەمان مایەوەو دەنگی لەسەر نەدرا، دواتر حکومەتی عێراقی ناچار بوو دەست بکاتە گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا بیانی یەکان لەسەر شێوەی(وە بەرهێنان) لەیەکەم خولی مۆڵەت پێداندا(جولە الاولی للتراخیص) کە لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٩دا ئەنجام درا ٦ کێڵگەی نەوتی خرایە بەردەستی ژمارەیەك کۆمپانیای بیانی لە ئەنجامدا کێڵگەی رومیلە بۆ دوو کۆمپانیای چینیو بەریتانی دەرچوونو بە گوێرەی گرێبەستی ئیمزاکراوی نێوان حکومەتی عێراقو ئەو کۆمپانیایانە بەرامبەر بەرهە م هێنانی هەر بەرمیلێك نەوت بری ١,٩٠ دۆلار وەردەگرێت.

هەروەها وەزارەتی نەوت ١٠ کێڵگەی تری عێراقی خستە بەردەم ٤٤ کۆمپانیای بیانی یەوە لە ڕێگەی کەم کردنەوەوە ئەنجامەکەی بەم چەشنە بوو :

١-کێڵگەی مەجنون بە هاوبەشی بۆ هەردوو کۆمپانیای (شیل)ی ئینگلیزی هولەندی بە ڕێژەی٦٠٪و کۆمپانیای (پترۆناسی مالیزی بە ڕێژەی ٤٠٪ دەرچووە، بە پێ ی گرێبەستەکە ئەو کۆمپانیایانە بەڵێنیان داوە بەرهەمی ئەو کێڵگەیە بگەیەننە **١,٨** ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بۆ ماوەی شەش ساڵ، بەرامبەر بەرهەم هێنانی هەر بەرمیلێك نەوتیش ١,٢٩ دۆلار وەردەگرن، ئەم کێڵگەیە لە باشوری عێراقەو نزیك سنوری ئێرانە، یەدەکی نەوت تیایدا دەگاتە ١٢,٥ ملیار بەرمیل.

٢-کێڵگەی (حلفایە) بە هاوبەشی بۆ کۆمپانیاکانی CNBCی چینی بە ڕێژەی ٥٠٪و (تۆتاڵ)ی فەرەنسی بە ڕێژەی ٢٥٪و (پتروناسی) مالیزی بە ڕێژەی ٢٥٪ دەرچوو، بە پێی گرێبەستەکە لە ماوەی شەش سالدا رادەی بەرهەم هێنان لەو کێڵگەیە دەگەیەننە ٥٣٥ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرامبەر وەرگرتنی ١,٤ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك.

٣-کێڵگەی (غەرراف) بە هاوبەشی بۆ هەردوو کۆمپانیای (پتروناس)ی مالیزی (جاپکس)ی ژاپۆنی دەرچووە، بەو مەرجەی بەرهەمی نەوت لەو کێڵگەیە بگەیەنن ٢٣٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرامبەر وەرگرتنی ١,٤٩ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك نەوت .

٤-کێلگەی (ڕۆژئاوای قورنە) بۆ کۆمپانیای (لۆك ئۆیل)ی رووسی دەرچووە یەدەکی نەوت تێیدا ٢١,٨ملیار بەرمیلە .

٥-کێڵگەی بەدرە دەکەوێتە ناوەڕاستی عێراقەوە بۆ کۆمپانیای ٠غاز برومی رووسی دەرچووە بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیای TBIی تورکیو (پتروناس)ی مالیزیو (کۆغاز)ی کۆری، بەپێی گرێبەستەکە ئەم کۆمپانیایانە بەرهەمی ئەو کێڵگەیە دەگەیەننە ١٧٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرامبەر وەرگرتنی ٥,٥دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك نەوت.

٦-کێڵگەی ڕۆژهەلاتی بەغدا (شرق بغداد) دەکەوێتە نزیك (شاری سەدر)و یەدەکی نەوت تیایدا ٨,١ملیار بەرمیلە لەسەرەتادا داخوازی لەسەری نەبوو بەلاّم دواتر بە هاوبەشی بۆ هەردوو کۆمپانیای (لۆك ئۆیل)ی ڕووسی (شتات ئۆیەڵ)ی نەرویجی دەرچوو بەو مەرجەی



بەرهەمی نەوت تیایدا بگەیەننە ١,٨ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرامبەر وەرگرتنی ١,١٥ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك نەوت.

٧-کێڵگەی (گەیارە) لە نزیك شاری موسڵ یەدەکی نەوت تیایدا ٨٠٧ ملیۆن بەرمیلە ئەم کێڵگەیەش داخوازی لەسەر نەبوو بەلاّم دواتر بۆ کۆمپانیایەکی ئەنگۆلی دەرچوو بەو مەرجەی بەرهەمی نەوت لەو کێڵگەیە بگەیەننە ١٢٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرامبەر وەرگرتنی ٥ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك نەوت، شایانی ووتنە نەوتی کێڵگەی گەیارە نەوتێکی قورسەو بەرهەم هێنانی ئاسان نیە، هەموو ئەم گرێبەستانە لە جۆری گرێبەستی خزمەتو ماوەی زەمەنیان دیاری کراوە.

لە یەکێك لە بەندە گرنگەکانی هەموو ئەو گریبەستانە ئەوەیە ٪٨٠ی ئەو کرێکارو ئەندازیارانەی لەو پرۆ ژانە کاردەکەن دەبێت عێراقی بن کە ئەمە خۆی لە خۆیدا هەلی کار بۆ خەڵکی عێراق دابین دەکات .

ئەوەی ماوەتەوە بیڵێن ئەوەیە هەرچەندە لە ناو پەرلەمانی عێراقدازۆر لایەن ڕەخنە لەنادەستووری ئەم گرێبەستانە دەگرن بەلاّم ئەگەر بە ویژدانیشەوە قسە بکەین ئەوا ئەبێت بڵێین تائێستا لە مێژووی عێراقدا هیچ گرێبەستێك بەم شەفافیەتە لەبەردەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا ئیمزا نەکراوە.

# هێڵەکانی هەناردەکردنی نەوت لە عێراق

مێژووی هەناردەکردنی نەوتی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٤ ئەو کاتەی یەکەم کەشتی نەوت هەڵگر لە ٢٢ی مایسی ئەو ساڵە لە بەندەری حەیفای فەلەستینی یەوە نەوتی کەرکوکی گەیاندە وولاتانی جیهان کە لە ڕێگەی لوولە نەوتی (کەرکوك — حەیفا)ەوە ڕەوانە دەکرا.

بایەخدان بە هەناردەکردنی نەوتو پەرەسەندنی لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا سەدەی ڕابردووەوە دەستی پێکرد، لەو مێژووەدا تۆڕێك لوولە (شبکە أنابیب) دامەزرێنرا بە جۆرێك بە هەموو ئاراستەکاندا ( دەریای ناوەڕاست، کەنداو، دەریای سوور) پەل و پۆی کێشا، لە کۆتایی هەشتاکانیشدا گەیشتە ئەو پەڕی پێشکەوتوویو لە توانایدا بوو بری ٧ ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا ڕەوانە بکات.

بەڵام ئەو بارودۆخەی عێراق پێیدا تێپەڕ بوو هەر لە شەڕی هەشت ساڵەی عێراقو ئێرانو شەڕی داگیر کردنی کوێت بووە هۆی سوود وەرنەگرتن لەم ووزە گەورەیەو دەروازە زۆرانە، کە لە چاکترین حاڵەتدا توانرا سوود لە ٤٠٪ی ئەم توانایە وەربگیرێ کە ئەمەش بووە مایەی تەسك بوونەوەی بواری وەبەرهێنانو پەکخستنی ئابووری نشتمانی کە داهاتی نەوت بڕبڕەی پشتیەتی.

دوابەدوای خۆماڵی کردنی نەوتی عێراق لە ساڵی ١٩٧٢ ئیتر ئەو سامانە بە نرخە بە تەواوی لە ژێر دەستی کۆمپانیای بیانی یەکان دەرچوو کەوتە ژێر دەستی عێراق، هەرچەندە ئەم هەنگاوە لە کاتی خۆیدا زۆر گرنگ بوو بەڵام دواتر بە ئاراستەیەکی خراپ بەکارهاتو زۆربەی داهاتی ئەو نەوتە دەدرایە تۆپو گوللەو دەنرایە ماڵو حاڵو سنگی خەڵکی عێراقەوە .

بە هەر حاڵ دوای ئەوەی بەعس بە تەواوی کۆنترۆڵی نەوتی عێراقی کرد ئیتر دەستی کرد بە هێنانی چەندین کۆمپانیای بیانی (ئەڵمانی، سۆڤیەتی، هەنگاری) بۆ پەرەپێدانی کەرتی نەوت، توانرا لە ماوەیەکی پێوانەیی کەمدا چەندین کێڵگەی نەوت پەرەی پێبدرێت، چەندین ڕێگەی تری هەناردەکردنی نەوت ئەنجام بدرێت، بە جۆرێك ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٠ واتا پێش دەست پێکردنی شەڕی عێراقو ئێران دەتوانرێت بەسەردەمی زێرینی نەوتی عێراق بژمێردرێت.

هێڵەکانی هەناردەکردن:-



١-هێڵی عێراق — سوریا

یەکەم هێڵەو لە دوو لولەی سەرەکی پێکدێت یەکەمیان ٣٠ ئینجەو درێژیەکەی ٨٩٣ کیلۆمەترە، دەگاتە بەندەری بانیاس لە سوریا، دووەمیان ٣٢ ئینجە درێژیەکەی ٨٥٤ کیلۆمەترە دەگاتە بەندەری تەرابلوس لە لوبنان.

توانای هەناردەکردنی هەردوو لوولەکە لە ڕۆژێکدا ١,٤ ملیۆن بەرمیل بوو لە نەوتی کەرکوك ئەم هێڵە لە ساڵی ١٩٨٣ لە سەردەمی شەڕی عێراقو ئێران لەلایەن سوریاوە ڕاگیراوە.

٢-هێڵی عێراق- تورکیا

لە ساڵی ١٩٧٧ەوە دامەزراوە چەند جارێك پەرەی پێدراوە، درێژی هێڵەکە ١٠٤٨ کیلۆمەترە، توانای هەناردەکردنی ١,٧٥٠,٠٠٠ ملیۆن بەرمیلە لە ڕۆژێکدا، لەم هێڵەشەوە نەوتی کەرکوك ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت.

٣-هێڵی (خور العمیەو البکر)

لەم هێڵەوە نەوتی کێڵگەکانی باشوری عێراق بە هەردوو بەندەری (خور العمیەو البکر) ڕەوانەی دەروە دەکرێت، ووزەی هەناردەکەی لەڕۆژێکدا ٣,٢ ملیۆن بەرمیل بوو .

٤-هێڵی عێراق سعودی

لە دوو لولەی ٥٦,٤٨ ئینجی پێك هاتووە، بەشێك لە نەوتی کێڵگەکانی باشووری دەگەیاندە سەر بەندەرێکی تایبەت لە سەر دەریای سوور، ووزەی هەناردەکردنی ١,٦ ملیۆن بەرمیل بوو.

٥-هێڵی عێراق — ئوردن

ئەم هێڵە لە چوارچێوەی بیرۆکە دەرنەچووە دەرەوە بە هەڵپەسێراوی مایەوە، لە توانایدا بوو ڕۆژانە ١ ملیۆن بەرمیل نەوت هەناردە بکات.

٦-هێڵی ستراتیجی

ئەم هێڵە بریتی یە لە بەستنەوەی نەوتی باکورو باشووری عێراق بەیەکەوە لە توانایدا بوو نەوتی بەسرە بە تورکیاوە ڕەوانە بکات، نەوتی کەرکوکیش بگەیەنێتە بەندەرەکانی باشوری عێراق.

لەم ژمارانەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە عێراق لە کۆتایی هەشتاکاندا لە وزەیدا بوو زیاتر لە ٧ ملیۆن بەرمیل بنێرێتە دەرەوە هەرچەندە ئەو کاتەش هەناردەکردنی ٤ ملیۆن بەرمیلی تێنەپەراند٠

ئەم ژمارانە ئەو نەهامەتیو ماڵ وێرانیەمان بۆ دەردەخات کە لە شەر دەکەوێتەوە، عێراق پێش شەر لە چ بارێکدا بوو، واتە پێش ٣٠ ساڵ دامەزراوە نەوتی یەکانی عێراق لە ئێستا پێشکەوتووتربوون پاش ئەو مێژووە دورو درێژە تازە وەزارەتی نەوتی عێراق لە هەوڵدایە بەرهەمی نەوت لە چەند ساڵی داهاتوودا بگەیەنێتە ٤ ملیۆن بەرمیل لەڕۆژێکدا .

# هەناردەکردنی غاز بۆ دەرەوەی عێراق

وەك ئاشكرایە عێراق یەكێكە لە وولاتە هەرە دەوڵەمەندەكانی جیهان لە رووی بەروبوومی هایدرۆكاربۆنی یەوە واتە غازو نەوت . بەپێ ی خەملاندنی جێولۆجی یەكان بری یەدەكی عێراق لە نەوتدا دەگاتە ١١٥ ملیار بەرمیل نەوت كە تائێستا بە مسۆگەری دۆزراوەتەوە .
گرنگی غاز لە نەوت كەمتر نیە و داواكاری جیهان رۆژ لە دوای رۆژ لە زیاد بووندایە ،لە نێوان سالآنی ١٩٩٠-٢٠٠٧ ئەم رێژەیە گەیشتووتە ٢٥٪ كە پێشتر ١٥٪ بوو.سەبارەت بە یەدەكی غازیش عێراق بەدەیەمین وولاتی جیهان دەژمێردرێت.
رۆژانە برێكی زۆری غاز شان بە شانی نەوت بەرهەم دەهێنرێ بەلآم بەهۆی لاوازی تەكنەلۆجیای عێراقیەوە ناتوانرێ سوود لەم غازە ببینرێ و دەكرێ بە هەواداو دەسووتێنرێ .
لە كۆمپانیای نەوتی باكوور رۆژانە نزیكەی ١٥٠ملیۆن مەترە سێ جا غاز دەسووتێت،لە كۆمپانیای نەوتی با شووریش رۆژانە ٤ هەزارتەن غاز بەبێ سوود دەچێت بە هەواوا دا پاشان دەسووتێنرێت بەجۆرێك ئەگەر تەكنەلۆجیایەكی پێشكەوتوو لەبەردەست دابێت دەتوانرێ ٣٠٠هەزار بتڵی غازی مالآنی پێپربكرێت .لە بەرئەم هۆیانەیە دەمێكە حكومەتی عێراق بیری لە سوود وەرگرتن لەم غازە كردووەتەوە بۆ مەبەستی هەناردەكردن . لە سالّی ١٩٩٠ **(ثامر غضبان)** بەرێوبەری گشتی وەزارەتی نەوت بوو هەوڵی دا تا حكومەتی عێراق گرێبەست لەگەڵ كۆمپانیای (تاسكن)ی توركی ببەستێت بۆ هەناردەكردنی غازی كێڵگەكانی قورنەومیسان و ناسریە بۆ دەرەوە ئەویش لە رێگەی بۆری یەوە بگەیەنرێتە بێجی و پاشان كەركوك،لە وێشەوە بە بۆری بە درێژی ١٢٣٠م هەناردەی دەرەوە بكرێت، بەلآم سستی حكومەتی پێشوو لە ئەنجامدانی ئەو كارە بووە هۆی پەكخستنی. لە دوای پرۆسەی ئازادی و دامەزراندنی حكومەتی نوێ دیسانەوە سوود وەرگرتن لە غاز خرایە بەرنامەی كارەوە، هەربۆیە لە وەزارەتی نەوت یەكسەر كۆمپانیای (شێڵ) دیاری كرا چونكە ئەو كۆمپانیایە خاوەن ئەزموونێكی زۆرە لە بواری بەرهەم هێنان و ناردنە دەرەوەی غازدا و خاوەنی چەندین پرۆژەی گەورەیە لە دەریای باكورو نەرویج و بەریتانیا مەكسیك و ئوسترالیا وروسیا نێجیریا و وولآتانی كەنداو چەند وولآتێكی تر.ئەم كۆمپانیایە خاوەن یەدەكێكی گەورەی نەوت و غازە، لە وولآتی قەتەردا رۆژانە ملیارێك و٦٠٠ملیۆن پێ سێ جا غازی شل بەرهەم دەهێنێ .



دانوستەكانی نێوان كۆمپانیای شێڵ و حكومەتی عێراق زیاتر لە ساڵ و نیوێكی خایاندو گەیشتنە دواشێوەی رێكەوتنەكە .بە پێ ی رێكەوتنەكەكۆمپانیای غازی بەسرە دادەمەزرێت ورێژەی ٥١٪ی بەردەكەوێت لەبەرامبەردا ٤٤٪بۆكۆمپانیای شێڵ٥٪یش بۆكۆمپانیای میتسیۆبیشی ژاپۆنی،هەروەها ئەو غازەی لەكێڵگەكانی رومێلەو مەجنون و قورنە بەرهەم دەهێنریت پێویستیەكانی ناوخۆی پێدابین دەكرێت لەغازی مالآن و كارپێكردنی كارگەكان و بەرهەم هێنانی كارەبا ،ئەوەی دەشمێنێتەوە رەوانەی دەرەوە بكرێت قازانجەكەش بەپێی ئەو رێژەیەی سەرەوە دابەش بكرێت.
شارەزایانی نەوت لەو باوەڕەدان دوای ٢ -٣ ساڵ كاركردن ئەنجامەكان دەردەكەون

# ئایا سەدەی بیستو یەك دەبێتە سەدەی غازی سروشتی؟

ئاشكرایە رۆژانە وڵاتانی جیهان بڕێكی زۆری نەوت بەكار دەهێنن كە ئێستا خۆی لە ۸۲ ملیۆن بەرمیل دەدات، ساڵ لە دوای ساڵیش لە زیاد بووندایە، زانایان لەو بڕوایەدان رۆژێك دادێت ئەو نەوتەی ئێستا هەیە ڕوو لە كەمبوونەوە دواتر نەمان بكات.

سەدەی رابردوو واتا سەدەی بیست، سەدەی نەوت بوو، بەو هۆیەوە چەندین شەڕو شۆڕی لە پێناودا بەرپاكراو سەری چەندین فەرمانڕەواشی خوارد.

ماوەی چەند ساڵێك دەبێت جیهان سەرنجی بەلای غازی سروشتی دا دەڕوات بۆ بەكارهێنانی لەبوارە جیاجیاكاندا لە ساڵی ۲۰۰۱ دا ۲۶٪ی وزەی بەكارهاتوو لە غازی سروشتیەوە بووە، ئەگەر بڕوانینە یەدەكی غاز لە جیهاندا كە لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕوون كراوەتەوە دەبینین زۆربەی غازی سروشتی جیهان لە ڕوسیا و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست كۆبوەتەوە.

ئەمریكای باكوور ــــــــــــــــ ٥٪

ئەمریكای ناوەڕاستو باشوور ــــ ٤,٦٪

ئەوروپای رۆژئاواو رۆژهەڵات ــــ ٣٪

ڕوسیاو ئەو وڵاتانەی لێ ی جیابوونەتەوە ــــــــــــــــ ٣٦٪

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ــــــــــ ٣٦,٢٪

ئەفریقیا ــــــــــــــ ٧,٢٪

كۆی یەدەكی جیهان لە غازی سروشتی ٥٤٥٧,١ تریلیۆن/پێ سێ جایە كە دەكاتە ١٥٠تریلیۆن/ مەتر سێ جا.

كەم بەكارهێنانی غاز لە رابردوودا دەگەڕێتەوە بۆ سەختیو گرانی لە گواستنەوەو هەڵگرتنی دا، بەڵام پاش پەرەسەندنی تەكنەلۆجیا توانرا بەسەر ئەو گرفتەدا زاڵ بنو ئێستا دەكرێت لە ژێر پەستانی بەرزدا شل بكرێتەوەو لە ڕێگەی لوولە یان بە تانكەر بۆ شوێنی تر بگوازرێتەوە.

سەبارەت بە عێراقیش ئەوەی تا ئێستا لە بارەی یەدەكی غازی سروشتییەوە زانراوە ١١٠ تریلیۆن/پێ سێ جایە یان ٣ تریلیۆن/ مەتر سێ جا كە دەكاتە ٢٪ی یەدەكی جیهان.



ڕوسیا بەیەكەم وڵاتی جیهان دەژمێرێت لە هەناردەكردنی غازی سروشتی دا كە لە ڕێگەی دوو لوولەوە غازی هەناردەی ئەوروپا دەكات، ئێستاش سەرگەرمی ڕاكێشانی لوولەی سێیەمە بە ناوی south stream .

دووەم وڵاتیش ئێرانە. سێیەمیش قەتەرە كە لە ساڵی (١٩٩٧)ەوە غازی سروشتی ڕەوانەی دەرەوە دەكات.

هەرچەندە ئێران دووەمین وڵاتی جیهانە لە یەدەكی غازی سروشتیدا بەڵام بەهۆی ئەو ئابلۆقەیەی ئەمریكا خستویەتیە سەری نەیتوانیەوە هەنگاوی گەورە بهاوێت لە بواری ناردنە دەرەوەی غازدا، بەڵام لەم دواییەدا بە نیازە كار لەو بوارەدا بكات، لەوانە مۆركردنی ڕێكەوتننامەیەك لەگەڵ توركیا بۆ هەناردەكردنی غازی سروشتی ئێران بۆ ئەوروپا لە ڕێگەی توركیاوە بۆ یۆنان ــ ئیتاڵیا لەوێشەوە بۆ چەند وڵاتێكی ئەوروپی كە درێژی ئەو بۆڕییە ١٧٤٠ كیلۆمەترە، بڕی غازی هەناردەكراویش دەكاتە ٢٠,٤ ملیار مەتر/سێ جا لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ وڵاتی تایلەندیش ئارەزووی خۆی دەربری لە سوود وەرگرتن لە لولەی غازی سروشتی ئێرانی، هەروەها لەبەرنامەی حكومەتی ئێراندایە بۆڕییەكی غاز بەرەو سوریاش رابكێشێت. هەر لە بواری گرنگی غازی سروشتی دا لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٩ حكومەتی جەزائرو نێجیریا پرۆتۆكۆلێكیان ئیمزاكرد بە مەبەستی هەناردەكردنی غازی سروشتی بۆ ئەوروپا.

بەڵام لە عێراقدا زۆر بە كەمیی سوود لە غازی سروشتی وەرگیراوە بە مەبەستی هەناردەكردن، رۆژانە ملیۆنان مەتر سێ جا غاز دەسوتێتو بە فیڕۆ دەڕوات، ئەوەی تا ئێستا كراوە ئەو ڕێكەوتنەیە كە وەزارەتی نەوت لەگەڵ كۆمپانیای (shell)هۆڵەندی ئیمزای كرد بۆ بەرهەم هێنانی ٧٠٠ ملیۆن پێ سێ جا لە غازی سروشتی، بە كۆتایی هاتنی ئەم پرۆژەیە دەتوانرێت بەسەر كێشەی كارەبادا زاڵ بن.

لەساڵی پاردا گرنگی غازی سروشتی وای لە ڕوسیاو ئێرانو قەتەر كرد كە ڕێكخراوێكی وەك ڕێكخراوی ئۆپێك دابمەزرێنن تایبەت بەو وڵاتانەی غازی سروشتی هەناردە دەكەن، ئەوەتا ئەلكس میلەر بەڕێوەبەری كۆمپانیای (غاز بڕۆم)ی روسی دەڵێت:" لەبەر ئەوەی رووسیاو قەتەرو ئێران خاوەنی ٣/٥ی یەدەكی غازی سروشتی جیهانن بۆیە ڕێك كەوتین لەسەر ئەوەی هەردەم ئاگاداری یەكتر بنو پەیوەندی هەمیشەیمان پێكەوە هەبێت، بەشێوەی دەوریش كۆبونەوە ئەنجام بدەین."

ئەمریكاو وڵاتە ئەوروپاییەكان ئەم هەنگاوەی ئەو سێ وڵاتە زۆر نیگەرانی كردنو ڕێگریو كۆسپی تەواویان دروست كرد لەبەرئەنجامدانی كارێكی وەهادا.

# ئاییندەی عێراق لە بواری نەوتدا

بە پێی ئەو ئامارانەی ڕێکخراوی ئۆپیك بڵاوی دەکاتەوە بەکاربردنی جیهان بۆ نەوت ڕۆژانە ٨٤ ملیۆن بەرمیلە، هەر بە پێی خەملاندنی شارەزایانی ئەو بوارە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا جیهان ڕۆژانە پێویستی بە ١٠٠ ملیۆن بەرمیل نەوت دەبێت واتە ئەو کاتە پێویستە لەسەر وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت ١٦ ملیۆن بەرمیل نەوتی بەرهەم هێنراوی ڕۆژانەیان زیاد بکەن، ئەو وڵاتانە کامانەن بتوانن ئەو بڕە نەوتە دابین بکەن؟ چەند وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە کە پێشەنگن لەبەرهەم هێنانی نەوتدا کە بریتین لە سعودیە، ئێران، کوێت، عێراق، ئەوەی ئێمە لێرەدا زیاتر مەبەستمانە عێراقە کە تا چەند ساڵی تر توانای هەناردەکردنی نەوتی هەیەو دەتوانێت پێویستیی جیهان لەم بوارەدا پڕ بکاتەوە.

عێراق خاوەنی ٥٢٠ ستراکچەر(ترکیب)ی جیۆلۆجیە بە باکورو باشوریەوە، لەم ژمارەیە تا ئێستا ٧٨ ستراکچەریان بیری نەوتی تێدا هەڵکەندراوەو یەدەکی نەوتی تێدا خەملێنراوە کە ١١٥ ملیار بەرمیلە.

گریمان هەر ئەوەندە نەوتە لە عێراقدا هەیەو چیتری تێدا نیە با لە ژماردنێکی خێرادا بزانین تا چەند ساڵی تر ئەتوانین نەوت بە جیهان بفرۆشین ؟

لە ڕۆژگاری ئێستاماندا بەرهەم هێنانی نەوت لە عێراقدا ٢,٥ ملیۆن بەرمیلە لە ڕۆژێکدا ئەگەر هەر لەسەر ئەم بڕە بەردەوام بین‌و بەرهەم زیاد نەکەین ئەوا ساڵانە ڕێژەی لێچۆران (استنزاف) دەگاتە٠,٧٪ یەدەکی عێراق، کەواتە لەم بارەدا تا ١٤٠ ساڵی تر عێراق دەتوانێت نەوت هەناردە بکات.

لە کۆتایی هەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕادەی بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراقدا گەیشتە ٣,٥ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا ئەو کاتە ڕادەی لێچۆران ١٪بوەو تەمەنی نەوتی یەدەکی عێراق دەگاتە ١٠٠ ساڵ.

ئەم خەملاندنانە لە کاتێکدایە ئەگەر هیچ کێڵگەیەکی تری نەوت نەدۆزرێتەوەو هەر لەسەر ئەوە بمێنێتەوە کە دۆزراوەتەوە.

دوای ئـەوةی یاسـای نـةوت طـاز لـة ئةرلـةمانی عيَـراق دةنطـی بـؤ نـةدرا وةزارةتـی نـةوتی عيَراق ئلانی دريَذ خايةنی دارشتوة بؤ زيادكردنی بةرهـةمی نـةوت لـة سـالآنی داهاتوودا،



لەبەرنامەیاندایە لە چەند ساڵێکی تردا ڕادەی بەرهەم هێنان بگەیەنە ٧,٥ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، ئەوسا ڕێژەی لێچۆران دەگاتە ٢,٢٪، تەمەنی نەوتی یەدەکیش دەبێتە ٤٥ ساڵ.

کەواتە عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢٠دەتوانێت بەشداری یەکی کاریگەر بکات لە دابین کردنی نەوت بۆ جیهان بەبری ٨ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

بەڵام ئەگەر یەدەگی نەوتی عێراق لە ڕێگەی زیاتر گەڕان‌و پشکنین‌و هەڵکەندن بگەیەنرێتە ٢٠٠ ملیار بەرمیل ئەوە تا ٤٥ ساڵی عێراق دەتوانێت ڕۆژانە ١٢ ملیۆن بەرمیل هەناردە بکات.

لە کۆتاییدا ڕاستیەك ماوە بیڵێین ئەویش ئەوەیە عێراق بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەم هێنانی پێویستی یە دەستی کۆمپانیا بیانیەکان هەیە تا ڕادەیەك بەرهەم هێنانی زیاد بکات ئەگینا بەم تەکنەلۆجیا کۆنەی ئێستا لە عێراق کاری پێ دەکرێت ناتوانرێت بەرهەمی نەوت زیاد بکرێ کە شادەماری ئابووری عێراقە.

# جۆرەکانی گرێبەستە نەوتی یەکان

دوابەدوای گەڵاڵە کردنو پێشنیارکردنی یاسای نەوتو گاز بۆ پەرلەمانی عێراقی لە ساڵانی رابردوودا مقۆمقۆیەکی زۆری لێکەوتەوەو بەشێك لە ئەندام پەرلەمانەکان نارازی بوون لەسەر دەرچوونی یاساکە بەو شێوەیەی کە نوسرابۆوە بەو بیانووەی سامانی ئابوری عێراق دەخاتە ژێر دەستی کۆمپانیا بیانیەکانەوە، لە لایەکی تریشەوە کێشەو گرفت کەوتە نێوان حکومەتی هەرێمو حکومەتی ناوەند لەسەر ئەو گرێبەستانە (bond) ی کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ ژمارەیەك لە کۆمپانیا بیانی یەکان ئیمزای کردبوو.

لەم ووتارەدا دەمەوێت بە کورتی خوێنەر ئاشنا بکەم بە جۆرەکانی گرێبەستە نەوتیەکان کە لە جیهاندا باوون تا خۆیان سەرپشك بن کام جۆرەیان بۆ وولاتەکەمان گونجاوەو سامانی ژێر زەویمانی تێدا بە فیرۆناچێت.

١-گرێبەستی پەرەپێدان وبەرهەم هێنان development and production

ئەم جۆرە گرێبەستە پەیوەستە بە کێڵگە دۆزراوەکانەوە ئەوانەی بەرهەمیان مسۆگەرە، لەم چەشنە گرێبەستە کۆمپانیای بیانی وەبەرهێنەر هەڵدەستێ بە پەرەپێدانی کێڵگە نەوتیەکە بۆ ماوەی ١٠- ١٢ ساڵ. حکومەتی وولاتەکەش بەشداری سەرمایەی ئەو کۆمپانیایە دەکات. ئەونەوتەی بەرهەم دەهێنرێ بەشێکی دەدرێت بە کۆمپانیاکە، کاتێك ماوەی گرێبەستەکە کۆتایی دێت دەتوانێت بۆ ماوە ١٥ ساڵ لە کارکردن بەردەوام بێت بەڵام نەك بەو گرێبەستەی پێشوو بەڵکو بە گرێبەستی خزمەت کە هەرکاتێك گرێبەستەکە کۆتایی هات هیچ کەلوپەلێك لەگەڵ خۆیدا ناباتەوەو بۆ حکومەتی ئەو وڵاتەی بەجێ دەهێڵێ.

٢-گرێبەستی خزمەت service contract

ئەم جۆرە تاڕادەیەك لەوەی پێشوو دەچێت بەڵام لە کێڵگە نەدۆزراوەکاندا ئەنجام دەدرێت لەم جۆرە گرێبەستە کۆمپانیای بیانی خۆی سەرمایەی پێویست دابین دەکات بۆ پرۆسەی پەرەپێدانی پرۆژەکە ، کاتێك پرۆژەکە هاتە بەرهەم لەسەرەتادا دەوڵەت ئەو پارەیە دەداتەوە بە کۆمپانیاکە کە سەرفی کردووە، بۆ هەر بەرمیلە نەوتێکی بەرهەم هێنراویش کرێ یەك بۆ کۆمپانیاکە دیاری دەکرێت، لێرەدا کۆمپانیاکە دەتوانێت لە ڕێی زیادکردنی بەرهەمەوە قازانجی خۆی زیاتر بکات.



لەم جۆرە گرێبەستەدا فاکتەری موجازەفە رۆڵی خۆی دەبینێت چونکە دوور نیە دوای هەموو ئەو سەرف کردنی پارەیە نەوت نەدۆزرێتەوە، ئەوسا زەرەرمەند تەنها کۆمپانیاکە دەبێت جەزائر یەکێکە لەو وڵاتانەی ئەم جۆرە گرێبەستەی تێدا پیادە کراوە.

٣-گرێبەستی کڕینەوەی فرۆشراوەکان buyback contract

ماوەی ئەم گرێبەستە (٣- ٥) ساڵە لەبەرهەم هێنانی نەوت، دوای کۆتایی هاتنی ماوەی گرێبەستەکە کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی کێڵگە نەوتیە کە وەردەگرێتەو ەوهەموو کەلو پەلەکانی کۆمپانیاکە بۆ دەوڵەت دەبێت، مافی کۆمپانیاکەش بە نەوت دەدرێتەوە نەك بە پارە، لەم چەشنە گرێبەستەدا فاکتەری موجازەفەی تێدایەو کۆمپانیاکە خۆی بەرپرسیارە لە نەبوونی یا کەمی نەوت.

٤-گرێبەستی ئیمتیاز concession contract

ئەم چەشنە زیاتر لەسەردەمی وڵاتە کۆلۆنیالیستەکاندا باوبوو، لێرەدا ئیمتیاز دەبەخشرێتە کۆمپانیایەك یان کۆمەڵە کۆمپانیایەك (کونسورتیۆم) بە پێی ئەم ئیمتیازە کۆمپانیای وەبەرهێن مافی تەواوی پرۆسە نەوتی یەکانی بەدەستەوە دەبێت (ڕوپێو، گەڕانو دۆزینەوە، دەرهێنان، ناردنە دەرەوە، فرۆشتن) تەنانەت هەندێ جار پیشەسازییە نەوتیەکانیش ،بەرامبەر ئەمەش کۆمپانیاکە باج دەداتو قازانجێك کە پێشتر ڕێك کەوتوون لەسەری دەدەن بە دەوڵەت، حاڵی حازر لەم چەشنە گرێبەستە زۆر کەم بووەتەوە.

عێراق بەم چەشنە گرێبەستەدا تێپەڕبووەو لە ساڵی **١٩٢٥** ئیمتیازی گەڕان و دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت درا بە کۆمپانیای(ipc )ئینگلیزی و بەرامبەر هەر بەرمیلە نەوتێکی فرۆشراو ٤ (شلن) یان دەدا بە حکومەتی عێراق.

٥-گرێبەستی هاوبەشی کردن لەبەرهەم هێنان production sharing agreement

لەم جۆرە گرێبەستە نەوتەکە ئەو کاتە موڵکی دەوڵەتە کە هێشتا لە ژێر زەویدایە، کە هاتە وادەی بەرهەم هێنان تەنها بە ڕووکەش دەوڵەت خاوەنیەتی بەڵام کۆمپانیاکە پشکی تێدا هەیە،کۆمپانیای وەبەرهێن خۆی بە گشت پرۆسەیەکی نەوتی هەڵدەستێت هەر لە دابین کردنی پارەی پرۆژەکە تا فرۆشتنی نەوتەکە، دوای بەرهەم هێنان کۆمپانیای بەرهەم هێن هەموو

مەسرەفێكی خۆی لە نەوتەكە وەردەگرێتەوەو بەو نەوتە دەوترێت (نەوتی تێچوو)، دوای گەڕانەوەی پارەی مەسرەفكراو بۆ كۆمپانیاكە، ئەو نەوتەی لەوە بەدوا بەرهەم دەهێنرێ پێی دەورێت نەوتی قازانج، ئەم قازانجەش دابەش دەكرێت لە نێوان دەوڵەتو كۆمپانیاكە بەوپێیەی لە گرێ بەستەكە لەسەر رێك كەوتوون.

واش باوە كۆمپانیایەكە لە پشكەكەی خۆی باج بە حكومەت بدات.

لە رەشنوسی یاسای نەوتو غازی عیراقدازیاتر بایەخ بە جۆری پێنجەم دراوە كە ناوێكی تریان لێ ناوە ئەویش (گرێبەستی دابەشكردنی بەرهەم).

لەو یاسایەدا هاتووە كە كۆمپانیاكان ماوە ٣-٤ ساڵ مافی گەرانو دەرهێنانی نەوتیان هەیە، دوای ئەوەی مەسرەفەكەیان وەردەگرنەوە رێژەیەكیش لە قازانجی نەوتی فرۆشراو بۆ خۆیان هەڵدەگرن.



# عێراق ونەوت وسیاسەت

پەیوەندی نێوان نەوتی عێراق وسیاسەت دیاردەیەكی نوێ ولە دایكبووی رۆژگاری عەولەمەنیە ، بەڵكو تەمەنێكی هەشتا ساڵەی هەیە ، بەجۆرێك هەندی لەمێژوونووسان جەخت دەكەنەوە كە لە كێشانی نەخشەی نوێ ی عێراقدا پشت بەنەخشە نەوتی یەكان بەستراوە یا ئەوەتا بە جۆرێكی تر بڵێین نەخشە نەوتییەكان بناغە دارێژەرینەخشەی ئێستای عێراقن ٠

بەكۆتای هاتنی جەنگی یەكەمی جیهانی عێراق بووە مەیدانی مل ملانێ ی وولاًتانی زل هێزو براوەی جەنگ ، بەریتانییەكان بەشی شێریان لەنەوتی عێراق بەركەوت و كۆمپانیای نەوتی عێراق IPC یان دامەزراند بۆ گەران وپشكنین وبەرهەم هێنانی نەوتی عێراق ، بەرامبەر ئەوەش ئەمریكی یەكان هەڵپەی بەشی خۆیان دەكرد ٠

بە روودانی شۆرشی ١٤ ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ سیستەمی پاشایەتی لەعێراق كۆتایی پێ هات ،لە هەمان كاتدا كۆمپانیا نەوتی یەكان ترس دایگرتن كە بەرژەوەندی یەكانی ئەوانیش بەر مەترسی بكەوێت ،بەلاًم سەركردەكانی ئەو شۆرشە لە چەند كۆبونەوەیەكیاندا گەیشتبوونە ئەو راستی یەی بیرۆكەی خۆما لێ كردنی نەوت عەمەلی نیەو دوورنیە عێراق بەدەردی ئە زموونە سەرنەكەوتوەكەی ساڵی ١٩٥٣ ی موسەدەق بچێت ، هەر بۆیە سیاسەتی نەوتی داهاتوویان لەسەر ئەو بناغەیە دارشت كە دانوستان لە گەڵ كۆمپانیا نەوتێكان ئەنجام بدەن بۆ داواكردنی بەشی زیاتر لەنەوتی عێراق كە بەرژەوەندی راستەقینەی خەڵكی عێراقی تیدا بەرجەستە ببێت نەك پەنا بۆ رێگە چارەی رادیكالاًنەی وەك خۆماڵی كردن ببرێت ٠

لە هەمان كاتدا حكومەتی تازە دامەزراو بۆ دوورخستنەوەی پەلاماری دەرەكی بەیاننامەیەكیان دەركرد وئاشكرایان كرد كە پابەندی هەموو رێكەوتن نامە نێودەوڵەتیەكان دەبن لەوانە رێكە وتن نامە نەوتیی یەكان ، جیهانیشیان دڵنیا كردەوە لە بەردەوامی رۆیشتنی نەوت بۆ بازارەكانی جیهان . ٢٨ خولی گفتوگۆ لەماوەی سێ ساڵدا ئەنجام درا بەلاًم بێسوود بوو. تادواتر حكومەتی عبد الكریم قاسم ناچاربوو یاسای ژمارە ( ٨٠ ) ی ساڵی ١٩٦١ دەربكات كەبەو پێ یە ناوچەی ئیمتیازاتی كۆمپانیا نەوتی یەكان تەسك كرایەوەو دیاریكرا ٠

بەرامبەر ئەم هەنگاوەی حکومەتی نوێ ی عێراق کومپانیاکان هەولّیاندا جیهان بکەن بەگژ ئەم حکومەتەدا ، بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا نامیلکەیەکیان دەرکردو تیایدا نارەوایی ئەو یاسایەیان ئاشکرا کرد٠جگە لەرێگەی دبلۆماسی ویستیان رێگە چارەی هێزیش بگرنەبەر ئەوە بوو هێزێکی گەورەی سەربازی یان لەناوچەی کەنداو دابەزاند وهێزی تریشیان رەوانەی ئوردون کرد.

بێگومان یاسای ژمارە ٨٠ ی سالّی ١٩٦١ زیانێکی گەورەی بە کۆمپانیا نەوتی یەکان گەیاند ، هەر لەبەر ئەم هۆیە ژێر بە ژێر داویان بۆ حکومەتەکەی قاسم دەنایەوە تا دواجار بەیارمەتی دان وپشتوانی کردن لەبەعسی یەکان توانیان دەست لە حکومەتەکەی قاسم بوەشێنن وبیروخێنن . ئەوەی سەیرەو پێویستە لێرەدا بوترێ ئیمزا کردنی ئەم یاسایە بەهۆی دانوستانی بەردەوامی حکومەت لەگەڵ کۆمپانیاکان هەر دوا دەکەوت تا ئەوە بوو رۆژی ٦ی شوباتی ١٩٦٣ ئەنجومەنی وەزیران کۆبونەوەو لەرۆژی ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ چەند سەعاتێك پێش کودەتای بەعسی یەکان عبد الکریم قاسم یاساکەی ئیمزاکرد بەلام هەر بە مەرەکەبی سەر کاغەز مایەوە .



# عێراق و ئێران پێشبرکێ ی یەدەکی نەوت دەکەن

نەوت خۆی سەرباری ئەوەی خۆی فاکتەرێکی گرنگی ئاراستەکردنی سیاسەتە ، یەدەکی نەوتیش دیسانەوە تێکەڵ بە سیاسەت بووەو لە چوار چێوە زانیستی یەکەی دەرچووەتە دەرەوە. دیاری کردنی یەدەکی نەوتی هەر وولاّتێك هەندێ فاکتەری سیاسی و ئابوری تێوە گلاوە . لە فاکتەرە ئابووریەکان ئارەزوی وولاّتی بەرهەم هێن و کۆمپانیا نەوتیێ یەکانە باس لە زیادبوونی یەدەکی نەوت بکەن چونکە رەنگ دانەوەی پۆزەتیڤی دەبێت لە سەر پشکی ئەو کۆمپانیایانە لە بۆرسە جیهانی یەکان ، هەندێك جار کۆمپانیاکان هەمو یەدەکیان بە جارێك ئاشکرا ناکەن بەڵکو هەندێ زانیاری دەهێڵنەوە لە ئایندەدا و لە کاتی پێویست دا رایدەگەیەنن .

لە فاکتەرە سیاسیی‌یەکانیش ئەوەیە وەك هەندێك لە وولاّتانی ئوپیك لە هەشتاکانی سەدەی رابردودا ئەنجامیان دا بەئاشکرا کردنی زیاد بوونی یەدەکی نەوتیان بێ ئەوەی هیچ گێڵگەیەکی نەوتی نوێ دوزرابێتەوە مەبەستیشیان لەو هەنگاوە زیاد کردنی پشکی بەرهەمیانە چونکە رێسایەك لە نێو وولاّتانی ئوپیکدا هەیە کە بەر هەمی نەوت بەپێی یەدەکی نەوت دیاری دەکرێت ، چەندێك یەدەك بەرز بێت ئەو وولاّتە دەتوانێت زیاتر بەرهەم بهێنێت .

چەندین سالّ دەبێت یەدەکی مسۆگەری نەوتی عێراق لەسەر ١١٥ ملیار بەرمیل نەوت وەستاوە بەلاّم لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٠ حوسێن شەهریستانی وەزیری نەوتی عێراق یەدەکی نەوتی وولاّتەکەی بۆ ١٤٣ ملیار بەرمیل بەرز کردەوە واتە بەرێژەی نزیکەی لە ٢٥٪ زیادی کردوە ، بەو پێیە عێراق کە چوارەم وولاّتی خاوەن یەدەکی نەوتی بوو دەبێتە سێهەم وولاّت ئێرانیش کە پێشتر لە ریزی سێهەم بوو دەچێتە خانەی چوارەمەوە .

دوای لێدوانەکەی شەهریستانی ئەوەندەی نەبرد (مەسعود میر کازمی) وەزیری نەوتی ئێرانی باسی لە بەرزبوونەوەی یەدەکی نەوتی ئێرانی کرد لە ١٣٨ ملیار بەرمیلەوە بۆ ١٥٠,٣١ ملیار بەرمیل ، بەو پێیە گەرایەوە شوێنەکەی پێشووی خۆی کە پلەی سێهەم بوو لە ریزبەندی وولاّتانی خاوەن یەدەکی نەوت دا دوای سعودیە و فەنزەویلا .

بێگومان دیاردەی بەرز گردنەوەی یەدەکی نەوت لەلایەن هەردوو ولاّتەوە جێگەی تێرامان و سەرنج دانە . ( عیسام چەلەبی ) کە لەسەردەمی بەعسدا وەزیری نەوت بوو دەیان سالّ لە کەرتی نەوت کاری کردوە لە لێدوانێکدا بو تەلەفزێونی ( رۆیتەرز ئینسایدەر ) زیاد کردنی

یەدەگی نەوتی لەلایەن ئەو دوو ولاّتەوە گەراندەوە بۆ فاکتەری سیاسیو تەئکیدی کردەوە هیچ بەلّگەیەکی ماددی لە ئارادا نیە پیشتیوانیان لیّ بکات ، ئەوەشی وت ( ئەو ژمارانەی ئەوان باسی لیّوە دەکەن ناکریّت پشتیان پیّ ببەستریّ مامەلّەکردنیش لەگەلّ یەدەکی نەوتدا ئاوەها ناکریّت ) . لە دریّژەی چاوپیّکەوتنەکەی دا رونی کردەوە ( عیّراق ماوەی ٧ مانگە بیّ حکومەتە وا پیّدەچیّت حکومەتی کۆتایی پیّ هاتوو دەیەویّت لە دوا رۆژەکانی تەمەنی دا ئەم دەسکەوتە پیّشکەش بە میللەت بکات ) . هەر وەها چەلەبی هەمان هەلّویّستی بۆ ئەو زیادکردنەی یەدەکی نەوتی ئیّران هەبوو .

ئاشکرایە باس کردن لە یەدەکی نەوت پیّویستی بە تویّژینەوەی زانیستی ورد هەیە . شەهریستانی زۆر بەی ئەم زیادکردنەی گەراندۆتەوە بۆ کیّلّگەی قورنە لە باشوری عیّراق کە بە تاقی تەنیا خاوەنی ٤٣,٣ ملیار بەرمیلە کە بەو پیّیە دەبیّتە دووەم کیّلّگەی نەوت لە جیهاندا .



# ئوردن و کرینی نەوتی عیّراق

وولاّتی ئوردن دراوسیّی بەشی رۆژئاوای عیراقەو لە سەردەمی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیّراقدا مامەلّەی جیاجیای کراوە . لە سەردەمی حکومەتی بەعسدا بە تایبەت لە دوای دەسپیّکردنی شەری عیّراق ئیّراندا ئوردن چووە بەرەی دژ بە ئیّرانەوە و بەچەك و سوپا شان بەشانی عیّراق وەستا . لە کاتی شەری دەرکردنی عیّراق لە کویّتیشدا دژ بە عیّراق نەوەستاو هاو سۆزی حکومەتی بەعس بوو. لە بەرامبەر ئەمانە دا حکومەتی پیّشووی عیّراق هەردەم ئەو نەوتەی بە ئوردنی دەفرۆشت نرخی لە وولاّتانی تر کەمتربوو . هەرچەندە هیچ لولەیەکی گواستنەوەی نەوت لە نیّوان عیّراق و ئوردن دا نەبوو بۆیە لە ریّگەی تانکەرەوە ئەم کارە ئەنجام دەدرا بە تایبەت لە ماوەی ئابلّوقەی نیّو دەولّەتی سەر عیّراق دا لە سالاّنی نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا .

لەسەردەمی حکومەتی نویّشدا دیسانەوە بەرژەوەندی ئوردن خراوەتە بەر چاو . لەدوای پرۆسەی ئازادیەوە لە نیسانی ٢٠٠٣ تا سالّی ٢٠٠٦ لەبەر نا ئارامی ناوچەی خۆرئاوای عیّراق لە تواناداا نەبوو نەوت هەناردەی ئوردن بکریّت بەلاّم لەو سالّەدا (٢٠٠٦) ریّکەوتنیّك لە نیّوان عیّراق و ئوردن بۆ ماوەی ٢ سالّ ئیمزا کرا کە بەو پیّیە رۆژانە ١٠ هەزار بەرمیل نەوت هەناردەی ئوردن بکریّت ، ئەم جارەش بە هۆی خراپی باری ئەمنیەوە نەتوانرا ریّکەوتن نامەکە وەك خۆی جیّبەجیّ بکریّت . بە گویّرەی ئەو ریّکەوتن نامەیە دەبوایە سەرەتا هەنارده کردن بە ١٠هەزار بەرمیل دەستی پیّبکردایە هەنگاو بە هەنگاو زیادیش بکریّت تا دەگەیشتە ١٠٠هەزار بەرمیل لە رۆژیکدا ، لە هەر بەرمیلیّکدا ١٨ دۆلار دا دەشکیّنریّ و لە خوار نرخی بازارەوە دەبیّت . لە مانگی ئابی سالّی ٢٠٠٨ جاریّکی تر ئەم مەسەلەیە ووروژیّنرا ئەوە بوو ریّکەوتن نامەیەکیان بۆ ماوەی ٣ سالّ واژۆ کرد کە لە ئابی ٢٠١١ کۆتای پیّ دیّت . بەپیّی ریّکەوتن نامە نوێیەکە رۆژی ١٠ هەزار بەرمیل نەوت لە ریّگەی تانکەرەوە رەوانەی ئوردن دەکریّت بە داشکاندنی ٢٢ دۆلار بۆ هەر بەرمیلیّك . بەلاّم ئەم جارەیان تانکەرە نەوت هەلّگرە کان ئەو نەوتە لە قەزای بیّجیەوە بار دەکەن لە جیاتی کەرکوك ، دوای ٨٠٠ کیلومەتر رۆیشتن دەیگەیەننە سنوری ئوردن و لەویّ بەتالّی دەکەن پاشان تانکەرە ئوردنی یەکان بۆ پالاّوگەی (

زەرقا) دەبینن ژمارەی ئەو تانکەرانەش کە رۆژانە لەو رێیە کار دەکەن ٤٠٠ تانکەرن .ئەم تانکەرانەش هەندێك جار دوجاری رووداوی دڵتەزێن دێن وەك ئەوەی لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەمی ٢٠١٠روویدا کە ١٨ تانکەر گریان تێبەربوو و سوتان لە ئەنجامدا دوو شۆفێر گیانیان لە دەستداو ١٢ی تریش بریندار بوون.

هەرچەندە ئوردن رۆژانە ئەم برە نەوتە لە عێراقەوە وەر دەگرێت بەلاّم پێویستی ناو خۆی پڕ ناکاتەوەو رۆژانە پێویستی بە ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوتە..



# وەزارەتی نەوت و دەسەلاّتی پارێزگاکان

لەدوای پرۆسەی ئازادی یەوە ململانییێ نێوان پارێزگاکان بەتایبەت پارێزگای کەرکوك لەگەڵ وەزارەتی نەوتدا رۆژ لەدوای رۆژفراوانتر دەبوو ئەویش لە ئەنجامی راهاتنی وەزارەتی نەوت لەسەر سیاسەتە کۆنەکەی کە وەزارەتێکی سیادی یەو بریار لە کەسەوە وەرناگرێت جگە لە ئەنجومەنی وەزیران.

پارێزگای کەرکوك بە حوکمی ئەو کەشە نیمچە دیموکراتییەی باڵی بەسەر عێراقدا کێشاوە دەیویست کۆمپانیای نەوتی باکوریش هەروەك فەرمانگەکانیتر بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوەو هەرچی دامەزراندن و بریار هەیە بە فلتەری پارێزگادا تێپەر بێ هەروەك یەکێك لە فەرمانگەکانی تری شارەکە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ، ئەوەبوو هەرچی بریاری دامەزراندن لە بەغدا دەربچوایە دەبوایە رەزامەندی پارێزگای لەسەر بوایە ئەوسا بە تەواوی دادەمەزران .

چەندین لیستی عەرەب لە وەزارەتی نەوتەوە رەوانەی کۆمپانیای نەوتی باکوور دەکران بە مەبەستی دامەزراندن بەلاّم پارێزگا هەرکەسێکیان دانیشتوی کەرکوك نەبوایە بریارەکەی هەڵدەوەشاندەوە .کار بەم چەشنە رۆی بەرێوە تا ساڵی ٢٠٠٧ بریارێك لە خودی نوری مالکی سەرۆك وەزیرانەوە دەرچوو داوای لە پارێزگار کرد بەهیچ جۆرێك دەست لە کاروباری وەزارەتی نەوت وەرنەدات .لە ورۆژەوە خەڵکی گلەیی لە پارێزگارو حزبە کوردییەکان دەکەن لەوەی رێگا لە کارەناعەدالەتییەکانی وەزارەتی نەوت ناگرن کە لە بەرژەوەندی کوردی کەرکوکدا نییە بەلاّم ئەوەتا لە بریارێکی وەزارەتی نەوتدا بە ژمارە ٣٢٦٤٨ لە ٢٨-١٢-٢٠١٠ کە ئاراستەی کۆمپانیای غازی باشووری کردووە بەراشکاوی لە نێوان دووکەوانەدا هاتووە (داوادەکەین کۆمپانیا نەوتییەکان هیچ بریارێکی ئیدارەی پارێزگاکان جێبەجێ نەکەن ).

کەواتە وەزارەتی نەوت هێشتا هەر بەعەقڵییەتی سەردەمی پێشوو کاردەکات و رەچاوی تایبەتمەندی هیچ شاروشارۆچکەیەك ناکات نەك تەنها کەرکوك بەڵکو بە پارێزگاکانی باشووریشەوە .

# میژووی نرخی نەوت

لای هەموو لایەك روونە نرخی هەر كالایەك خستنە روو و داواكردن ( **عرض وطلب**) پێوەریەتی ولەو روانگەیەوە دەتوانین نرخەكەی دیاری بكەین ، تەنها نەوت نەبێت لەم یاسایەبە بەدەربووە٠لەوكاتەوەی نەوت دۆزراوەتەوەو بەمەبەستی بازرگانی بەكاردەهێنرێ حەوت كۆمپانیای جیهانی كە چواریان ئەمریكی وسیانیان ئەوروپی بوون كۆنترۆڵی نرخی بازاری نەوتیان كردبوو ،ئەم كۆمپانیایانە یەكیان گرتبوو بە (كارتل ) ناسرابوون . تا سالانی حەفتاكان ژمارەیەك نرخ بۆ نەوت لە ئارادابوو هەریەكەو لە خزمەتی یەكێك لەو كۆمپانیایانە بوون . لە سەرەتادا نرخی نەوت ٢ دۆلار بوو بەلام دوای دۆزینەوەی نەوت لە ئەمریكا نرخی نەوت لە دەیەی شەشەمی سە دەی نۆزدە دابەزی یە سەر ١٠ سەنت . ئەم كۆمپانیایانە هەمیشە نرخی نەوتی وولاتانی رۆژهەلاتیان بەكەمی دانابوو لە چاو نرخی نەوتی مەكسیكەوە .گومانی تێدانیە هەموو ئەم ناعەدالەتی یانەو بە تالان بردنی نەوتی وولاتانی بەرهەم هێن بوو پالی بە ژمارەیەك وولاتەوە نا رێكخراوی ئۆپك دابمەزرێنن تا نرخی نەوت لە دەست ئەو كۆمپانیایانە دەربهێنن وبیگەرێننەوە بۆ خاوەنی شەرعی خۆی ، نرخی نەوت لە مێژوودا بە چوار قۆناغ دا تێپەر بووە :-

قۆناغی یەكەم/ ئەم قۆناغە لە سەرەتای دۆزینەوەی نەوتەوە تا سەرەتای سالانی حەفتاكان درێژە دەكێشێ ، لە سیفەتەكانی ئەم قۆناغە تەواوی بازاری نەوت لە لایەن كۆمپانیا مۆنۆپۆلەكانەوە كۆنترۆڵ كرابوو٠

قۆناغی دووەم/ لە سەرەتای حەفتاكانەوە درێژەی هەیە تا سەرەتای هەشتاكان لەم قۆناغە نووزەی نارەزایی هەندێ وولاتی ئەندام لە رێكخراوی ئۆپك دەركەوت دژ بە سیاسەتەكانی كۆمپانیا نەوتی یە گەورەكان لە دانانی نرخی نەوتدا،هەر وەها پەنا بردنیان بۆ دیاری كردنی سەقفی بەرهەمی هەر وولاتێكی بەرهەم هێن ،سەرەرای ئەمانە هەندێ وولاتی خاوەن نەوت دەستیان كرد بەخۆماڵی كردنی نەوت و سامانی ولاتەكەیان لە دەست كۆمپانیا مۆنۆپۆلەكان دەرهێنا٠



قۆناغی سێ هەم ١٩٨٤-١٩٩٨ لەم قۆناغە دەسەلاتی رێكخراوی ئۆپك دای لەكزی و نرخی نەوت بە جۆرێك دابەزی كە لە ئەنجامدا جارێكی تر وولاتانی بە كاربەر (مستهلك) كۆنترۆلێ بازاریان كردەوە ٠

قوناغی كۆتایی **١٩٩٩** تا ئەمرۆ/ لەم قۆناغەدا ئۆپك زۆر لە دەسەلاتەكانی بۆ گەرایەوە وتیایدا هاوسەنگی یەك لەنێوان هێزی بەكاربەر (مستهلك) وبەرهەم هێن پەیدابوو بەجۆرێك هیچ لایەك نەتوانێت بەرژەوەندی بەرامبەرەكەی فەرامۆش بكات٠

ئەوەی زیاتر ئەم قۆناغەی هێنایە پێشەوە سەرهەلدانی گۆرانی بنەرەتی بوو لەسەر داخوازی لەسەر نەوت ،وولاتانی وەها هاتنە مەیدانەوە كە لە قۆناغەكانی پێشوودا فرۆشیاری نەوت بوون بەلام لەم قۆناغە نەوتەكەی خۆیان بەشیانی نەكردوەو ناچار دەستیان كردووە بە نەوت كرین گرنگترین ئەم وولاتانە چین وهیندە ٠

لە لایەكی تریشەوە هەموو هەولی زانایان بۆ گەیشتن بە ئەلتەرناتیڤێك بۆ نەوت ئامانجی خۆی نەپێكاوەو دەتوانین بلێین شكستی هێنا ،بۆیە روژبە رۆژ نەوت بە نرخ دەبێت وخە ریكە وەك كالاكانی تر پرانسیپی (خواستن وداواكردن)ی بەسەردا ساغ دەبێتەوە٠بەرامبەر ئەم بەرزبونەوەیەش وولاتانی بەكاربەر زۆر كۆشش دەكەن بۆ داگرتنی نرخی نەوت ئەویش لە رێگەی گوشار خستنە سەر وولاتانی بەرهەم هێن بۆزیادكردنی .

# جۆرەکانی نەوت

نەوت مادەیەکی ناهۆمۆجۆنی (غير متجانسه )یەو سرووشتەکەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆرێت . لە بازاردا دوو فاکتەری گرنگ نرخی نەوت دیاری دەکات یەکەمیان چری ( Density)یەکەی دووەمیان رێژەی گۆگرد (کبريت) تیایدا . لەسەر ئەم بناغەیە ئەنستیتۆی نەوتی ئەمەریکیAPI نەوتی دابەشی چەن جۆرێك کردووە :

١- نەوتی قورس API یەکەی لە ٢٥ پلە کەمترە وەك نەوتی کێڵگەی تاوکی لە زاخۆ کەAPI یەکەی ٢٢ پلەیە .

٢- نەوتی مام ناوەندی API یەکەی لە نێوان ٢٥ -٣٥ پلەیە وەك نەوتی کەرکوك کە API یەکەی ٣٤ پلەیە

٣- نەوتی سووك ئەوانەن کە API یەکەی لە ٣٥ پلە بە سەرەوە یە وەك نەوتی شیواشۆك وخانەقین .

لە بازاری نەوتدا زاراوەیەکی تر هەیە پێ ی دەڵێن نەوتی شیرین کە رێژەی گۆگرد تیایدا زۆر کەمە ، ئەو نەوتەی API یەکەی کەم بێتو رێژەی گۆگرد تیایدا بەرزبێت نرخی کەم دەبێت ، لە ٤٠٪ بەرهەمی نەوتی جیهانی نەوتێکی سووك و شیرینە لە ٦٠٪ یشی لە جۆری نەوتی مام ناوەندی وقوورسە .

لە بازاری بازرگانی نەوتدا چەند زاراوەیەکی گرنگی پەیوەندار بەنرخی نەوتەوە دەبینرێ کە ئەمانە گرنگترینیانن :-

١- نەوتی خاوی برنت : ئەو نەوتەیە لە هەردوو ناوچەی ( برنت و نينيان ) لە دەریای باکوور دەردەهێنرێ رۆژانە نزیکەی نیو ملێون بەرمیل بەرهەمیانە ، نەوتێکی سووك وشیرینە API یەکەی ٣٨ پلەیە و رێژەی گۆگرد تیایدا دەگاتە٠٣٧٪ .

نەوتی خاوی برنت پێوەری نرخاندنی ٣/٢ نەوتی جیهانە و هە ردەم نرخەکەی دۆلارێك لە سەرووی نرخی نەوتی وولاّتانی ئۆپیکەوەیە .

٢- نەوتی خاوی رۆژ ئاوای تکساس : نەوتێکی شیرین وسووکە API یەکەی نزیکەی ٤٠ پلەیە و رێژەی گۆگرد تیایدا دەگاتە ٠٢٤٪ نرخی لە بازاردا دۆلارێك لە سەرووی نەوتی خاووی برنتەوەیە دوو دۆلاریش لە سەرووی نەوتی ئۆپکەوەیە . لە بەر چاکی جۆرەکەی سەر چاوەی بنەرەتی بەنزینە لە ئەمەریکا .

٣- نەوتی خاوی ئۆپك : لە حەوت جۆر نەوت پێك دێت تێکەڵەیەکە لە نەوتی سووك و قورس نرخی هەمیشە لە خوار نەوتی خاوی برنت و تکساسەوەیە .

لەو رۆژەوەی بازرگانی نەوت لە ئارادایە یەکەی فرۆشتنی هەر بەرمیل بووە ، بەرمیلیش یەکەی پێوانەیی یەو یەکسانە بە ٤٢ گالۆن یان ١٥٢ لیتر .



# ئایا خۆری نەوت ئاوا دەبێت؟

هەموو توێژینەوە جیۆلۆجییەکان ئەوە ساغ دەکەنەوە کە رۆژ لە دوای رۆژ نەوتی جیهان لە کەمبوونەوەدایەو رۆژێک دادێت کە تەواو دەبێت. دیاردەی نەمانی نەوت کێشەیەکی جیهانیی گەورەیەو لە پێش کێشەی کونبوونی چینی ئۆزۆنەوەیە.

ئەو نەوتەی لە ژێر زەویدایە بڕەکەی دیاریکراوەو ناکرێت تازە ببێتەوە، بەکاربردنی مرۆڤیش بۆ نەوت رۆژ لەدوای رۆژ لە زیادبووندایە. لە ساڵی (١٩٥٠)ەوە زانای جیۆلۆجی (ماریون هابارت) پێشبینینی نەمانی نەوت دەکات. کێڵگەی (غەروار)ی نەوتیی لە سعودیە کە گەورەترین کێڵگەی جیهانە لە ساڵی ٢٠٠٣ دا گەیشتە لوتکەی بەرهەم هێنانی، وڵاتی ئەندەنوسیا کە گەورەترین بەرهەمهێنی نەوت بوو لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا بەرهەمی رۆژانەی ١,٥٢ ملیۆن بەرمیل بوو کەچی لە ساڵی ١٩٩٩ بەدواوە دابەزی تا لە ساڵی ٢٠٠٣دا گەیشتە ١,٠٧ ملیۆن بەرمیل ئەمەش وایکرد پەنا بەرێتە بەر هاوردەکردنی نەوت لە دەرەوە بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی ناوخۆ . ئێرانیش کە یەکێکە لە وڵاتە بەرهەمهێنە گەورەکانی نەوت هەمان دیاردەی بەسەردا هاتووە، کێڵگەی (ئاغا جاری) لە ساڵانی حەفتاکاندا رۆژانە ١ ملیۆن بەرمیل نەوتی خاوی بەرهەمدەهێنا کەچی ئێستا ناگاتە ٢٠٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا. کێڵگەی کەرکوک لە کۆتایی حەفتاکاندا بەرهەمی دەگەیشتە ١،٦ ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا کەچی ئێستا لە باشترین حاڵەتدا ٧٠٠ هەزار

بەرمیل تێپەڕ ناكات.
گۆڤاری (petroleum review) كە سەر بەدەزگای وزەی لەندەنییە لە ژمارەیەكی ساڵی ٢٠٠٣دا باس لە دابەزینی بەرهەمی نەوتی ١٨ وڵاتی بەرهەمهێن دەكات كە ٢٩% نەوتی جیهان بەرهەم دەهێنن، هەروەها راپۆرتەكانی كۆمپانیای (British petroleum)پەنجە بۆ وڵاتانی ئۆپێك رادەكێشن كە بەرهەمیان لە ٢٤,٧ ملیۆن بەرمیل لە ساڵی (١٩٧٧)ەوە دابەزیوەتە سەر ٢٢,١ ملیۆن بەرمیل لە كۆتایی ساڵی ٢٠٠٣دا.

لە بارەی دۆزینەوەی كێڵگەی نەوتی تازەشەوە راپۆرتەكان ئاماژە بەوە دەكەن لە ساڵی ٢٠٠٠دا ١٦ كێڵگەی نوێ دۆزراوەنەتەوە لە ساڵی ٢٠٠١دا هەشت دانە دۆزراوەنەتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٢دا سێ دانەلەساڵی ٢٠٠٣دا هیچ كێڵگەیەك نەدۆزراوەتەوە.
هەر بۆیە كۆمپانیای CIBC WORLD MARKE پێشبینیكرد لە ساڵی ٢٠١٠دا نرخی هەر بەرمیلێك نەوت بگاتە ١٠٠ دۆلار.
ئەمریكییەكان دەمێك بوو دەركیان بەم مەترسییە كردبوو هەر بۆیە لە سەردەمی (جیمی كارتەر) سەرۆكی پێشووی ئەمریكادا هەوڵدرا كەمتر متمانە بكرێتە سەر نەوت ئەڵتەرناتیڤێكی بۆ دابهێنرێت، ئەوەبوو دەستیان كرد بە داڕشتنی یەكەم سیاسەتی نەتەوەیی بۆ وزە بە بەكارهێنانی وزەی خۆر لە جیاتی نەوت بەڵام كۆمپانیا نەوتییەكانی ئەمریكا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەكانی خۆیان دژی ئەم پرۆژەیە وەستان و لە هەڵبژاردنی سەرۆكایەتیدا پیشتیوانییان لە (رۆناڵد



ریگان)ی ركابەر كردو (جیمی كارتەر)یان لە سەر حوكم لادا.
لە رۆژگاری ئەمڕۆشماندا هەڵپەكردن لە دەستبەسەراگرتنی سەرچاوەكانی وزە لەلایەن وڵاتانی زلهێزەوە لەو پەڕی گەرمیدایە، ئەمریكا ئەفغانستانی داگیركرد لەبەرئەوەی دەكەوێتە سەر شاڕێی ئەو لوولە نەوت و غازییانەی لە دەریای قەزوێنەوە دەگەنە چین و هندستان و ژاپۆن، عیراقیش كە لەسەر دەریایەك نەوت مەلە دەكات سەرچاوەیەكی چاكی وزەیە بۆ بەگەڕخستنی دەزگای شەڕی ئەمریكا لە هەڵمەتە جەنگییەكانیدا لە ناوچەی باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا. چینیش خۆی گەیاندە نیوەی خۆرهەڵاتی گۆی زەوی لە كەنەدا بۆ سوودوەركرتن لە لمی نەوتیی (الرمال النفطیة)و ١٧% ئەم لمەیان لە كۆمپانیایەكی كەنەدی كڕییەوە

# چاوپێکەوتن لەگەڵ
# بەڕێوبەری پۆلیسی نەوتی باکوور



هێزی پۆلیسی نەوت ئەو هێزەیە کە لەساڵی ١٩٥١ دامەزراوەو بەهاتنی پرۆسەی ئازادی ئەو هێزەش وەك هێزەکانی تری سەردەمی بەعس لەبەریەك هەڵوەشاو هەموو دامەزراوە نەوتیەکان کەوتنە دەست قەدەرەوە. بەڵام هەمووی چەند رۆژێکی نەبرد دووبارە درووستکرانەوەو تا رۆژی ئەمرۆمان نمونەیەکی چاکی وەفاداریو گیانبەختکردنیان نواندووە لەپێناوی پاراستنی دامەزراوە نەوتیەکان کە شادەماری ئابوری وڵاتەکەمانە.

بۆ زیاتر ووردەکاری سەردانی بەڕێز عەمید سامی ئەمین عوسمان شوانی بەڕێوەبەری پۆلیسی نەوتی باکورمان کردو ئەم چەند پرسیارەمان ئاراستەی کرد.

***ئەوقۆناغانە چین کە هێزەکانتان لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە پێیدا تێپەربوون؟**

عەمید سامی ئەمین : لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٠٣ هێزێك پێك هات کە هێزێکی عەشایەری بوو و تا مانگی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ لە کاردا بوون، کە دوای ئەو کۆمپانیایەکی ئەمریکی بەناوی (PBR)ەوە پاراستنی دامەزراوە نەوتییەکانی گرتە ئەستۆی خۆی، دواترو لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤ کۆمپانیایەکی بەریتانی تایبەت بە پاسەوانی بەناوی (ئێرنس) ئەرکەکەی وەرگرتو تا کۆتایی ئەو ساڵە بەردەوام بوو، پاشان لە رۆژی ١/ ١ /٢٠٠٥ بڕیارێکی وەزاری لەلایەن (پامر غچیان) وەزیری نەوتی ئەوساوە دەرچوو، بەپێی ئەو



بڕیارە هێزێك پێکهات بەناوی بەڕێوبەرایەتی پاراستنی دامەزراوە نەوتیەکان کە لە سێ بەڕێوبەرایەتی پێکدێت: باکوورو ناوەڕاستو باشور، بەڕێوبەری گشتیش لە بەغدا بوو، کارکردنەکەش بە گرێیەبەست بوو تا ئەوە بوو لە ٢٥ /٣/ ٢٠٠٧ فەرمانێك لەسەرۆکایەتی وەزیرانەوە دەرچوو بەناردنی ئەم هێزە بۆ سەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆی عێراق، ناوەکەشی گۆررا بۆ (پۆلیسی نەوتی باکوور) دوای ساڵێکو چەند مانگێك لە ٢٣ /١٢/ ٢٠٠٨ بڕیاردرا (٥٥٦٣) پاسەوان بکرێت بە پۆلیسی هەمیشەیی لەسەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆ بە زیادبوونی مووچەکانیانەوە لەگەڵ زامن کردنی هەموو مافێکیان.

***سنووری دەسەڵاتی جوگرافیتان لە کوێوە بۆ کوێیە؟**

عەمید سامی ئەمین : سەبارەت بە پۆلیسی نەوتی باکوور چەندین دامەزراوەی نەوتی دەکەوێتە سنورییەوە کە (٩٨) جێگەی نەوتییە لە کەرکوكو موسڵو سەڵاحەدینو ئەنبار ئەمە وێڕای پاراستنی ١٨٠کم لە لوولەی نەوتی کەرکوك ئەو بەشەی کە لە موسڵەوە دەردەچێت تا ئەگاتە سەر سنووری تورکیا، لەم شوێنەوە راستییەکتان پێ دەڵێم کە ئێمە نەبووینایە نەوتی کەرکوك دەوەستاو رەوانەی دەرەوە نەدەکرا، لەمانگی ٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٧ توانیمان چوار فەوج درووست بکەین بۆ پاراستنی ناردنە دەرەوەی نەوت ، پێش ئەو مێژووە نەوت بە سەعات دەرۆیشتە دەرەوە هەر ماوەی جارێك کاری تیرۆریستی تێدا روویدەداو رۆیشتنی نەوت رادەوەستا، ئێمە بەم کارەمان موجازەفەیەکی گەورەمان کرد چونکە ئەمریکییەکانو حکومەتی عێراق خۆیان لەم کارە بەدوور دەگرت.

***ژمارەی ئەفسەرو پۆلیسەکانتان چەند دەبن؟**

عەمید سامی ئەمین : سەرجەم ٨٢٠٠ پۆلیسن بە هەر چوار پارێزگاکانەوە (کەرکوك، موسڵ، ئەنبار، تکریت).

***کێشەی ئەو ئەفسەرانەی بەگرێبەست ماونەتەوە چی بەسەرهات؟**

عەمید سامی ئەمین : تا ئێستا لەسەد دەرگامان داوە، لە هەرێمی کوردستانو بەغدا، هەر خۆم شەش جار چوومەتە وەزارەتی ناوخۆ، لە رۆژی ١٩ /٢/ ٢٠٠٨ لیژنەیەك لە وەزارەتی ناوخۆی بەغداوە سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد، لەوێ کۆبوونەوەیەك ئەنجامدرا بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەو ئەفسەرەکەرکوکیانەی لە هەرێمی کوردستانەوە هاتوونو لە

کەرکوک دەوام دەکەن کە ژمارەیان خۆی لە ٢٠٠٠ ئەفسەر دەدات‌و چارەنووسیان نادیارە، بێگومان ئەفسەرەکانی ئێمەش لە چوار چێوەی ئەو ژمارەیەیە. لەو کۆبوونەوەیەدا کە لە شاری هەولێر بەسترا بە ئامادەبوونی لیوا جیهان لە حکومەتی مەرکەزی، لیوا بەختیارو لیوا حەمە سەعید لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، فەرماندەی پۆلیسی هەولێرو سلێمانی ،لە کۆتایی کۆبونەوەکەدا رێکەوتنێکیان ئیمزا کرد کە لە بڕگەی چواردا دەڵێت ئەفسەرەکانی هەرێمی کوردستان هەمان مامەڵەی (دمج الملیشیات) یان لە گەڵدا بکرێت، ئەم رێکەوتنەش لە ١٢ /٢ /٢٠٠٩ ئەنجامدرا، بە پێی ئەم رێکەوتنە چۆن مامەڵەی میلیشیاکانی باشووریان کردو خزێنرانە ناو سوپاو پۆلیسەوە هەمان مامەڵەش لەگەڵ ئەفسەرەکانی هەرێم بکرێت، دوای ئەم رێکەوتنە نووسراوێکمان لە بەغداوە بۆ هاتەوەو داوادەکات ئەفسەرەکان ئامادە بکرێن‌و لیژنەیەك لە بەغداوە سەردانیان دەکات.

## *ئەگەر ئەوکاتەش نەکرا هەڵوێستان چی دەبێت؟

عەمید سامی ئەمین : سەبارەت بە ئێمە ئەگەر سستیمان لەگەڵدا بکەن‌و ئەو مامەڵەی شایەنانە نەیکەن ئەوکاتە قسەو کارو ئیجرائاتی خۆمان دەبێت بۆ نموونە لەمانگی ١٢ ساڵی پار پۆلیس خۆپیشاندانی کرد بۆ چەسپاندن ئەوە بوو ئەنجامی باشی لێکەوتەوەولەپاسەوانەوە بوون بە پۆلیسی هەمیشەیی، ئێمەش وەکو ئەفسەران زۆرمان پێشمەرگەی کۆن‌و شادەماری ئابووری عێراق بە دەستی ئێمەوەیە وا لە حکومەتی مەرکەزیی دەکەین ئیجرائاتی باشمان لەگەڵدا بکات.

## *تا ئێستا هێزەکانتان چەند جار دووچاری کاری تیرۆریستی بوونەتەوەو چەند قوربانیتان هەیە؟

عەمید سامی ئەمین : تا ئێستا ٨٩ شەهیدمان داوە، سێ ڕووداوی گەورەمان بەسەر هاتووەو تیایدا ژمارەیەکی زۆر پۆلیسمان شەهید بووە یەکێکیان لە کەرکوک ٧ شەهید، لە موسڵ ١٠شەهید ، لەبێجی ١١ شەهید، بۆ وەفاداری‌و رێزگرتن لەو شەهیدانە لەو خولانەی بۆ پۆلیس دەکرێنەوە ناوی ئەو شەهیدانەی لێ دەنێین.

## *لە پاڵ هێزەکانی ئێوەوە هێزی مەدەنی هەیە بۆ پاراستنی دامەزراوە نەوتییەکان، چۆن ئەرکەکانتان دابەش کردووە؟



عەمید سامی ئەمین : بۆ ناردنە دەرەوەی نەوت لە سنوری کەرکوك تا سنوری تورکیا ٣٤٥ کیلۆمەترە لە کەرکوکەوە تا شوێنێك نزیك موسڵە پێی دەڵێن (مفرق حضر) پاراستنی لە ئەرکی سوپای عێراقدایە، بەڵام لەو خاڵەوە تا سنوری تورکیا کە درێژی یەکەی ١٨٠ کیلۆمەترە هێزەکانی پۆلیسی نەوت دەیپارێزێت.

هەرچی پاراستنی بیرە نەوتەکانە ئەرکی هێزی مەدەنی یە کە بە گرێ بەست کاردەکەن.

## *بەغداد چۆن مامەڵەتان لەگەڵدا دەکات؟

عەمید سامی ئەمین : ئێمە بەڕێوەبەرایەتیەکی تازەین‌و ماوەیەکی کەمە چووینەتە سەر وەزارەتی ناوخۆ تائێستا یەك نوێنەریان نەهاتووە، بۆ سەردانمان، لێمان بپرسن سەبارەت بە ئیش‌و کارو پێویستیەکانمان، بەدواداچوون لە بەغداوە زۆر کەمە لە ساڵی ٢٠٠٧ دەسەڵاتەکانمان زیاتر بوو لە ئێستا کاتێك پۆلیسێکمان لەسەرکار دەردەکرا دەمانتوانی یەکێکی تری لە جێگە دابمەزرێنینەوە، بەڵام ئێستا رێگە نادەن، ئەو کاتەی لەسەر وەزارەتی نەوت بووین هەموو دەسەڵاتێکمان پێدرابوو، بەڵام ئێستا وەزارەتی ناوخۆ ئەو دەسەڵاتەی لێ سەندوینەتەوە.

**__تێبینی__: بەبریارێکی کتوپری وەزارەتی ناوخۆی عێراق لە ٢٠٠٩/٩/١٩ عەمید سامی لە پۆستەکەی لابراو عەمید عەدنان کە ئەفسەرێکی عەرەبە لە جێگەی دانرا.**

# چاوپێکەوتن لەگەڵ
# بەڕێوەبەری پاڵاوگەی نەوتی کەرکوک



پاڵاوگەی نەوتی کەرکوک کە ساڵانێکی دوورو درێژە دروست کراوە بەش بە حاڵی خۆی خزمەتی دانیشتوانی شاری کردووە، بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ئیشو کارەکانی ئەو کۆمپانیایە بە چاکمان زانی سەردانی بەڕێوەبەرەکەی بکەین، کاتێك چوین بۆ سەردانی لە کۆبوونەوەدا بوو ئەگەر پێشتر جەنابی بەڕێوەبەرم نەناسیایەو هاوڕێتیم لەگەڵیدا نەبوایە ئەوا بەڕێوەبەرو کارمەندو کرێکارەکانم لێك جیا نەدەکردەوە، چونکە بەڕێوەبەریش وەك کرێکارەکانی تر لە کاتی دەوام بەدلەیەکی کارکردنی لەبەردایە.

ئەوەی زیاتر هانی دام چاوپێککەوتن لەگەڵ ئەندازیار عومەر محەمەد ساڵح بکەم ئەوەیە چەند جارێك لەشەودا تەلەفۆنم بۆی کردووە کەچی ئەو لەناو پاڵاوگەکە چاودێری کاری کردووە.



***ئەگەر بکرێت کورتەیەکی مێژوویی دامەزراندنی ئەم پاڵاوگەیەمان بۆ باس بکەی؟**

ئەندازیار عومەر: ئەم پاڵاوگەیەی ئێمە کاری تێدا دەکەین کۆنترین پاڵاوگەیە لە عێراقدا کە تا ئێستا مابێتو بەرهەمی هەبێت، ئەگەر باس لە مێژووی دامەزراندنی بکەین لەوەی کەرکوک کۆنتر هەیە وەك خانەقین بەڵام ئەوانە ئێستا نەماون، لە هەمووی سەیرتر بەم پاڵاوگە کۆنەیەو ووزەی بەرهەم هێنانمان سەد لەسەدە، لە ساڵی ١٩٧٢ ئەم پاڵاوگەیە دامەزراوە، بەڵام لە مۆدێلدا مۆدێلی چلەکانە، لە سێ یەکە (unit)پێك هاتووەو ووزەی بەرهەم هێنانی هەر یەکەیان ١٠ هەزار بەرمیلە لە رۆژێکدا.

*** ئەو بەروبوومە نەوتیانە چین کە بەرهەمی دەهێنن؟**

ئەندازیار عومەر: ئەو بەروبومانەی رۆژانە بەرهەمیدەهێنن بریتین لە:

یەکەم/ نەفتە کە مادەیەکی بنەڕەتییە لە دروستکردنی بەنزین.

دووەمیان/ گیرۆسین" واتە نەوتی سپی کە بۆ بەکارهێنانی ماڵان دەشێت.

سێهەمیانیش/ گاز، ئەوەی دەشمێنێتەوە (فیرۆیل) واتە نەوتە رەشەکە، سەبارەت بە (فیرۆیل)ەکە دەخرێتە ناو بۆری نەوتی عێراق ـ تورکیایەوە ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت.

بۆ زانیاریتان لە هەر بەرمیلێك نەوتی خاودا نزیکەی نیوەی دەبێت بە نەفتەو گیرۆسینو گاز، نیوەکەی تری نەوتی ڕەشە.

***بڕی هەریەکە لەو بەرهەمانە چەندن؟**

ئەندازیار عومەر: ١٨٪ نەفتە ، ١٩٪– ٢٠٪ گیرۆسین ، ١٤٪ گاز ، ٤٨٪ فیرۆیل ، ئەگەر ئەمانە بکرێنە ژمارە بەم چەشنە دەردەچێت ٥٤٠٠ بەرمیل نەفتە، ٦٠٠٠ بەرمیل گیرۆسین، ٤٢٠٠ بەرمیل گاز ١٠٦٠٠ بەرمیل فیرۆیل. گرنگترین خاڵ هەرچەندە کەرەستەکانی بەردەستمان زۆر کۆنن ، بەشانازییەوە مواسەفاتی بەرهەمە نەوتیەکانمان ١٠٠٪ .

***ئایا لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە گۆڕان بەسەر بەرهەمی پاڵاوگەکەتاندا هاتووە؟**

ئەندازیار عومەر: پرۆژەمان زۆرە بەڵام لە ناو ئەم (unit)ە کۆنانە بەراستی ناتوانرێ شتێکی وەها بکرێت، پرۆژەی نوێمان بریتییە لە پاڵاوگە تازەکەی کەرکوك کە لەسەر رێگای کەرکوك – دوبز بە بڕی ١٥٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا بەرهەمیەتی کە نەك تەنها بەشی کەرکوك دەکات بەڵکو بەشی شارەکان تری کوردستانیش دەکات.

* هەیکەلی ئیداریتان چۆنە؟

ئەندازیار عومەر: هەیکەلی ئیداریمان دەقاو دەق هەیکەلی ئیداری پاڵاوگەی بێجییە ، لە ڕووی خزمەت گوزاریەوە لە ڕووی دەرامەتەوە وەك یەکین، لە داهاتووشدا پاڵاوگە تازەکەی کەرکوکیش تەواو دەبێت هەمان هەیکەلی ئیداری دەبێت.

***بەرهەمەکانتان ڕەوانەی کوێ دەکەن؟**

ئەندازیار عومەر: تاقە شوێنێك کە بەرهەمەکانمانی بۆ دەنێرین گەنجینەی یەکی حوزەیرانە (مستودع ١ حزیران) کە بە بۆڕی ئەنجام دەدرێت. کاتێك من پۆستی بەڕێوەبەری ئەم پاڵاوگەیەم گرتە دەست هیچ ژمێرەرێکی (عداد ) تێدا نەبوو، نەوت بە فیڕۆ دەڕۆیشت، بەڵام من لە ڕێگەی سەرووی خۆمەوە داوای (عداد)م کرد، ئێستا بۆ هەر جۆرە بەروبومێك (عداد)ی خۆیم بۆ داناوە.

*** پاڵاوگە تازەکەتان گەیشتۆتە کوێ؟**

ئەندازیار عومەر: پاڵاوگە تازەکە چەند هەنگاوێك چووەتە پێشەوە، بەڵام ئیشو هەوڵی دەوێت، ئێستا لە وەزارەتی نەوت بەرنامەی سێ پاڵاوگەیان بەدەستەوەیە کەرکوك – میسان– ناسریە، ئەوەی کەرکوك – میسان هەریەکەیان ١٥٠ هەزار بەرمیلە لە رۆژێکدا، ئەوەی ناسریەش ٣٠٠ هەزار بەرمیلە لە رۆژێکدا. پاڵاوگەی کەرکوك پێشتر هەندێ کێشەی بۆ دروست کرا کە دواتر بە یارمەتی دڵسۆزان لە شارەکە چارەسەرکرا، دوا هەنگاویش کە نرا بێت ئەوەیە ئەرکی دروست کردنی پاڵاوگەکە بە کۆمپانیایەکی ئەمەریکی سپێردراوە، ئێستا لەسەر وەزارەت ماوە هەنگاوەکانی تر بنێت .

*** تا چ رادەیەك ئیدارەی کەرکوك هاوکاریتان دەکات؟**



ئەندازیار عومەر: ئەم پرسیارە زۆر قورسە چونکە ئەوەی من دەمەوێتو ئاواتی منە لە هیچ لایەنێکەوە نەکراوە، حەز دەکەم هەموو لایەنێك هاوکارمان بێ بۆ خزمەت کردنی ئەم شارە خۆشەویستە.

*** ژمارەی کارمەندەکانتان چەندە؟**

ئەندازیار عومەر: لە راستیدا کارمەندمان زۆر کەمەو لە ٣٠٠ کارمەند کەمترە، کەچی پاڵاوگەی نەجەف لەوەی ئێمە بەرهەمی کەمترەو قەبارەیشی بچوکترە کەچی ژمارەی کارمەنەکانی ٨٠٠ کەسە.

# چاوپێکەوتن لەگەڵ
# بەڕێوەبەری کۆمپانیای هەڵکەندنی باکوور:



کۆمپانیای هەڵکەندنی باکوور بۆ بیست ساڵ دەچێت ئەرکی هەڵکەندنی بیرە نەوتەکانی کۆمپانیای نەوتی باکووری گرتووەتە ئەستۆو ژمارەیەکی زۆر ئەندازیارو کرێکار لەو کۆمپانیایە کاردەکەن، لەبەر گرنگی ئەرکی ئەو کۆمپانیایە سەردانی (کازم خەنجەر) بەڕێوەبەری کۆمپانیاکەمان کردوچەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد.

**پ/ ئایا دەکرێت کورتەیەکی مێژوویی سەبارە ت بە کۆمپانیاکەتان بخەنە ڕوو؟**

و/ کۆمپانیاکەمان لە ساڵی ١٩٩٠ دامەزراوە لە دوو لق پێك دێت، لقی باشوورو باکوور ئەوی یەکەمیان ئەرکی هەڵکەندنی بیرە نەوتەکانی بەشی باشوری عێراق لە ئەستۆ دەگرێت، هەرچی لقی باکوورە کە لقەکەی ئێمەیە ئەرکی هەڵکەندنی بیرەکانی باکووری عێراق جێ بەجێ دەکات، بەڕێوەبەری گشتیش لەبەغدا کارەکان بەڕێوە دەبات، لە



ساڵی ٢٠٠٩دا دوای بەرفراوان بوونی کارەکان گۆڕاو بۆ دەستە (هیئە)و عێراق کرایە پێنج دەستەوە کە ئێمە (دەستەی عەمەلیاتی دوو) پێك دەهێنین.

**پ/ پێش ساڵی ١٩٩٠ کە کۆمپانیاکەتان هێشتا دانەمەزرابوو کێ بیرە نەوتەکانی هەڵدەکەند؟**

و/ پێش ئەو مێژووە بەشی هەڵکەندن (قسم الحفر) لە کۆمپانیای نەوتی باکوور خۆیان ئەو ئەرکەیان جێ بەجێ دەکرد.

**پ/ژمارەی کارمەندەکانتان چەند دەبن؟**

و/زیاتر لە ١٦٠٠ کارمەند.

**پ/ ژمارەی ئەو تاوەرانەی لە کاردان چەندن؟**

و/ تاوەرە کۆنەکان ژمارەیان ٧ دانەیە، تاوەرە تازەکانیش کە لە ئیتاڵیاوە بۆمان هاتووە ژمارەیان دووانە یەکەمیان لە ١٧-١٢-٢٠٠٩ گەیشتە دەستمان ئەوی تریشیان لە سەرەتای مانگی نیسانی ئەمساڵ(٢٠١٠) وەرمان گرتوە، بەڵام ئەوەی بۆ سەرانسەری عێراق هاوردەکراوە ٢٤ تاوەرە نرخی هەر یەکێکیان٢٥ملیۆن دۆلارە.

**پ/ سنوری کارکردنتان کوێ دەگرێتەوە؟**

و/ لە شاری بەغداوە تا هەموو ناوچەکانی باکوور دەگرێتەوە.

**پ/ شێوەی کارکردنتان لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی باکوور چۆنە؟**

و/ کۆمپانیاکەمان کۆمپانیایەکی فیدراڵیە بە شێوەیە ڕۆژانە کاردەکەین ڕۆژانەی تاوەرەکانمان ٢٥ ملیۆن دینارەو هێنانی کەرەسەکانی تری وەك بۆریو ناوپۆش کردن (CASING)و کەرەسەکانی تر لەسەر ئێمە نیە، ئەرکی ئێمە تەنها هەڵکەندنە.

پلانی ئەمساڵیشمان(٢٠١٠)هەڵکەندنی ٢٥ بیرە بۆ کۆمپانیای نەوتی باکوور بە بڕی ٥٠ ملیار دینار لە کێڵگە کانی بای حسنو خەبازو عەجیلو جەمبور.

هەر بیرێکیش نزیکەی ٧٥٠ ملیۆن دیناری تێدەچێت.

**پ/ ئەگەر حکومەتی هەرێم داوای هەڵکەندنی بیرتان لێ بکات جێ بەجێ ی دەکەن؟**

و/ بەڵێ هەر بۆ ئەو مەبەستە کۆمپانیاکەمان نوسینگەیەکی لە شاری هەولێر کردووەتەوە.

# چاوپێکەوتن لەگەڵ
# چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوبەری گشتی
# کۆمپانیای غازی باکوور



کۆمپانیای غازی باکوور یەکێکە لە هەرە کرنگترین ئەو کۆمپانیانەی لەشاری کەرکوکدان و بزوێنەری زۆربەی زۆری کارگەکانی شارەکەو شارەکانی تری باکووری عێراقە،لەبەر ئەم گرنگیە سەردانی ئەندازیار (هونەر نەجیب)بەڕێوبەری گشتی کۆمپانیای غازی باکورمان کردو ئەم دیدارەمان لەگەڵیدا ساز کرد

**١ ) سەرەتا کورتەیەکی مێژوویی کۆمپانیەکەتا نمان بۆباس بکە؟**

وەلاّم   بۆیەکەم جار حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٥٤ بیری لەوەکردەوە سوود لەو غازە وەربگیرێ کە شان بە شانی نەوت دەردەچێت و پێ ی دەووترێ(الغاز المصاحب– associated gas)



بۆ ئەم مەبەستە لەساڵی ١٩٦٦ لە کەرکوك کارگەیەکیان بەناوی(کارگەی گۆگرد– معمل کبريت) کردەوەو دەکەوتە سەر ڕێگەی دوبز لەتوانایدا بوو ڕۆژانە ٨٣ ملیۆن مەترە سێ جا غاز بەرهەم بهێنێ. .سەبارەت بە کۆمپانیای غازی باکووریش لە ساڵی ١٩٧٦ دیزانیەکەی دەستی پێ کرد ، لە ساڵی ١٩٨٠ بیناکەی دروست کرا لە ئەیلولی ساڵی ١٩٨٣کەوتە کار .

**٢ )ژمارەی کارمەندەکانتان چەند دەبێ ؟**

وەلاّم : حاڵی حازر نزیکەی ٢١٥٠ کارمەند دەبین هەروەها٥٠٠ –٦٠٠ کارمەندی کاتیمان هەیە .

**٣ )هەیکەلی ئیداریتان چۆنە ؟**

وەلاّم:هەیکەلی ئیداریمان ستوونی یەو لە١٦بەش (قسم) پێك هاتووەو پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە بەڕێوبەری گشتی یەوە هەیە ،هەر بەشێکیش لەچەند هۆبە (شعبە) یەك پێك هاتووە

**٤ )میکانزمی کارکردنتان چۆنەو لەکوێوە غازتان بۆ دێت ؟**

وەلاّم :لە هەموو کێڵگە نەوتی یەکانی کۆمپانیای نەوتی باکوورەوە

(کەرکوك ،خەباز ، بای حەسەن ، جەمبور ) نەوتی خاو ڕەوانەی وێستگەکانی دابرین(محطة العزل–degasing station)

دەکرێت بۆ دابرینی غاز لە نەوتە خاوەکە ،لەوێوە دەنێردرێتە وێستگەی کەپس کردن کەژمارەیان ١٠وێستگەیە ئەوانیش ڕەوانەی ئێمە واتە کۆمپانیای غازی باکوری دەکەن .

**٥ ) ئەو مادانەی بەرهەمی دەهێنن چین ؟**

وەلاّم: ماددە بەرهەم هێنراوەکانمان بریتین لە یەکەم گۆگرد (کبریت) ئەویش بە گۆڕینی غازی $H_2S$ بۆ گۆگرد ،ڕۆژانە ٤٠٠ تەن بەرهەم دەهێنین بەلاّم توانای کارگە ١٥٠٠ تەنە، دووەم پرۆپان و بیوتان کەبە تێکەڵ کردنیان غازی ماڵان دروست دەبێت،سێ هەم/ غازی میپان و ئیپان کە بە(DRY GAS ) ناسراوەبەکار دەهێنرێ بۆ مەبەستی سووتەمەنی پیشەسازی و کارگە و وێستگەکانی کارەبای پێ ئیش پێ دەکرێت .هەرلەموسڵەوە تاوەکو بەغدا هەرچی کارگە هەیە بەو غازەی ئێمە بەرهەمی دەهێنین کاردەکات ،تەنها هەرێمی کوردستان نەبێت سوود لەو غازە نابینن .چوارەم

/بەنزینی سروشتیNATURAL GASOLINE کەرێژەکەی 2% ، ئێستا بیرۆکەیەك لە ئارادایەو بەنیازین بیگۆڕین بۆ بەنزینی ئاسایی و پێویستی شاری کەرکوکی پێ دابین بکەین . حاڵی حازر یان دەیدەینە پالاۆگەی بیجی یان ئەوەتا تێکەڵ بە نەوتی هەناردەکراو دەکرێت و رەوانەی دەرەوە دەکرێت

**٦ ) بری بەرهەمی غازو گۆگردتان چۆنە ؟**

وەلاّم : رۆژانە ٤٠٠ — ٤٢٠ ملیۆن پێ سێ جا غازمان پێدەگات دوای شی کردنەوە ئەمانەی لێ بەرهەم دەهێنین

ا— ٣٥٠ ملیۆن پێ سێ جا غازی میپان و ئیپان

ب— ١٤٠٠ تەن غازی ماڵان

ج— ٨٠٠ مەترە سێ جا بەنزینی سروشتی

د— ٤٠٠ تەن گۆگرد

**٧ ) هەندێ جار کێشەی کەمی غازی ماڵان روو دەدات ؟ هۆی چی یە ؟**

وەلاّم: ئەوە لە رابردوو وەها بوو ، ئێستا کۆمپانیای بەرهەمە نەوتی یەکان لەبەر پڕی تانکی یەکانیان رۆژ وا هەیە هیچمان لێوەرناگرن یان برێکی کەم وەردەگرن ئەمە لەکاتێکدا بۆیان هەیە رۆژانە (٢٥٠) تەن زیاتر ببەن .لەم روانگەیەوە بە چاکی ئەزانم هاوولاّتیان لە وەرزی زستاندا متمانە بکە نەسەر غاز بۆ گەرم کردنەوەی ماڵەکانیان .

**٨ ) ئایا پرۆژەتان هەیە بۆ گەیاندنی غاز بە بۆری بۆ ماڵان ؟**

وەلاّم : من دژی ئەو پرۆژەیەم چونکە کارێکی وەها لە پێشدا پێویستی بە ئامادەکردنی خەڵکی هەیە و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری یان بۆ راهێنانیان لەگەڵ پرۆژەیەکی وەها دا. ئەگەر پرۆژەیەکی وەها جێبەجێبکرێت نابێت کەس لەخۆیەوە یەك بست زەوی هەڵبکەنێت چونکە دوورنیە بەربۆری غاز بکەوێت و بتەقێتەوە ، خۆت ئەزانی لەم ولاّتەی ئێمە خەڵکی بەئارەزووی خۆی چاڵ هەڵدەکەنێت و بیر لێدەدات . دەکرێت سەرەتا بە ناوچە نیشتە جێبوە تازەکان تاقی بکرێتەوە ئە گەر سەرکەوتوو بوو ئەوا بهێنرێتە ناوچەکانی تریشەوە ، بۆ نموونە ئەو کۆمەڵگە نوێیانەی لە هەولێرو سلێمانی دروست دەکرێن.



# فراوان بوونی بەرژەوەندییە نەوتییەکانی چین لە دەرەوەی وولاّت

لە سەدەی رابردوو دا کەباس لە ولاّتی چین دەکرا تەنها باس لە ژمارەی زۆری دانشتوانە کەی دەکراو وەك وولاّتیکی کشتوکاڵی وەسفدەکرا بێ ئەوەی پەنجە بۆ کەرتی پیشە سازی درێژ بکرێت. بەلاّم دوای کرانەوەی بە رووی جیهانی دەرەوەداو شکاندنی ئەو قاوغەی کەحوکمی کۆمۆنیستی ماوتسی تۆنگ بۆی دروست کرد بوو رۆژ لە دوای رۆژلە پیشکەوتن وپەلها ویشتن بوو لە هەموو بوارەکاندا بەجۆرێك وای لێها تووە لەنێو وولاّتە پیشە سازی یە پیشکەوتووەکاندا حیسابی بۆدەکرێت.لەبواری نەوتدا زۆر چووەتە پێشە وەو هەنگاوی گەورەی ناوە، ئەوەتا بەرژەوەندی یەکانی خوی گەیاندووەتە ئەمریکای لاتین وسەری پردێکی بۆ چوونە ئەو کیشوەرەوە دۆزیوەتەوە.کومپانیای وەبەرهێنانی نەوتی چینی لە دەرەوە کە گەورەترین کومپانیای دۆزینەوەی چینی یە لە دەرەوەی وولاّت توانیویەتی٥٠٪ی پیشکەکانی گروپی(برایدس)بۆ نەوت وغازیئەرجەنتینی بەبری٣,١ ملیار دۆلار بکرێت..گروپی(برایدس)ی ئەرجەنتینی خاوەنی٦٣٦ ملیۆن بەرمیل نەوتی یەدەکە لەگەڵ بوونی لقی بەرهەم هێنان لەوولاتانی ئەرجەنتین وبۆلیڤیاوشیلی.

(نیل بیڤیردج)گەورە لێکۆلەرەوەی نەوتی دەلێت(ئەوپرۆتوکۆلە(صفقه) بۆچین زۆر گرنگە چونکە ئە یکاتە خاوەن یەدەکێکی نەوتی مەزن وێرای بەرهەم هێنان)،واش بریارە پێش هاتنی مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ پرۆتۆکۆلەکە ئیمزا بکریت وکۆتایی پێبێت.

چین پێش ئەمەریکای لاتین توانیبووی لە کیشوەری ئاسیاش روڵی بەرچاوی خوی ببینێ بەتایبەت لە ئێران،لەسالی ٢٠٠٤ پرۆتۆکۆلێکی هەناردەکردنی غازی سروشتی بو ماوەی٢٥ ساڵ لە گەڵ ئیران ئیمزا کرد ،سالی٢٠٠٥ یش گرێبە ستیکی بەبری یەك ملیار دۆلار بو هەناردەکردنی نەوتی کێلگەی(یاباران)ی ئیرانی ئیمزا کرد،لەسەرەتای سالی٢٠٠٩ شدا گرێبە ستێکی بەبری ١,٧ ملیار دۆلار بوپەرەپێدانی کێلگەی باکووری(ئەزدەگان) ئیمزا کرد،دوای چەند مانگیك گرێبە ستیکی تری بە بری ٥,٢ ملیار دۆلار بوپەرەپێدانی کیلگەی (بارس)بو غازی سروشتی ئیمزا کرد ،بەرامبەر ئەمانەش چین نەوتی پالاّوتە کراو بە ئێران دەفرۆشێتەوە.

ئەفریقیاش یە کێکی ترە لەو کیشوەرانەی کە چین توانیویەتی جێپێی خۆی تێدابکاتەوە، لە سودان کۆنترۆڵی چەندین کێلگەی‌نەوتی کردووەو بری پارەی وەبەرهێنراوی لەو وولاتە دەگاتە ٤ملیار دۆلار. چاو دێران کۆکن لەسەرئەوەی چین ٣٠٪ی پێوستی یەکانی لە نەوتی خاو لە ئەفریقیاوە هاوەردەکات ، هەروەها توانیویەتی زۆر زیرەکانە بەرامبەر واشنتون یاری بە کارتەکانی خۆی بکات، کرنگترینیان بەکارهێنانی چەکی قەرز پێدانە بەبێ سوود کەئەمە یارمەتی زۆر دەوڵەتی رەش پێستی داوە دوورکەونەوە لە قەرز وەرگرتن لە سندوقی دراوی نێو دەولەتی وئەومەرجە قورسانەی دەیسەپێنن.

(ئەیان بریمەر)گەورەتوێژەرەوە لەپەیمانگای سیاسەتی نێودەوڵەتی لە وتارێکیدا رایگەیاند پێوستی بەردەوامی چین بۆ گەنجینەیەکی جێگیر لەنەوت وکەرەسەی خاو پاڵی پێوە ناوە بچێتە قولاّیی ناوچەکانی جیهانەوە ئەوشوێنانەی کە پێشتر لە ژێر دەسەلاّتی واشنتۆندا بوو.

(جۆزیف لیبرمان) سیناتۆری ئەمەریکی هۆشداری دا کەئەم کێبرکێ توندەی ئەمەریکای وچین لەسەر ووزە دوورنیە گەورەترین مەترسی دروست بکات وسەرە نجام رووبەرووی یەك ببنەوە.



# گرنگی نەوت لە دارشتنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکادا

لێکۆڵەرەوانی سیاسی گەیشتونەتە ئەو راستیەی کە داڕشتنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە ڕووی پراکتیکیەوە بە کەسێك یان چینێك یان توێژێکی کۆمەڵایەتی ئەنجام نادرێت بەڵکو کۆمەڵێك کەسانو شارەزاو چینو توێژ بەشداری تێدا دەکەن، لەبەر فرە جۆری بەرژەوەندی یەکانی ئەمریکاو بڵاوبونەوەیان بەهەموو سوچ و کەلەبەرێکی جیهاندا وا پێویست دەکات پلانێکی ستراتیجی بەرفراوان دابرێژن کە بەرژەوەندی یەکانی ئەمریکا بەتایبەت بەرژوەندی یە زیندوەکانی بپارێزن، نەوتیش لە سەرووی بەرژەوەندی زیندوەکانەو یەکێکە لە کۆڵەکە گرنگەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا.

نەوت شا دەماری ژیانی ئەمریکایەو رۆژانە ٢٠٪ی نەوتی هەناردەکراوی جیهان بەکار دەهێنن، بە برینی ئەو شادەمارەش ژیان لە وڵاتەدا دەوەستێت، (جۆزێف تای) کە یەکێك بوو لە گەورە بەرپرسانی ئیدارەی سەرۆك کلینتۆن لە ووتەیەکیدا باس لە بایەخی نەوت دەکاتو دەڵێت (ئەگەر بەرژوەندی یەکانی ئەمەریکا بە هەرچەشنێك بکەوێتە مەترسی یەوە ئەوا هیچ دوو دڵ نین لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی) . بە چاو گێڕانێك بە مێژووی هاوچەرخداو زیاتر دوای جەنگی دووەمی جیهانی تێبینی دەکەین نەوت لە هەموو شتێك زیاتر بایەخی لای ئەمەریکا پەیدا کردووە بەتایبەت دوای ئەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران بوو بە رکابەری سەرەکی بۆی.

لە ساڵی ١٩٤٥ بە دواوە ئەمەریکا رۆژانە برێکی زۆری نەوتی لە کەنداو دەکری، لەبەرامبەریشدا ترسی لێ نیشتبوو یەکێتی سۆڤیەت کۆنترۆڵی ناوچەکە بکات، هەر لەبەر ئەو هۆیە ئەمەریکا جێ پێیەکی سەربازی خۆی لە ناوچەکەدا کردەوەو ویستی هەریەك لە عێراقو سعودیەو ئێرانو وڵاتە بەرهەم هێنەکانی تری نەوت لە ژێر چەتری هاوپەیمانی رۆژئاوادا کۆ بکاتەوە.

له ساڵی ١٩٥٧یش (ئایز نهاوەر) سەرۆکی ئەوسای ئەمەریکا (پرانسیبی ئایز نهاوەر)ی دەرکرد کە لە ڕوویەکیەوە هەوڵدان بوو بۆ پشتگیری کردنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکاو بەرژەوەندی یە نەوتی یەکانی لە ناوچەکە.

لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ هەریەك لە عێراقو سوریاو میسر چوونەیەك سەنگەری هاوبەشی دژ بە بەرژەوەندی یەکانی ڕۆژئاوا، ئەمەش ئەمەریکای ناچار کرد پەیماننامەی (CENTO) ئاشکرا بکات بە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندی یە ستراتیجیو ئابوری یەکانی کە نەوت کۆڵەکەی سەرەکیەتی.

لە ساڵی ١٩٧٣ کە شەری ئۆکتۆبەری نێوان ئیسرائیلو عەرەب هەڵگیرسا وڵاتانی عەرەب نەوتیان لە گشت ئەو وڵاتانە بڕی کە یارمەتی ئیسرائیلیان دابوو، بۆیە ئەم کارەساتە بووە شۆکێك بۆ ئەمەریکاو کاریگەری خۆی لەسەر بوونی پەیوەندی لە نێوان نەوتو ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا بەجێهێشت.

هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێرانیش بە دووەم شۆکی گەورەی نەوتی دەژمێردرێو وای لە کارتەری سەرۆکی ئەمەریکا کرد بە ئاشکرا بڵێت :- (هەڵوێستمان ڕوونەو هەر هێزێکی دەرەکی هەوڵبدات کۆنترۆڵی کەنداوی فارسی بکات ئەوا بە هەڕەشەی بۆ سەر ئەمەریکا لە قەڵەم دەدەینو هەموو ئامرازێکی پێویستیش بەکاردەهێنین بۆ بەرپەچ دانەوەی لەوانە هێزی سەربازی).

لە ماوەی شەری هەشت ساڵەی عێراقو ئێراندا ١٩٨٠- ١٩٨٨ ئەو کاتەی ئێران پەلاماری هەموو پاپۆڕێکی نەوت هەڵگری کوێتو سعودیەی دەدا ئەمەریکا ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر بەرزکردنەوەی ئاڵای ئەمەریکا لەسەر پاپۆرە نەوت هەڵگرەکانی کوێت.

داگیرکردنی کوێتیش لەلایەن عێراقەوە لە ساڵی ١٩٩١ دیسانەوە بەلای ئەمەریکا بەهەرەشەی ژمارد چونکە ترسی ئەوەی لێ نیشتبوو عێراق وەکو هێزێکی ئیقلیمی دەربکەوێتو جڵەوی بڕیارە نەوتی یەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە کە دواتر رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر نرخی نەوت لەبەر ئەوەی ناوچەی کەنداو



سەرچاوەیەکی سەرەکی نەوتە لە جیهاندا، ئەوەبوو ئەمەیکا دەست بەجێ خۆی تێ هەڵقورتاندو بە پرۆسەی گەردەلولی بیابان عێراقی لە کوێت دەرپەڕاندو پەروباڵی کرد.

لەم چەند دێرەی سەرەوە دەگەینە ئەو راستیەی هیچ کانزایەك لە جیهاندا وەکو نەوت کاریگەری بۆ سەر سیاسەتی نێو دەوڵەتی نەبووە، هیچ کانزایەکیش وەکو نەوت نەبووە بە مایەی سەر ئێشەو دڵ ئێشەو چەوساندنەوەو داگیرکردن بۆ خاوەنەکەی.

چاپخانەی ( شەهید ئازاد هەورامی ) کەرکوك ٢٠١١
زەنجیرە ( ٩٦ )